WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (304) دووشەممە 2014/4/7 18ی نەورۆزی 2714 (750) دینار

یەکێتی هۆشداری دەداتە بەرهەم ساڵح:

## مافی ئەوەت نابێ باسی بەڕێوەبردنی یەکێتی بکەی

**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دوا هۆشدارییان داوەتە بەرهەم ساڵح، جێگری دووەمی سکرتێری یەکێتی کە نایەوێ لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا دەربکەوێ.

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ئاشکرای کرد کە بەرهەم ساڵح داوایەکی دیکەی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدی بۆ سەرپەرشتیکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن ڕەتکردووەتەوە.

(ڕووداو) زانیویەتی کە شۆڕش ئیسماعیل، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە کۆبوونەوەیەکدا گوتبووی بەرهەم ساڵحیان تێگەیاندووە لەوەی ئەگەر بەشداری نەکات لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، ئیدی مافی ئەوەی نییە دوای هەڵبژاردن باسی بەڕێوەبردنی یەکێتی بکات.

سەرچاوەیەکی نزیک لە بەرهەم ساڵح گەیشتنی ئەم پەیامانەی پشتڕاستکردەوە و بە (ڕووداو)ی گوت "نەک تەنیا کاک شۆڕش، بەڵکو هەندێ کەسی دیکەش ئەو قسەیان پێگەیاندووە".

ڕۆژی 2014/4/2 شاناز ئیبراهیم ئەحمەد، لە کوردستانی نوێی زمانحاڵی یەکێتییەوە لە وتارێکدا نووسیبووی "ئەگەر هەندێک نەهاتنە پێشەوە، ئەوا دەبێ بزانن کە بۆیان نییە سبەینێ دەستە چەورەکەی خۆیان بەسەری کەسانی تردا بسڕنو ئەبێ هەر خۆیان باجی هەموو نەهامەتییەکان بدەن".

« 6



د.عەلی قەرەداغی:

### سەرقاڵی نێوبژیوانی نێوان سعودیە و قەتەر و ئیماراتم

9

لەتیف ڕەشید:

### مام جەلال لە هەندێ ڕووەوە مام جەلالەکەی جارانە

4

### هەڵبژاردنی ئەمجارە بێ حیزبی قەنەفەیە

7

پارتی: بەبێ یەکێتیش حکومەت پێکدێنین و چیدی چاوەڕێ ناکەین

# بەپێی پێشنیازێکی پارتی یەکێتی دەبێتە ئۆپۆزیسیۆن

« 3






ڕووداو
راپۆرتە هەواڵ
ژمارە (304) دووشەممە 2014/4/7

## مەلایەک لە فرۆکەخانە دەستگیردەکرێ

ئەمرۆ محەممەد – هەولێر

مەلا خالیس مەولود تۆفیق، پێشنوێژ و گوتارخوێنی مزگەوتی گەڕەکی مامزاوەی شاری هەولێر، لە کاتی گەڕانەوەی لە عەمرە لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر دەستگیرکراوە و 12 رۆژە لە بەندیخانەی محەتەیە. مەلا موخلیس کاوانی برای مەلا خالیس بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند "مەلا خالیس لە ساڵی 2000 بووەتە پۆلیس، بەڵام 5 رۆژ دواتر دەستی لەکارکێشاوەتەوە، ئەوکات نەیزانیووە تاوەکو دەستلەکارکشانەوەی پەسەند نەکرێت، نابێت کارەکەی بەجێبهێڵێت، بەوهۆیەوە لە ساڵی 2001 بە غیابی سزای سێ مانگ زیندانی بۆ دەرچووە و ئێستا لەسەر ئەوە دەستگیراوە".



لە سەیرو سەمەرەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن:

# بەفەرمانی پێغەمبەر خۆیان هەڵدەبژێرن
















## مۆبایلیان داناخەن و ژمارەیان ناگۆڕن

ساڵح قادر
رووداو – هەولێر

لەسەر پۆستەری کاندیدەکانی هەردوو هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، جگە لە بەڵێنی زۆر و گەورە کە هەندێک خەڵک هەرزوو ئەو بەڵێنانەیان بە "درۆی نیسان" وەسفکرد، شتی سەیر و سەمەرەش دەبینرێن. وەکو دانانی دوو وێنە لەسەر یەک پۆستەر. پاشناوی سەیر و پۆستەری بێ وێنەی کاندید و قسەکردن بەناوی پێغەمبەری ئیسلام و بەڵێنی دانەخستنی مۆبایل و ژمارە نەگۆڕین دوای دەرچوون و ...هتد.

### کامیان کاندیدن؟

لە بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەمجارەدا دیاردەیەکی نوێ بەرچاو دەکەوێت، ئەویش دانانی وێنەی خەڵکی دیکەیە لەگەڵ وێنەی کاندید. ئەو حاڵەتەش لە نێو لیستەکانی بەغدا زیاتر بەرچاوە، بە تایبەتی کاندیدەکانی ئەیاد عەللاوی و ئیبراهیم جەعفەری کە وێنەی ئەو دوو سەرکردەیەیان لەگەڵ وێنەی خۆیان داناوە لەسەر پۆستەرەکانیان.

بەڵام لە هەموان سەیرتر کاندیدێکی پارتییە لە شاری کەرکووک بەناوی سەلاحەددین فەخرەدین زەندی کە وێنەی لەگەڵ کەسایەتیەکی بنەماڵەکەی گرتووە و کردوویەتی بە پۆستەر. پۆستەری ئەو کاندیدە بووە جێی سەرسوڕمانی خەڵک و لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوە هەندێ کەس پرسیویانە "ئەرێ کامیان کاندیدەکەن؟".

سێ کاندیدی یەکێتی نیشتمانیش وێنەی منداڵەکانی خۆشیان لە پۆستەرەکان داوە: ڕێبینی خوێندنکاران، کاندیدی یەکێتی بۆ ئەنجومەنی پارێزگا و دادە هاژە شێخ حەسەن نۆدێی، بۆ ئەنجومەنی نوێنەران. دکتۆر بەحری حەسەن خۆشناویش کە کاندیدی یەکێتییە بۆ پەرلەمانی عێراق، جگە لە وێنەی دوو منداڵەکەی، تۆپێکیشی بەدەستەوە گرتووە.

### UNیش کاندیدە

زۆربەی کاندیدەکانی یەکێتی بەتایبەتی لە پارێزگای سلێمانی پاشناوی سەیریان هەیە کە زیاتر پەیوەندی بە پیشەکەیانەوە هەیە. لەوانە: جەزای ساز کە وێنەیەکی بە ئامێری سازەکەیەوە داناوەو زیاتر بە ئەندامی کامگاران دەچێ. دارا حەسەن، بەڕێوەبەری کەشناسیی سلێمانی کە لە سلێمانی بە "پیاوی بارانەکە" ناسراوە، وێنەی پەڵە هەورێک و بروسکەیەکی لەسەر دەستی خۆی داناوە، وەک ئەوەی بڵێت: "ئەی جوتیارینە ئەگەر دەنگم پێبدەن بارانتان بۆ دەبارێنم".

لە نێو کاندیدەکانی یەکێتیدا پاشناوی دیکەش دەبینرێن کە جێی سەرسوڕمانن، لەوانە: بەسۆزی دۆستی ژینگە، ڕێبینی خوێندکاران، شێخ تەهای UN، پشتیوانی خانەنشین، ڕووناک بۆمبا، دڵشادی بەیتەرە، لەیلای ژنان، شادانی بەڕێوەبەری ئەنفالکراوان!. شکۆفەی ژینگە، سەفین حوسێن بلۆک و جوامێری پێشمەرگە دێرینەکان.

لەنێو لیستی پارتی دیموکراتی کوردستانیشدا ئەو جۆرە کاندیدانە هەن، بۆ نموونە جوان مەهدی عابد، کە کاندیدە بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، خۆی بە "جوانی بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆی سەلاحەددین" ناساندووە.

### پۆستەری بێ کاندید

کاندیدێکی پارتی بۆ ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر بەناوی نەسرین سابیر بڵباس، هیچ وێنەیەک لەسەر پۆستەرەکانی نییە. رۆژنامەنووسێک لە کۆمێنتێکدا لە فەیسبووک نووسیبووی "پێدەچێت ئەم خوشکە سەلەفی بێت و حەز نەکات وێنەی بڵاوبکاتەوە".

هەروەها کاندیدێکی لیستەکەی مالیکیش بۆ پەرلەمان بەناوی نەوال ساد تەقی ئەلئەعرەجی، پۆستەرەکانی بێ وێنەن.

هەر لە لیستەکەی سەرۆک وەزیراندا کاندیدێک بەناوی خەولە مەنفا جەودە (دایکی عەلی) لە جیاتی وێنەی خۆی وێنەی براکەی داناوە و نووسیویشیەتی کە من خوشکی حاجی فلانم.

### شەهیدان و ئەنفالکراوانیش دەنگ دەدەن

پەلەکردن لە بانگەشەی هەڵبژاردن، یان نەشارەزایی لە زمان، لیست و قەوارەکانی خستووەتە هەڵەی گەورەوە، بەو هۆیەشەوە بوونەتە مایەی نوکتە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان فلێکسێکی هەڵواسیوە کە تێیدا نووسراوە "هەوڵدەدەین بۆ باشترکردنی باری گوزەرانی شەهید و ئەنفال". دیارە مەبەستیان کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوانە.

هەروەها کاندیدێکی بزووتنەوەی گۆڕانیش بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بەناوی گوڵاڵە سدیق کە بە قسەی خۆی شارەزایی هەیە لە بواری دارایی و بانک، لەجیاتی "دارایی" نووسیویەتی "دارای". لەڕووی زمانەوانییەوە نزیکەی 90%ی کاندیدی سەرجەم لیستەکان حاڵیان شڕە. زۆربەیان ناوی خۆیان بە کوردی نووسیوە و هی باوکیان بە عەرەبی، یان بە پێچەوانەوە.

### مۆبایل داناخەن و ژمارەکەیان ناگۆڕن

پێدەچێت هەندێک لە کاندیدەکان زۆریان گلەیی و گازاندە بیستبێت لەبارەی وەڵامنەدانەوەی تەلەفۆنی بەرپرسان و پەرلەمانتاران. ئەوان دەیانەوێت بە توانجدان لەوانەی پێشووی خۆیان، سۆزی خەڵک بۆ خۆیان رابکێشن.

بەشارەت ڕەزا، کە لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان خۆی کاندید کردووە، لەسەر پۆستەرەکەی خۆی نووسیوە "دڵنیا بە مۆبایلەکەم داناخەم و ژمارەکەم ناگۆڕم"!

هەروەها موسەننا ئەمین، سەرۆکی لیستی یەکگرتوو لە سلێمانی لەسەر پۆستەرەکانی نووسیوە "بەڵێن دەدەم کە ژمارەکەم ناگۆڕم و مۆبایلەکەشم داناخەم"!

### رابیعەی عەدەوی لە کوردستانە!

هاوسۆزیی هەندێک لە یەکگرتووەکان بۆ ئیخوانی میسر گەیشتە سەر پۆستەرەکانی هەڵبژاردنیش. یەحیا نەوزەر جاف، کە کاندیدی ژمارە پەنجای یەکگرتووە بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، وێنەیەکی خۆی لەسەر پۆستەرەکانی داوە کە چوار پەنجەی بەرز کردووەتەوە وەک ئاماژەیەک بۆ گۆڕەپانی رابیعەی عەدەوی لە میسر، ئەو مەیدانەی دوای لەسەرکار لادانی محەممەد مورسی بووە شوێنی خۆپێشاندانی ئیخوانەکانی میسر و ئەو چوار پەنجەیەش بووە نیشانە.

### پێغەمبەر داوای لێکردووە!

رەنگە سەمەرەترین پۆستەری بانگەشەی هەڵبژاردن پۆستی کاندیدێکی ئیئتیلافی عەرەبی بێت بە ناوی مۆفەق تەها محەممەد سەعید ئەلعوبەیدی.

ئەو کاندیدە وێنەی قورئانی لەسەر پۆستەرەکەی خۆی داوە و نووسیویەتی "سوێند بەخودا خۆم کاندید کرد بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان، بە فەرمانی پێغەمبەری خودا".

ئەو هەڵبژاردنە هەر لە ئێستاوە بەخشینەوەشی تێکەوتووە، کاندیدێکی (ائتلاف نعمل للعراق) بەناوی زەهراوی ماشاف عباس خەلەف ئەلکەعبی، مریشکی سوورەوەکراوی دابەشکردووە و پۆستکارتێکی خۆیشی خستووەتە ناوی.

# لە زاخۆ رفاندیان و لە هەولێر کوشتیان

## مامی هاڤین: هەتا تەرمەکەی وەرنەگرینەوە هەڵوێستی خۆمان ڕاناگەیەنین

ناسر عەلی
رووداو – دهۆک

ئەو دوو کچەی لە ماوەی رابردوودا لە زاخۆ ونبوون، دەرکەوت هەردووکیان کوژراون و بکوژەکانیشیان یەکن و دەستگیرکراون. مامی یەکێک لەو کچانە دەڵێت "تەرمێک دۆزراوەتەوە، بەڵام دڵنیا نین لەو تەرمە، رەنگە فیلمێک بێت دروستیانکردبێ". پۆلیسی زاخۆش ئەمڕۆ (دووشەممە) هەموو شتێک بۆ رای گشتی ئاشکرا دەکات.

نزیکەی چوار ساڵ لەمەوبەر، کچێکی تەمەن 11 ساڵ بە ناوی ئاڤان عەلی، لەگەڵ کەسوکارەکەی دەچێتە نێو پارکێکی زاخۆ، بەڵام دواتر ون دەبێت.

چیا محەممەد، مامی ئاڤان دەڵێت ئەو کچە لە رۆژی جەژنی قوربان کە هەموو منداڵەکان خەریکی بەسەربردنی کاتی خۆش و یاریکردن بوون، کەسانی نامەرد رفاندیان و لەو رۆژەوە بێسەروشوێن بوو.

ئاڤان ئەوکات قوتابی پۆلی 5ی سەرەتایی بوو، ئێستاش کەسوکارەکەی نازانن بۆچی رفێندرا. چیا محەممەد بە (رووداو)ی گوت "ئێمەش نازانین کێشەی چی بوو، لەو رۆژەوەی کە ون بووە، هەموو ئێوارەیەک چاومان لە ڕێیە کە بگەڕێتەوە ماڵ، بەڵام ئێستا پێماندەڵێن تەرمەکەیان دۆزیوەتەوە".

هێشتا هیچ کەسێک لە خزمەکانی ئاڤان تەرمی ئەو کچەیان نەبینیوە، چیا محەممەد دەڵێت "لەلایەن پۆلیسی زاخۆ ئاگادار کراینەوە کە تەرمی ئەویان لە دەوروبەری گوندەکانی سلێڤانەی سەر بە قەزای زاخۆ دۆزیوەتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا 100% نازانین ئەوە تەرمی ئاڤانە یان فیلمێکە دروستیانکردووە".

هەروەها رۆژی 2013/3/24 کچێکی تەمەن 12 ساڵ بەناوی هاڤین ڕێبەر، پاش گەڕانەوەی لە قوتابخانە هاوشێوەی ئاڤان ون بوو. هەفتەی رابردوو پۆلیسی هەولێر رایگەیاند کە تەرمی ئەو کچەیان لە گوندی پونگینەی سەر بە قەزای بنەسڵاوە لە باشووری رۆژهەڵاتی هەولێر دۆزیوەتەوە.

بەپێی زانیارییەکانی (تۆڕی میدیایی رووداو) تۆمەتبارانی ئەو دوو تاوانە پیاوێکە لەگەڵ دوو ژنەکەی کە یەکێک لە ژنەکانی لە زاخۆیە و ئەوی دیکەشیان لە هەولێرە.

سەرچاوەیەک کە نەویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (رووداو)ی گوت "پیاوێکی خەڵکی هەولێر دوو ژنی هەیە، پێش شەش ساڵ خۆی و یەکێک لە ژنەکانی لە شاری زاخۆ نیشتەجێبوون و ژنێکی دیکەشی هەیە لە هەولێر کە ماوە ماوە دەچێتە لای". سەرچاوەکە گوتیشی "لەڕێی ژنەکەی زاخۆوە ئاشکرابووە و لە لێکۆڵینەوەی پۆلیسیش هەرسێکیان دانیان بە تاوانەکەدا داناوە".

دلۆڤان مەلەک، کوڕە مامی هاڤین بە (رووداو) راگەیاند، هەتا ئێستا کەس لە کەسوکاری ئەوان تەرمی ئەوی نەبینیوە، بۆیە تاوەکو تەواو دڵنیا نەبن لەوەی تەرمی ئەوە هەڵوێستی خۆیان راناگەیەنن.

مامی هاڤین بە بیستنی هەواڵی دۆزینەوەی تەرمی هاڤین دڵخۆش بووە و دەڵێت "ئەگەر ئەوە راست بێت زۆرباشە، چونکە لەو رۆژەوەی ون بووە هەموومان دڵتەنگ بووین و ئیسراحەتمان نەماوە".

لاشەی هەردوو کچەکە ئێستا لە پزیشکی دادوەریی هەولێرن و پشکنینیان بۆ دەکەن، بەپێی زانیارییەکان ئەمڕۆ پۆلیسی زاخۆ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا وردەکاریی هەردوو تاوانەکە ئاشکرا دەکات.

عەمید شەعلان ئەحمەد، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای زاخۆ هیچ زانیاری لەسەر دۆزینەوەی تەرمی ئەو دوو کچە نەدرکاند و تەنیا گوتی "رۆژی 2014/4/7 (ئەمرۆ دووشەممە) بە فەرمی بۆ رای گشتی رادەگەیێنین کە ئەو رووداوانە چۆن بوون".

داوای گۆڕینی ناوەکەی دەکەن

# فێستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکەی فیلم کێشەی تێکەوت

هیوا سەلاح
رووداو – هەولێر

بڕیارە مانگی داهاتوو گەورەترین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی سینەما لە هەولێر ساز بکرێت کە کۆمەڵێک ئەستێرەی سینەمایی جیهانی ئامادەیی خۆیان نیشانداوە بەشداریی تێدا بکەن، بەڵام لەسەر ناوی فێستیڤاڵەکە کێشە دەکەوێتە نێوان بەڕێوەبەرایەتی سینەما و ئەو کۆمپانیایەی سەرپەرشتیی فێستیڤاڵەکە دەکات.

ئەستێرەی سینەمای هیندی (بۆلیود) و سینەماکاری ناوداری جیهان (ئەمیتاب باچان) یەکێکە لە بانگهێشتکراوانی فێستیڤاڵەکە و رەزامەندیی نیشانداوە لە سەرەتای مانگی داهاتوودا بگاتە شاری هەولێر بۆ بەشداریکردن لە یەکەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلم کە لە رۆژی پێنجی ئایار بەڕێوەدەچێت.

تەیار عادل گۆران، نوێنەر و ئەندامی لیژنەی فێستیڤاڵی هەولێر لە هیندستان بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی رایگەیاند "بە نووسراوی فەرمی پارێزگای هەولێر و لیژنەی سەرپەرشتی فێستیڤاڵ و بەڕێوەبەرایەتی لیژنە، ئەمیتاب باچانمان بانگهێشتی کوردستان کردووە لەگەڵ چەند ئەکتەرێکی دیکە، لەوانە ئەکتەری گەورەی هیندستان دارمیندار کە ئێستاکە ئەندامی پەرلەمانی هیندستانە لەگەڵ هەردوو ئەکتەری ناسراو ڤیڤان دشین و درەشتی دهامی کە لە کوردستان بە (ئارکەی و مادهوبالا) ناسراون، هاوکات گرووپێک لە سینەماکارانی دیکەش رەزامەندییان دەربڕیوە بێنە شاری هەولێر بۆ بەشداریکردن لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلم".

تەیار عادل گوتیشی "بۆ ئەم فێستیڤاڵە هەریەک لە شارۆخان پادشای بۆلیوود و ئیشواریا رای بانگێشت کراون، بەڵام تاوەکو ئێستا وەڵامی کۆتاییان نەداوینەتەوە".

شڤان بارزانی، بەڕێوەبەری میدیای فێستیڤاڵ زانیاری زیاتری لەبارەی ئەم فێستیڤاڵە ئاشکرا کرد و بە (رووداو)ی گوت "ئەم فێستیڤاڵە بە پشتگیری حکومەتی هەرێمی کوردستان و پشتگیری ماددی لەلایەن کەرتی تایبەت و پشتگیری چەندین کۆمپانیای سپۆنسەر بەڕێوەدەچێت".


نمایشی فیلمەکان لە سینەماکانی ئیمپایەر لە فاملی مۆڵ و سینەمای 7 ئارت لە مێگامۆڵ دەبێت، زیاتر لە 100 دەزگای راگەیاندنی جیهانی و ناوخۆیی بانگهێشتی ئەم فێستیڤاڵە دەکرێن بۆ رووماڵکردنی فێستیڤاڵەکە.

بەڵام بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەمای هەولێر لەم فێستیڤاڵەدا رۆڵی نییە، لەوبارەیەوە شڤان گوتی "ئێمە پێشتر سەردانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییەمان کردبوو، لەگەڵ خۆشمان تەواوی پڕۆژەکەمان پێشکەشی ئەوان کرد، بەڵام دوای تێپەڕینی چەند مانگێک هیچ وەڵامێکیان نەبوو، ئێمەش ناچاربووین کارەکان بە خۆمان بکەین. تاوەکو ئێستاش لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر لە گفتوگۆداین بۆ ئەوەی ئەوانیش بەشداری بەرچاویان هەبێت، بەڵام ئێستا نازانم بەشداری دەکەن یان نا".

شاخەوان مستەفا، بەڕێوەبەری سینەمای هەولێر لەوبارەیەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "ئێمە وەک بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر دوور و نزیک پەیوەندیمان بەو فێستیڤاڵەوە نییە و بەرپرسیش نین لە هیچ کارێکی ئەم فێستیڤاڵە، لەبەر ئەوەی سەرەتا بڕیاربوو بە هاوبەشی ئەم کارە بکەین، بەڵام ئەوان بێ ئاگاداری ئێمە داوەتی خەڵکیان کردووە و بەناوی فێستیڤاڵی سینەمایی نێودەوڵەتی هەولێر بانگهێشتی هونەرمەندان دەکەن، لە هەموو جیهاندا فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی دەبێت حکومەت سەرپەرشتی بکات نەک کەرتی تایبەت، بۆیە ئێمە سەرووی خۆمان ئاگادار کردووەتەوە تاوەکو ئیجرائاتی پێویست بکرێت، بۆ ئەوەی ناوی فێستیڤاڵەکە بگۆڕن".

بڕیارە لە دوایین رۆژی فێستیڤاڵەکەدا لە 2014/5/10 چەند خەڵاتێک دابەش بکرێن وەک خەڵاتی باشترین فیلم، باشترین دەرهێنەر، باشترین ئەکتەری کچ و کوڕ، باشترین میوزیک، باشترین کورتە فیلم و چەندین خەڵاتی دیکەش.

لەو فێستیڤاڵەدا نزیکەی 80 فیلمی سینەمایی جیهانی و کوردی بەشدار دەبن، خەڵاتی سەرەکیی فێستیڤاڵەکەش ئەسپی زێڕینە کە ئاوزێڕ کراوە.



## بارزانی بڕیارێک لەبارەی دۆسیەی کاوە گەرمیانی دەردەکات



**ڕووداو- هەولێر**

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕاوێژکاری یاسایی خۆی ڕاسپاردووە بۆ ئەوەی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی تایبەت لەسەر دۆسیەی کاوە گەرمیانی و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ڕێوشوێنەکانی دادگا ئەنجامبدات. بەپێی هەواڵێکی سایتی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان. ئەو هەنگاوە "لەپێناو خێراترکردنی ڕێوشوێنەکانی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی تیرۆری ڕۆژنامەنووس کاوە گەرمیانییە". ڕۆژی 2014/3/17 مەسعود بارزانی پێشوازی لە کەسوکاری کاوە گەرمیانی کرد و داوای لێیان کرد، کە "نائومێد نەبن، تاوانباران بە سزای خۆیان دەگەن".

### بەپێی پێشنیازەکەی پارتی، یەکێتی دەبێتە ئۆپۆزیسیۆن

# پارتی: بەبێ یەکێتیش حکومەت پێکدێنین و چیدی چاوەڕێ ناکەین

**یەکێتی: ئەگەر وەزارەتی پێشمەرگە یان ناوخۆمان نەدرێتێ دەبینە ئۆپۆزیسیۆن**

**کۆسرەت ڕەسوڵ داوا دەکات پۆستێک بدرێتە کوڕەکەی**



فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان

**هیڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

بەرەو ئەوە دەچێت حکومەتی داهاتوو بێ ڕەنگی سەوز بێت، چونکە بەرپرسانی یەکێتی دەڵێن "وەزارەتی ناوخۆ یان پێشمەرگە بۆ یەکێتی نەبێ لە دەرەوەی حکومەت دەمێنینەوە". بەڵام ئەو دوو وەزارەتە لە نێوان پارتی و گۆڕاندا دابەشکراون.

لایەنەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ کۆبوونەوەی ماراسۆنییان ئەنجامدا، چەندین پێشنیازیان بۆ ڕازیکردنی یەکدی خستەڕوو. ڕەنگە دوا پێشنیاز کە سەربگرێ و کۆتایی بەو کۆبوونەوانە بهێنێ، پێشنیازی ئەمجارەی پارتی بێت کە ئەویش وەک بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ "دەبێ تەعدیل بکرێ".

ئەمرۆ دووشەممە 2014/4/7 سێ هێزی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی 21ی ئەیلولی 2013 بەجیا کۆدەبنەوە و بڕیار وایە کە "قسە"ی کۆتایی لەسەر پێکهێنانی حکومەت بکەن.

### گۆڕان بە پۆستە سەربازییەکە ڕازی نییە

بزووتنەوەی گۆڕان ئەمجارە لەسەر پێشنیازەکەی پارتی و بە پاڵپشتی بڕیارەکەی جڤاتی نیشتیمانی گۆڕان گفتوگۆ دەکات. بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)یش، بزووتنەوەی گۆڕان لە کۆبوونەوەی جڤاتی نیشتیمانیدا بەشێکی پێشنیازەکەی پارتی قبوڵ کردووە و بەشێکیشی ڕەتکردووەتەوە و داوایان کردووە کە دەبێ دەستکاری بکرێ.

ئەندامێکی جڤات، کە بەشداری کۆبوونەوەکەی شەممەی ڕابردووی جڤاتەکەی کردبوو بە (ڕووداو)ی گوت "پێشنیازەکەی پارتی بە وردی تاوتوێکرا و بڕیاردرا کە بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، یەکەم: گۆڕان بە وەرگرتنی وەزارەتی پێشمەرگە ڕازی بێ. دووەم: بەهیچ شێوەیەک پۆستی یاریدەدەری سەربازی بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان قبوڵ نەکرێ، چونکە لەگەڵ ئەوە نین بۆ خاتری هیچ کەس و لایەنێک پۆست دروست بکرێ".

ئەندامەکەی جڤاتی نیشتیمانی باسی پێشنیازێکی دیکەی گۆڕانی کرد لەبارەی پۆستی وەزارەتی ناوخۆ کە ئەویش "ئەگەر وەزیری ناوخۆ بریکاری هەبێ ئەوا دەبێ سەر بە گۆڕان بێ، یان ئەسڵەن هەر بریکاری نەبێ".

ئاکۆ حەمەکەریم، ئەندامی لیژنەی دانوستاندنکاری بزووتنەوەی گۆڕان بۆ پێکهێنانی حکومەت گوتی "گۆڕان لەسەر پێشنیازەکەی پارتی ڕاسپاردەی خۆی هەیە و هەندێ شت هەیە بۆ ئێمە ڕوون نییە و دەمانەوێ لەگەڵ پارتی باسی بکەین".

پارتی دیموکراتی کوردستان پێشنیازی کردووە کە وەزارەتی پێشمەرگە بدرێتە بزووتنەوەی گۆڕان، وەزارەتی ناوخۆ بۆ پارتی بێت و بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دروستکردنی پۆستی یاریدەدەری سەربازیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بدرێ بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بەڵام یەکێتی بەو پێشنیازەی پارتی قایل نییە.

### یەکێتی: ناوخۆ یان پێشمەرگە

عیماد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان باسی دوایین هەڵوێستی حیزبەکەی دەکات لەبارەی پێکهێنانی حکومەت و دەڵێ "یەکێتی هیچ بڕیارێکی کۆتایی لەسەر مەسەلەی حکومەت نەداوە، چاوەڕوانی کۆبوونەوەی پارتی و یەکێتی دەکەین، لە کۆبوونەوەی فەرمی هیچ قسەیەک نەکراوە".

عیماد ئەحمەد ڕاشکاوانە باسی هەڵوێستی حیزبەکەی دەکات ئەگەر یەکێک لەو دوو وەزارەتانە (پێشمەرگە و ناوخۆ) نەدرێ بە یەکێتی و دەڵێ "یەکێتی گوتوویەتی دەبێ یەکێک لەو دوو وەزارەتەی بدرێتێ، بەڵام تاوەکو ئێستا بەفەرمی هیچ بە یەکێتی نەگوتراوە، ئەگەر لەگەڵ پارتی گەیشتینە ئەنجام ئەوا باشە، ئەگەر نەگەیشتین ئەوا دەگەڕێینەوە بۆ سەرکردایەتی خۆمان و بڕیاری کۆتایی لەوێ دەدەین".

عیماد ئەحمەد پێشتر بە ڕاگەیاندنی حیزبەکەی گوتبوو "ئەگەر یەکێک لەو دوو وەزارەتە نەدرێ بە یەکێتی دەبینە ئۆپۆزیسیۆن".

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ڕوونتر لە عیماد ئەحمەد باسی هەڵوێستی یەکێتی کرد و گوتی "ئەگەر یەکێک لەو دوو وەزارەتە ئەمنییە نەدرا بە یەکێتی ناڵێین دەبینە ئۆپۆزیسیۆن، بەڵام لە دەرەوەی حکومەت دەمێنینەوە و بەشدار نابین لەو حکومەتە".

### کۆسرەت ڕەسوڵ داوای پۆست بۆ کوڕەکەی دەکات

سەبارەت بە پۆستی یاریدەدەری سەربازیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە بەپێی پێشنیازەکەی پارتی بەر یەکێتی دەکەوێ، ڕای جیاواز لەنێو یەکێتیدا دروست بووە.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی داوای کردووە شاڵاوی کوڕی ئەو پۆستە وەربگرێت، بەڵام جەعفەر شێخ مستەفا، وەزیری ئێستای پێشمەرگە چاوی لە پۆستەکەیە و لەسەر ئەو بابەتە کێشە دروست بووە. بەڵام ئەم زانیارییە بە فەرمی لەلایەن یەکێتییەوە پشتڕاست نەکراوەتەوە.

### پارتی چیدی چاوەڕێ ناکات

پارتی دیموکراتی کوردستان کە پێداگیری لەسەر ئەوە دەکات پێش هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق کابینەی حکومەت پێکبهێنرێ، لە دوایین کۆبوونەوەی سەرکردایەتی خۆیدا ڕایگەیاندووە کە "چیدی حکومەت دوانەخرێ و ئەگەر حکومەتی بنکە فراوان پێکنەهات ئەوا دەبێ حکومەتی زۆرینە پێکبهێنرێ".

ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لەوبارەوە دەڵێ "بۆ خاتری هیچ لایەنێک ئیدی حکومەت لەوە زیاتر دواناخەین، چونکە ناکرێ پارتی هەر لە چاوەڕوانیدا بێت".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی پارتی ئەوەشی ئاشکرا کرد کە بڕیار وایە "ئەگەر یەکێتیش بەشدار نەبێ لە حکومەتدا، ئەوا حکومەتەکە پێکدەهێنرێ و ئەو پۆستانەی بڕیارە بدرێن بە یەکێتی، تاوەکو هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بە بەتاڵی بەجێدێڵین و ئەگەر دوای هەڵبژاردنیش یەکێتی نەهاتە ناو حکومەت ئەوا پڕدەکرێنەوە".

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیش دەڵێ بێ هەڵوێست نابن ئەگەر یەکێک لە سێ لایەنە سەرەکییەکە (پارتی، گۆڕان، یەکێتی) بەشدار نەبوو لە حکومەتدا.

محەممەد ڕەئووف، سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی بە (ڕووداو)ی گوت "کۆبوونەوەی کۆتاییمان ماوە لەگەڵ پارتی بۆ ئەوەی قسەی کۆتایی بکەین". گوتیشی "چاوەڕێی کۆبوونەوەی پارتی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی دەکەین، چونکە ئەگەر پارتی لەگەڵ ئەو دوو لایەنە گەیشتنە ئەنجام، ئەوا حەتمەن لەگەڵ یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامیش قسە دەکرێ، ئەگەر نەگەیشتنە ئەنجامیش ئەوا ئەوکات هەر قسە دەکەن و دەڵێن نەگەیشتینە ئەنجام و با بکەوێتە دوای هەڵبژاردنەکان".

سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتوو نەیشاردەوە کە هەر لایەنێک لە پارتی و یەکێتی و گۆڕان بەشدار نەبن لە حکومەتدا ئەوا یەکگرتوو پێداچوونەوە بە بڕیاری بەشداریکردنی خۆی دەکات لە حکومەتدا و گوتی "ئەگەر ئەو سێ تەرەفە (پارتی، گۆڕان، یەکێتی) نەگەیشتنە ئەنجام، یاخود یەکێک لەو سێ لایەنە نەگەیشتە ئەنجام، ئەوکات سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی کۆدەبێتەوە و بڕیاری کۆتایی دەدات، دەبێ ئەوکاتیش بۆ ئێمە ڕوون بێت کە ئەو لایەنەی بەشدار نەبووە هۆکارەکانی چین، ئایا ئیقسا کراوە یان بیانووی هەبووە لەسەر ئەو بنەمایە بڕیار دەدەین".

### بابەکر دڕەیی، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان:

# وەزارەتی پێشمەرگەمان بە پەڕوباڵکراوی ناوێ

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئەمرۆ دووشەممە گەڕێکی دیکەی دانوستاندنەکانی پێکهێنانی حکومەت، لە نێوان شاندی دانوستانکاری بزووتنەوەی گۆڕان و پارتی بەڕێوەدەچێ، ئەمە دوای ئەوەی پارتی پێشنیازێکی نوێی دایە بزووتنەوەی گۆڕان بۆ دابەشکردنی پۆستە ئەمنییەکان.

بابەکر دڕەیی، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان پێیوایە ئەوەی لە پێشنیازەکەی پارتیدا نوێیە بۆ ئەوان، پێشتر باسی وەزارەتی پێشمەرگە نەدەکرا و ئەمجارە باسکراوە، بەڵام ئایا بزووتنەوەکە بەوە ڕازی دەبێ.

بابەکر دڕەیی دەڵێ گۆڕان لە گرنگیی وەزارەتی پێشمەرگە کەمناکاتەوە، بەڵام وەک ئەو باسیکرد، شاندەکەی گۆڕان بە پارتی دەڵێن "ئەگەر وەزارەتی پێشمەرگە بە تەواوی بدرێتە گۆڕان و پەڕوباڵی نەکرێ و وەک چۆن پێشتر بە تەواوی لەبەردەستی یەکێتیدا بووە بدرێتە گۆڕان، ئەوە شتێکی باشە، بەڵام ئەگەر پەڕوباڵی بکرێ و لەسەرەوە ڕێگری بۆ دروستبکرێ، ئەوە بابەتێکی دیکەیە".

دڕەیی مەبەستەکەی ڕوونتر دەکاتەوە و هێما بۆ یاریدەدەری سەرۆکی هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە دەکات کە پۆستێکی لە نوێ داتاشراوە "ئەو پۆستە نوێیە دەستوەردەداتە نێو کاروباری وەزارەتی پێشمەرگە، بۆیە ئێمە وادەزانین ئەوە پەڕوباڵکردنی وەزارەتی پێشمەرگەیە و دیسان ئەوەش دەکەوێتە سەر لیژنەی دانوستاندن، بزانین چی دەکەن".



بابەکر دڕەیی

(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان دوێنێ لە سلێمانی کۆبوونەوە و دوا وەڵامیان بۆ شاندی پارتی ئامادە کردووە، دڕەیی دەڵێت "وەڵامەکەمان بۆ پارتی نە پۆزەتیڤە و نەنێگەتیڤیشە، بزووتنەوەی گۆڕان هیچ پێشنیازێک قبوڵ ناکات کە وادەربخات وەک خێرپێکردن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ".

ئەو پرسیار دەکات لەبارەی ئەوەی پارتی چەند پۆستی گەورەی لەبەردەستە؟ هەر خۆی وەڵام دەداتەوە "نزیکەی 6 پۆستی گەورەی هەیە و گۆڕانیش حەقی خۆیەتی پۆستی گەورەی هەبێ، گۆڕان بەبێ ئیستحقاقی ئینتیخابی خۆی ناچێتە ناو حکومەتەوە".

ماوەی زیاتر لە 6 مانگە هەڵبژاردن کۆتایی هاتووە و هێشتا حکومەت پێکنەهاتووە، سەرەتای گرێکوێرەکان بە جێگری سەرۆکی حکومەت دەستیانپێکرد و دواتر ئەوە بڕایەوە کاتێک سەرۆکی پەرلەمان بۆ گۆڕان و جێگری سەرۆک وەزیران بۆ یەکێتی یەکلایی بووەوە، ئێستا وەزارەتی پێشمەرگە و ناوخۆ کە پارتی یەکێکیانی دەوێ و یەکێتیش یەکێکیان و گۆڕانیش بەبێ یەکێک لەو وەزارەتانە ناچێتە حکومەتەوە، خەریکە بەستەڵەکێکی دیکە لەسەر ڕێگای گفتوگۆکان پەیدا دەکات.

هەروەها دەگوترێ گۆڕان پێیخۆشە دوای هەڵبژاردن حکومەت پێکبهێنرێ، ئەمە لەبەر ئەوەیە کە دەیانەوێ هەموو پۆستەکان بکرێنە یەک پاکێج و بەیەکەوە یەکلایی بکرێنەوە؟ ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان، ئەمەی ڕەتکردەوە "هەموو شتەکان پەیوەندی هەیە بە دیالۆگەوە و ئێمە زۆر ڕێز لە گفتوگۆکان دەگرین و دەرگا دانەخراوە و پرەنسیپی گۆڕان ئەوەیە بچێتە ناو حکومەت".

گوتیشی "بەڵام پرەنسیپی بەشداریکردن لە حکومەت کەوتووەتە بەردەم ڕەحمەتی ئەو دیالۆگانەی لەگەڵ پارتی هەمانە، ئەگەر هەست بکەین ئامانجێک هەیە بۆ وەلانانی گۆڕان، بێگومان مل نادەین".

ناوبراو جەختدەکاتەوە لە داخوازییەکەی گۆڕان و دەڵێ ژمارەیەک وەزارەتی ئەمنی هەیە و ژمارەیەک وەزارەتی ئابووری و خزمەتگوزاریی هەیە "ئێمە دەبێ وەزارەتێکی تەواوی ئەمنیمان بەربکەوێ، سەرەتا جێگری سەرۆک وەزیرانمان دەویست، دواتر گۆڕییان بۆ ناوخۆ و دواتر بۆ پێشمەرگە و ئینجا پەڕوباڵیش لەو وەزارەتە دەکەنەوە". گوتیشی "وا تێدەگەین نییەتی باش نییە".

ئەگەر بۆچوونی بابەکر دڕەیی پلەبەندی بۆ بکرێت لەبارەی ئەوەی ئایا پارتی و گۆڕان لە دانیشتنەکەی ئەمرۆدا ڕێکدەکەون لەسەر پێشنیازە نوێیەکەی پارتی، ئەوا دەڵێ پلەی ڕەشبینی و گەشبینی ئەو "فیفتی بە فیفتییە"، چونکە دەکەوێتە سەر ئەوەی تاوەکو چەند گۆڕان مافی خۆی وەردەگرێ "لیژنەی دانوستاندنی ئێمە چۆن بڕوای پێدەهێنرێ لەلایەن کاک نێچیرڤان بارزانی کە نیەتێکی باش لە ئارادایە بۆ ئەوەی گۆڕان بەشداریی بکات".

شەش مانگ زیاترە حکومەت پێکنەهاتووە، ئێستا نیگەرانییەکانی خەڵک بەرۆکی دوو هەڵبژاردنەکەی 30ی نیسانی ئەمساڵیش دەگرێ و پرسیار دەکەن، کەواتە چۆن لەسەر پارێزگارەکانیش ڕێکدەکەون؟

بە بڕوای بابەکر دڕەیی، دەبێ چاوەڕوانی بڕیاری خەڵک بکەن و بزانن خەڵک چەند دەنگ دەدەن بە گۆڕان، ڕاستە ئەمجارەش گۆڕان دەنگی زۆری هەبوو، بەڵام پارتی و یەکێتی حوجەی قانونییان دەهێنایەوە و شتی دیکەیان تێکەڵ دەکرد "بەڵام ئەمجارە وەک جاری پێشوو نابێ و پێویستە پارێزگار بدرێتە دەست لایەنی براوە، بێگومان ئەمجارە ئاسانترە پارێزگار ڕادەست بکرێ". گوتیشی "ئەگەر ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا زۆرینەیان گۆڕان بن، وەرگرتنی پارێزگاری سلێمانی ئاسانە و ئەوەندەی کێشە لەناو پۆستە حکومییەکان هەیە بۆ پارێزگار بەو شێوەیە نابێ".و دڵنیایە لەوەی ژمارەی کورسییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان زیاتر دەبن بۆ 17 کورسی ئەنجومەنی پارێزگا "ئەوە زەمینەیەکی بەهێز دەڕەخسێنێ بۆ ئەوەی پارێزگاری سلێمانی ببەین".



## ئەتروشی شانازی بە سزادانەکەی دەکات

**ئەمرۆ محەممەد - هەولێر**

نووسینگەی حوسێن شەهرستانی، جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ کاروباری وزە لە بەیاننامەیەکدا بڵاوییکردەوە کە داوایەکی یاسایی لە فەرهاد ئەتروشی، پەرلەمانتاری کورد لە پەرلەمانی عێراق بردووەتەوە کە تێیدا دەبێت قەرەبووی بکاتەوە لە بەرامبەر ئەو تۆمەتانەی کە ئاراستەی کردووە. بەڵام ئەترۆشی ڕایگەیاند تاوەکو ئێستا بە فەرمی هیچ نووسراوێکی دادگای بەدەست نەگەیشتووە. فەرهاد ئەترۆشی، گوتیشی "ئەو بڕیارەی دادگا تەواو سیاسییە، بەڵام شانازییەکی گەورەیە ئەگەر لەسەر کێشەی کورد و بەرگری کردن لە مافەکانی گەلەکەم نەک 10 ملیۆن دینار، بەڵکو 100 ملیۆنیش سزا بدرێم".



### لەتیف ڕەشید:

# مام جەلال هەموو کاتێک زانیویەتی وەزعی یەکێتی چۆنە

چەند ڕۆژێک بوو لای تاڵەبانی گەڕابووەوە، ڕەنگە هەموو کەس چاوەڕێی ئەو بێت کە چ هەواڵێکی نوێی پێیە لەبارەی ڕەوشی تەندروستیی تاڵەبانی و گەڕانەوەی. لەتیف ڕەشید، ئاوەڵزاوای تاڵەبانی لەگەڵ کامەران قەرەداغی کە ڕاوێژکاری تاڵەبانی بوو، لە پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر کتێبی دەکڕی و هەر لەوێ قسەی بۆ (ڕووداو) کرد. کاتێک گەیشتە دەزگای مەدا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە و کتێبێکی جەواهیری بەناوی (قصائد و تأريخ و مواقف) بینی، گوتی "ئەم کتێبەم لەگەڵ خۆم بۆ تاڵەبانی برد" و دانەیەکی لە کتێبەکە کڕی. لەتیف ڕەشید لەم هەڤپەیڤینەدا زانیاری نوێ لەبارەی تەندروستیی تاڵەبانی ئاشکرا دەکات و دەڵێت "لە هەندێک ڕووەوە بووەتەوە بە مام جەلالەکەی جاران".

هەڤپەیڤین: هیڤیدار ئەحمەد

**ڕووداو: ئەمجارە کەی بوو سەردانی تاڵەبانیت کرد؟**

**لەتیف ڕەشید:** من لە 19/3/2014 چووم بۆ بەرلین، ئەو ڕۆژە درەنگ گەیشتم و کاتی ئەوە نەبوو سەردانی مام جەلال بکەم، بەڵام ڕۆژی دواتر لە کاژێر 11ی سەرلەبەیانی سەردانم کرد، تەماشام کرد خۆی ئامادە کردووە بچێتە دەرەوە، بۆیە ڕۆژی 20/3 چووینە دەرەوە، چونکە کەشناسی ئەڵمانیا ڕایگەیاندبوو کە 21ی مانگ باران دەبارێت. برادەرانی ئەوێش چێشتخانەیەکیان بە کرێ گرتبوو، وەکو خانوو وابوو، باخچەی هەبوو، چێشتخانەکە لەسەر لێواری دەریاچەیەک بوو، مام جەلال دەچوو بۆ سەر دەریاچەکە.

**ڕووداو: دەرکەوتنی تاڵەبانی لەسەر ڕاسپاردەی پزیشکەکانیەتی یان خۆی داوا دەکات؟**

**لەتیف ڕەشید:** پزیشکەکان ڕێگری لەوە ناکەن مام جەلال دەربچێ و پیاسە بکات، ئەمە یەکەمجاریش نییە بەڵکو دوو جاری دیکەش چووەتە دەرێ.

**ڕووداو: چیت لەگەڵ خۆت بردبوو بۆ مام جەلال؟**

**لەتیف ڕەشید:** مام جەلال زۆر حەز لە خوێندنەوە دەکات، کە چووم کاسێتی جەواهیری و موزەفەر نەواب و کتێبێکی جەواهیریم بۆ برد، چونکە مام جەلال بەردەوام حەزی لە شیعرە و هەر ئەو سێ شتەشم بردبوو. مام جەلالیش ئەو ڕۆژانە سەیری ئینتەرنێت و ئایپاد و تەلەڤزیۆن دەکات و سێرچیش دەکات.

**ڕووداو: موتابەعەی دۆخی هەرێمی کوردستان دەکات؟**

**لەتیف ڕەشید:** بەڵێ.

**ڕووداو: لە دوایین وێنەکانی تاڵەبانیدا هەندێ کەسی لەگەڵ دەرچوون، ئەوانە کێ بوون لەگەڵ تاڵەبانی؟**

**لەتیف ڕەشید:** خوشکێکی هیرۆخان بوو لیلۆز خان، کچەکەی دیکە ژنەکەی هەڵۆیە کە برای هێرۆ خانە، کچەکەی من کە ناوی سارایە، هەروەها دکتۆرێکی کوردیشی لەگەڵە.

**ڕووداو: لە یەکێک لە وێنەکانیدا کەسێک لە پشت سەری تاڵەبانییە و کاغەزێکی بەدەستەوەیە و خراوەتە بەردەمی، چی لەسەر ئەو کاغەزە نووسرابوو، بۆچی بە نووسینی سەر کاغەز شتی پێدەڵێن؟**

**لەتیف ڕەشید:** ئەو کوڕە یەکێکە لەوانە کە بەردەوام لەگەڵ تاڵەبانییە و بەردەوام خواردن و ئاوی بۆ دێنێ، لەسەر کاغەزەکەش نووسرابوو ئایا شەکرت پێویستە یان نا بۆ نێو چایەکەت. وەکو دیکە مام جەلال گوێیەکانی هیچ عەیبی نییە و بەباشی گوێ دەگرێ.

**ڕووداو: تاڵەبانی هیچ پرسیارێکی هەبوو لەبارەی هەرێمی کوردستان؟**

**لەتیف ڕەشید:** خۆم باسی دۆخی کوردستانم بۆ کرد، باسی ئەوەم کرد کە ماوەیەکی دیکە دەست بە بانگەشەی هەڵبژاردنەکان دەکرێ، بە مام جەلالم گوت تاوەکو ئێستا کورد وەزعی باش ڕۆیشتووە و کۆمەڵێک کاندیدی باشمان هەیە لە کەرکووک، سلێمانی، هەولێر و دهۆک. کۆمیسیۆنیش کەوتووەتە کار و ئەمساڵ کارتی ئەلیکترۆنییان چاپ کردووە بۆ دەنگدان. هەروەها سەلامی ئەو کەسانەم پێگەیاند کە سەلامیان هەبوو بۆ مام جەلال. هەروەها مام جەلال زۆر موهتەمە بە وەزعی دەغڵ و دان، منیش گوتم ئەمساڵ شوکر باران زۆرباشە و دەغڵ و دانیش زۆرباش دەبێ.

**ڕووداو: سەلامی کام لە سەرکردەکانت پێگەیاند؟**

**لەتیف ڕەشید:** وەڵڵا تەقریبەن سەلامی هەموویان، مالیکی، خوزێر خوزاعی، وەزیرەکان، سەید عەممار حەکیم، هادی عامری...

**ڕووداو: قوباد تاڵەبانی پێشتر بە (ڕووداو)ی گوتبوو تاڵەبانی حەز دەکات بگەڕێتەوە، کەی دەگەڕێتەوە؟**

**لەتیف ڕەشید:** خۆی حەز دەکات و ئێمەش حەز دەکەین بگەڕێتەوە، بەڵام نابێ لە بیرمان بچێت کە ئەمە بەدەست ئێمە و خۆی نییە، بەڵکو بەدەست دکتۆرەکانە و دەبێ ئەوان بڕیار بدەن.

**ڕووداو: ئێستا دۆخی تەندروستی تاڵەبانی چۆنە؟**

**لەتیف ڕەشید:** زۆر زۆر باشە، ئێستا لەهەندێ شت تەبیعی بووەتەوە وەک مەسەلەی خواردن و جوڵە و مەسەلەی زاکیرەی و سەیرکردن وەکو مام جەلالی جاران وایە، لە هەندێ شتدا لەبەر ئەوەی ماوەیەک خواردنی کەم بوو، پێویستی بە پشوودان هەیە.

### بەکردنەوەی هۆتێلەکەی سلێمانی لەلایەن نێچیرڤان بارزانی زۆر خۆشحاڵ بوو

### کاسێتی جەواهیری و موزەفەر نەواب و کتێبی جەواهیریم بۆ مام جەلال برد

**ڕووداو: تاڵەبانی خۆی باسی مەسعود بارزانی، نێچیرڤان بارزانی، نەوشیروان مستەفای نەکرد؟**

**لەتیف ڕەشید:** وەڵڵا سەلامی هەموویانم پێگەیاند، چونکە بەردەوام پەیوەندی دەکەن و دەڵێن سەلام بگەیێنە. بە مام جەلالم گوت ئەو ماوەیە کاک نیچیرڤان هاتە سلێمانی و هۆتێلەکەی کردەوە، ئەویش زۆر پێی خۆش بوو، ئەو شتانەی پێخۆشە و گوتم ئێستا جۆرەها هۆتێل لە هەولێر کراونەتەوە، لەوەتەی تۆ لەوێ نیت، چەند هۆتێلێکی نوێ کراونەتەوە.

**ڕووداو: تاڵەبانی خۆی قسە دەکات؟**


**لەتیف ڕەشید:** بەڵێ قسە دەکات، بەڵام ڕای خۆی نادات، چونکە دوورە لە وەزعەکە.

**ڕووداو: لای تاڵەبانی باسی نەوشیروان مستەفات کرد؟**

**لەتیف ڕەشید:** نەخێر باسی کاک نەوشیروانم نەکرد، مام جەلال بۆخۆی لێرە بوو، دەزانێ وەزعەکە چییە.

**ڕووداو: باشە مام جەلال دەزانێ ئێستا یەکێتی لە قەیراندایە؟**

**لەتیف ڕەشید:** هەموو کاتێک زانیویەتی وەزعی یەکێتی چۆنە، لەو ماوەیەدا و یەکێتیش هەر وابووەو ناکەومە وردەکارییەوە کە کێ چی گوت و کێ باسی چی کرد، بەڵام ئێستا ئاگادارە کە یەکێتی بەشدارە لە هەڵبژاردنەکاندا.




### مام جەلال ئێستا زۆر حەزی لە خوێندنەوەیە

**ڕووداو: مادام ئێستا تەندروستی تاڵەبانی باشە و قسەدەکات، ئەی بۆ قسەیەکی یەکلاکەرەوە لەسەر دۆخی یەکێتی ناکات و بڵێ تا دەگەڕێمەوە فلان کەس با شوێنی من بگرێتەوە؟**

**لەتیف ڕەشید:** ئەمە بڕیاری مام جەلال نییە، بەڵکو دەبێ کۆنگرە ئەو بڕیارە بدات، یەکێتی بڕیار بدات، مام جەلال ئێستا نەخۆشە و لەژێر چارەسەریدایە، خۆ ئەگەر لەسەر ئەو بابەتە قسە بکات، ئێ دەبێ بگەڕێتەوە و لەسەر شتی دیکەش بڕیار بدات. خۆی موتابەعەی هەموو شتێک دەکات و من بەناوی ئەوەوە هیچ کۆمێنتێک نادەم.

**ڕووداو: ئەی کەی دەگەڕێتەوە؟**

**لەتیف ڕەشید:** ئەوە نە من و نە دکتۆرەکانی دەزانن کە کەی دەگەڕێتەوە.

**ڕووداو: هەر لە نەخۆشخانەی چاریتییە؟**

**لەتیف ڕەشید:** لە شوقەیەکدا دەمبینی کە نزیکە لەو نەخۆشخانەیەی پێشتر و تاقمی دکتۆرەکەشی هەر ماوە.

---

### فاروق مەلا مستەفا، سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕیی گرووپی کۆمپانیاکانی فاروق:

# ئەگەر مام جەلال بگەڕێتەوە دەتوانین بەپێی ستانداردی نێودەوڵەتی چارەسەری بکەین



### کەسێکی نزیک لە تاڵەبانی:

### هیچ ڤیدیۆیەکی تاڵەبانی بڵاوناکرێتەوە

**هیڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

هیچ کاتێک هێندەی ئێستا باسی گەڕانەوەی تاڵەبانی بۆ هەرێمی کوردستان گەرم نەبووە، چونکە ئێستا یەکێتی لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستی بە تاڵەبانییە. فاروق مەلا مستەفاش دەڵێ ئەگەر تاڵەبانی بگەڕێتەوە دەتوانن لە نەخۆشخانەکەیان چارەسەری بۆ بکەن "چونکە نەخۆشخانەکەمان جەناحی ڕیئاسی تێدایە".

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی ساڵ و نیوێک بەسەر نەخۆشکەوتنی جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە 2012/17/12، تاوەکو ئێستا سێ وێنەی فۆتۆی بڵاوبوونەتەوە، بەڵام هیچ گرتە ڤیدیۆیەکی بڵاونەکراوەتەوە.

ڕۆژی 3/4/2014 سێ وێنەی نوێی تاڵەبانی لە ڕێگەی میدیاکانی یەکێتی بڵاوکرانەوە کە لە 20/3/2014 لە شاری بەرلین گیرابوون، دوای بڵاوبوونەوەی وێنەکان باس لەوە دەکرێت کە بەم نزیکانە تاڵەبانی دەگەڕێتەوە شاری سلێمانی. بەڵام کەسێکی نزیک و ئاگادار لە خێزانەکەی تاڵەبانی ڕەتیکردەوە کە "تاڵەبانی بگەڕیننەوە". سەبارەت بە دەنگۆی بڵاوبوونەوەی گرتەی ڤیدیۆیی تاڵەبانیش ئەو کەسە گوتی "هیچ گرتەیەکی ڤیدیۆیی مام جەلال بڵاوناکرێتەوە".

هەڵسوڕاوێکی بزووتنەوەی گۆڕان قسەی لەسەر دوایین وێنەکانی تاڵەبانی کرد و گوتی "بەکارهێنانی تاڵەبانی لەم کاتەدا سووکایەتیکردنە بە کەسایەتی تاڵەبانی". ئەو هەڵسوڕاوە کە مافی لێدوانی نییە بەناوی بزووتنەوەی گۆڕانەوە بۆیە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی "ئەوەندەی ئێمە شارەزای تاڵەبانین، ئەگەر ئێستا ئەو بزانێ یەکێتی بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن و بەکاری دەهێنن، ڕۆژێک چاک بێتەوە ڕەحم بە سەرکردایەتی ئێستای یەکێتی ناکات".

بەرپرسەکەی گۆڕان گوتی "مام جەلال کەسایەتییەکی کوردستانی و عێراقی و نێودەوڵەتییە، گوناحە بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن". لەتیف ڕەشید، ئاوەڵزاوای مام جەلال کە لەنوێترین وێنەی تاڵەبانیدا لەگەڵی دەرکەوتووە، دەڵێت "لەو ڕۆژەدا کە وێنەکە گیرا، مام جەلال دڵی زۆر خۆش بوو، پیرۆزبایی جەژنی نەورۆزی لێکردین و ڕۆژێکی زۆر خۆشمان بەسەربرد". پێشتریش قوباد تاڵەبانی، کوڕی جەلال تاڵەبانی نەیشاردەوە کە باوکی "حەز دەکات بگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان".

سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی گرتەی ڤیدیۆیی تاڵەبانی، لەتیف ڕەشید بەشێوەیەکی قەتعی گوتی کە "لە داهاتوودا وێنەی ڤیدیۆیی مام جەلال بڵاودەکرێتەوە". بەڵام ئامادە نەبوو هیچ وادەیەک ئاشکرا بکات لەبارەی ئەوەی کەی و چۆن ئەو گرتە ڤیدیۆییە بڵاودەکرێتەوە.

لەلایەن خۆیەوە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیش داوا دەکات پەردەی زیاتر لەسەر شاردنەوەی باری تەندروستی تاڵەبانی لابدرێ.

محەممەد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دەربارەی تەندروستیی تاڵەبانی گوتی "مام جەلال تەنیا موڵکی یەکێتی نییە، بۆیە جێی خۆیەتی ڕۆشنتر مامەڵە لەگەڵ تەندروستی تاڵەبانیدا بکرێ".

### ئامادەن چارەسەری مام جەلال بکەن

فاروق مەلا مستەفا، سەرۆکی ئەنجوومەنی کارگێڕیی گرووپی کۆمپانیاکانی فاروق، تەواوی ئامادەیی و توانای خۆی بۆ چارەسەرکردنی تاڵەبانی پیشاندا و بە (ڕووداو)ی گوت "نە یەکێتی و نە بنەماڵەی بەڕێز مام جەلال و نەهیچ لایەنێک پەیوەندی بە ئێمەوە نەکردووە بۆئەوەی بەشێک لە نەخۆشخانەکەی ئێمە بۆ شوێنی پشوودانی مام جەلال تەرخان بکرێ".

فاروقی مەلا مستەفا ئەوەشیگوت "ڕاستە ئێستا نەخۆشخانەیەکمان دروستکردووە کە چەند ڕۆژێکی دیکە دەکرێتەوە و چوار جەناحی ڕۆیالی تێدایە، نەخۆشخانەکە بەگشتی دەتوانێ باشترین خزمەتی تەندروستی بەپێی ستانداردی نێودەوڵەتی پێشکەش بکات. ئەگەر مام جەلالیش بگەڕێتەوە دەتوانین لەو نەخۆشخانەیەدا چارەسەری بۆ بکەین کە پێشکەوتووترین ئامێر و پزیشکی تێدایە".

ڕووداو
کوردستانی
ژمارە (304) دووشەممە 2014/4/7

## دوو چالاکوانەکەی ڕۆژهەڵات گەیشتنە ڕۆژئاوا




**ڕووداو– دێرک**

هەردوو چالاکوانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئارام ئیبراهیم خاس و کۆماس شەهبازی کە 29ی ئادار لە باشووری کوردستانەوە بەئامانجی گەیاندنی پەیامی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ گەلی ڕۆژئاوا بەرێکەوتن ئێوارەی ڕۆژی 4ی ئەو مانگە گەیشتنە شاری دێرکی ڕۆژئاوای کوردستان.

ئەو دوو چالاکوانە سیاسییە ماوەی 8 ڕۆژ بە ڕێپێوان بەرەو ڕۆژئاوای کوردستان بەرێکەوتن و لەلایەن ژمارەیەک شەڕڤانی یەکینەکانی پاراستنی گەل YPG پێشوازیان لێکرا .

# کورد دەبنە فریادڕەسی ئەردۆغان؟

**هارڤەی مۆریس**
**ڕووداو– لەندەن**

ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی شارەوانی لە تورکیا کە بە قازانجی پارتەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، پارتی دادوگەشەپێدان تەواو بوو، لەوانەیە هاوپەیمانیی نێوان AKP و سیاسەتمەدارانی کورد بەهێزتر بکات. لەگەڵ بردنەوەی پارتەکەی ئەردۆغان، سیاسەتمەدارە کوردەکانیش لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا (باکووری کوردستان) دەنگەکانیان زیادی کردووە.

پارتەکەی سەرۆک وەزیران و پارتی ئاشتی و دیموکراسی BDP ڕکابەری سەرەکیی یەک بوون لە هەندێک لە ناوچەکاندا و سەرئەنجام پارتی دادوگەشەپێدان زیاتر لە 45%ی دەنگەکانی تورکیای بردەوە. بەڵام ڕکابەریی نێوان ئەم دوو پارتە مانای ئەوە نییە کە هەردوولا بەرژەوەندی هاوبەشیان نییە، بەتایبەتی کە هەردووکیان یەک دوژمنیان هەیە.

پارتە عەلمانی و ناسیۆنالیستەکانی تورکیا بە پلەی دووەم هاتن لەم هەڵبژاردنەدا کە ململانێ بۆ دەسەڵات لە نێوان جەماعەتی فەتحوڵڵا گیولەن و ئەردۆغان ڕۆژڤی هەڵبژاردنەکانی داگیرکردبوو. ئەردۆغان، بزووتنەوەکەی گیولەن کە بزووتنەوەیەکی ئیسلامییە و هاوپەیمانی پێشووی خۆیەتی بە "پیلانگێڕی" بۆ لابردنی ئەردۆغان لەسەر دەسەڵات تۆمەتبار دەکرد.

لە لێدوانێکیدا دوای سەرکەوتنی پارتەکەی، ئەردۆغان هیچ هێمایەکی هێوربوونەوەی لە شەڕی گیولەنییەکاندا پێشان نەدا و دوژمنەکەی بە "خیانەتکار" وەسفکرد و بەڵێنی لەبندەرهێنانی گرووپەکەی لە گۆڕەپانی سیاسی تورکیا دا. جەماعەتی گیولەن کە گرووپێکی نافەرمیە و فەتحولڵا گیولەنی دانیشتووی ئەمریکا سەرکردایەتی دەکات، نەیاری ئۆتۆنۆمییە بۆ کورد و دژی پێدانی مافە کەلتوورییەکانی کوردە، هەرچەندە سەرۆکی گرووپەکە چەند جارێک نکۆڵی لەوە کردووە کە ئەو دژی پرۆسەی ئاشتی بێت لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان.



ئەردۆغان لە باشترین "خراپەکانە" بۆ کورد (فۆتۆ: AFP)

کوردی تورکیا گومانیان لە عەلمانی و ناسیۆنالیستەکانی تورکیا هەیە، چونکە ئەوان لە رابردوودا هەوڵیانداوە ڕێگە بە تەنانەت کەمترین مافی کەلتووریی کەمینەکان نەدەن.

لەبەرئەوە ئەگەر لە دیدگای کوردەوە سەیر بکەین، ئەوە لەوانەیە ئەردۆغان باشترین بێت لەنێو "خراپ"ەکاندا.

ئەردۆغانێکی هەڵبژێردراوی بەهێز دەتوانێت هیچ نەبێت پرۆسەی ئاشتی سەرلەنوێ بژێنێتەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە چەند مانگی رابردوودا بەهۆی سەرقاڵبوونییەوە بە تۆمەتی گەندەڵی و بڵاوکردنەوەی هەندێک مەلەفەوە، پرۆسەکە وەستێنرا.

لەنێو ئەو فایلانەی کە بڵاوکرانەوە، فایلێکی دەنگی هەبوو کە گوایە ڕێککەوتنێکی پێش هەڵبژاردنەکانی نێوان ئەردۆغان و عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەردەخات و بەپێی ئەو ڕێککەوتنە مافی ئۆتۆنۆمی بە کورد دەدرێت. نەیارەکانی ئەردۆغان هەوڵیاندا ئەو فایلە بەکاربهێنن و بە خەڵکی بڵێن کە ئەردۆغان نابێت متمانەی پێبکرێت لە کێشەی کورددا.

لە هەمانکاتدا ئۆجەلان لە نامەیەکی پێش نەورۆزیدا پشتگیری خۆی بۆ ئەردۆغان پیشاندا و لە نامەکەیدا جەختی لە گرنگی گفتوگۆکانی لەگەڵ حکومەت کردەوە و گوتی کە گفتوگۆکان نیازی باشی هەردوولای تاقیکردووەتەوە. ئەو دیالۆگە لەلایەن ئەردۆغانەوە دەستپێشخەری بۆ کراو پارتی ئاشتی و دیموکراسی وەکو ناوبژیوان کاری تێدا دەکات.

ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا ئەردۆغانێکی تازە بووژاوە تەرکیز دەخاتە سەر گەشاندنەوەی پرۆسەی ئاشتی یان خۆی بە ململانێی دوژمنە ناوخۆییەکانیەوە سەرقاڵ دەکات لە کاتێکدا کە ئەمساڵ لە هەڵبژاردنێکی ڕاستەوخۆدا خۆی بۆ سەرۆکایەتی وڵات کاندید دەکات.

بۆئەوەی سەرکەوێت، دەبێت 50%ی دەنگەکان بەدەستبهێنێ لە مانگی ئابی ئەمساڵدا. ئەو ڕێژەیەش تەنیا بە 5% جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو دەنگانەی کە ئەردۆغان لە هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی کۆتایی مانگی رابردوو بردییەوە.

دەنگی کورد لە باشووری ڕۆژهەڵات دەتوانێت ئەو 5%ە بۆ ئەردۆغان دابین بکات، بەڵام پشتگیریی کورد بۆ ئەردۆغان دەکەوێتە سەر ئەوەی کە ئایا ئەردۆغان تا چەند ئامادەیە خواستەکانی کورد جێبەجێ بکات.

## ڕاجی بیلیجی، سەرۆکی IHD لە ئامەد:

# پاکێجەکانی ئەردۆغان کاریان پێناکرێت

ماوەی ساڵێکە پرۆسەی ئاشتی لەنێوان حکومەتی تورکیا و PKK دەستی پێکردووە. ئایا کاریگەری ئەم پرۆسەیە چییە لەسەر مافەکانی مرۆڤ. لەم ساڵەدا شەڕ وەستاوە و چەکەکان بێدەنگ بوون. پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ کە لە ئەنجامی شەڕ دروست دەبن، کەمیان کردووە؟ کوشتنی مرۆڤەکان وەکو پێشتر نەماوە، گوشاری سەر گوندەکان کەمی کردووە و کەسیش بەهۆی شەڕەوە نامرێت. ڕاجی بیلیجی، سەرۆکی کۆمەڵەی مافی مرۆڤ (IHD) لقی ئامەد باسی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە باکووری کوردستان و تورکیا بۆ (ڕووداو) دەکات.

دەنیز سەرینجی
ڕووداو - ئامەد



**500** گیراوی کورد نەخۆشن و حکومەت ئازادیان ناکات

**ڕووداو: ئێستا ڕەوشی مافی مرۆڤ لە باکووری کوردستان چۆنە؟**

**بیلیجی:** ئێمە وەکو کۆمەڵەی مافی مرۆڤ زۆر خۆشحاڵین کە شەڕ وەستاوە. ئێمە هەمیشە داوامانکردووە کۆتایی بە توندوتیژییەکان بێت. بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە ئەم ڕەوشە بەردەوام بێت.

**ڕووداو: ئایا پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ هێشتا بەردەوامە؟**

**بیلیجی:** بەڵێ، لە خۆپێشاندانەکاندا پۆلیس زۆر بەتوندی ڕووبەڕووی خۆپیشاندەران دەبێتەوە. لە کوردستان حکومەت دەست دەخاتە نێو خۆپیشاندانەکان، خەڵک بریندار و دەستگیر دەکات. هەرچەندە خۆپیشاندانەکان ئاشتیانەش بن، بەڵام پێشێلکارییەکانی حکومەت هەر بەردەوامن، چونکە هیچ گەرەنتییەکی یاسایی نییە. هەروەها کێشەی دیکەش هەیە.

**ڕووداو: بۆ نموونە؟**

**بیلیجی:** خۆپیشاندانەکانی پارتی ئاشتی و دیموکراتی BDP یان هەر ڕێکخراوێکی دیکەی کۆمەڵگەی مەدەنی ئازادی ڕادەربڕینیان نییە. هەندێکجار شتە کوردییەکان وەکو ڕۆژنامەی ئازادی وڵات دادەخرێن و پیتی کوردی قەدەغە دەکرێت.

**ڕووداو: بەڵام لە پاکێجی دیموکراتیدا کە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک وەزیرانی تورکیا ڕایگەیاندبوو، سانسۆری لەسەر تیپەکانی زمانی کوردی لابردووە؟**

**بیلیجی:** ڕاستە، بەڵام لە پراکتیکدا هێشتا هەر قەدەغەیە ئەم تیپانە بەکاربێن. سەرەڕای ئەم پاکێجەی دیموکراتی و بەڵێنەکانی ئەردۆغان، نابێت لە ناسنامەدا کەس تیپەکانی کوردی بەکاربێنێت. ئەوانەی بەکاریشی دێنن، بەربەستیان بۆ دروست دەکرێت و ڕووبەڕووی دادگا دەبنەوە.

**ڕووداو: دیارە مردن بەهۆی شەڕەوە نەبووە، ئایا لە شوێنی دیکە هەبووە؟**

**بیلیجی:** ساڵی ڕابردوو چەند کەسێک بەهۆی ئەو مینانەی حکومەتەوە کە لەسەر سنوور دانراون مردوون. 580 زیندانی لە گرتووخانەکاندا نەخۆشن کە 500یان لە کوردستانن. حکومەت چاودێرییان ناکات و ئەوە دەبێتە هۆکاری گرفت. ئازادکردنیان پێویستە، بەڵام ئازاد ناکرێن. زۆر لە پزیشکەکان ڕاپۆرت بڵاودەکەنەوە و دەڵێن کە "ئەو کەسانە ناتوانن لە گرتووخانەکاندا بمێننەوە"، بەڵام حکومەت دەرفەتیان ناداتێ دەربچن. خەڵک لە زیندانەکاندا دەمرن. هەروەها ڕێ نادرێت خێزانەکانیان سەردانیان بکەن، ئاستەنگ دەخەنە بەردەم زمانی کوردی و توندوتیژیش زۆرە.

**ڕووداو: ساڵی ڕابردوو ئاشکرابوو کە زۆر منداڵ لە گرتووخانەکاندا ڕووبەڕوی ئەشکەنجە دەبنەوە و دەستدرێژییان دەکرێتە سەر، وەکو ئەوەی گرتووخانەی پۆزانتیا. ئێستا ڕەوشی منداڵان چۆنە؟**

**بیلیجی:** منداڵ لەلایەن حکومەتەوە وەکو تاوانبار سەیر دەکرێت و بەردەوام لەژێر هەڕەشەدایە. 15 ساڵ زیندانی دەکرێن بە بیانووی "بەرد هاویشتن". لە گرتووخانەکاندا دەبنە قوربانی ئەشکەنجە، دەستدرێژی و... هتد. منداڵێک چونکە لە خۆپێشاندانەکاندا تەنیا دەڵێ "بژی سەرۆک ئاپۆ"، سزا دەدرێت و چەندین ساڵ حوکم دەدرێت.

**ڕووداو: بەرپرسانی تورک دەڵێن ئەو منداڵانە توندوتیژی بەرامبەر پۆلیسی تورک بەکاردێنن؟**

**بیلیجی:** تۆ ئەگەر لێرەوە تاوەکو ناوەند بەپێ بڕۆی و هیچ شتێکیشت لەدەستدا نەبێت و پۆلیس دەستێوەردان نەکات، ئایا هیچ کێشە دروست دەبێت؟ ئەگەر پۆلیس دەستێوەر نەدات، خەڵک بۆچی هێرش دەکەنە سەر پۆلیس؟

**ڕووداو: ئێستا ئەو بارودۆخە چۆنە؟**

**بیلیجی:** بۆ ئەوەی زیان بە پرۆسەی ئاشتیی نێوان حکومەت و PKK نەکەوێت، کورد ئێستا چالاکی زۆر ئەنجام نادەن و بەو هۆیەوە ئارامی پەیدا بووە.

# "تا مردن بەدوای ئێسک و پروسکی هاوسەر و کوڕەکەمدا دەگەڕێم"

**دەنیز سەرینجی**
**ڕووداو– ئامەد**

کۆمەڵەی "دایکانی شەممە" شەممەی هەفتەی ڕابردوو جارێکی دیکە لە پارکێکی شاری ئامەد کۆبوونەوە و داوای چارەنووسی ونبووەکانیان لە دەوڵەت کرد. "دایکانی شەممە" وێنەی هاوسەر و منداڵە بزرکراوەکانیان بەرز کردەوە.

لە ساڵانی نەوەتەکاندا لە باکووری کوردستان، لەسەردەمی شەڕی PKK و سوپای تورکیادا، بە هەزاران ڕۆژنامەنووس، سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیری کورد لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە ڕفنێران و تاوەکو ئێستا چارەنووسیان دیار نییە. لە نێو ڕای گشتی تورکیا ئەو تاوانانە بە "تاوانی بکەر نادیار" ناودەبرێن.

خەدیجە تەکداغ، هەموو ڕۆژانی شەممە ڕوودەکاتە پارکێکی ئامەد بۆ ئەوەی لە چارەنووسی هاوسەری خۆی بپرسێت. خەدیجە لە ساڵی 1994ەوە لە هەموو شوێنێک لە هاوسەری خۆی دەگەڕێت، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ ئەنجامێکی بەدەست نەهێناوە. ئەو ژنە بە (ڕووداو)ی گوت "20 ساڵ لەمەوبەر ڕۆژێکیان من و عەلی تەکداغی هاوسەرم چووینە نێو شار. چوار پیاوی چەکدار هاتن. خۆیان وەک پۆلیس ناساند و هاوسەرەکەمیان برد و چیدی نەمبینییەوە".

خەدیجە لەبەر بێدەنگیی دەسەڵاتدارانی تورکیا، سەردانی دادگای مافەکانی مرۆڤی ئەوروپاشی کردووە. ئەو دادگاکانی تورکیا مەحکوم دەکات لەبەر ئەوەی "لە مافی ژیانی عەلی تەکداغ ناپرسن". خەدیجە دایکی هەشت منداڵە (سێ کچ و پێنج کوڕ). دوای بێسەروشوێنکردنی عەلی، کوڕێکی ڕووی لە چیا کرد و چووە ڕیزی گەریلاکانی PKK، بەڵام لە شەڕێکدا گیانی لەدەستدا، دەوڵەتی تورک جەنازەکەی بە دایکەکەی نەدایەوە "ساڵی 1995 بوو، من سۆراخی مێردەکەم دەکرد، دوای شەش مانگ کوڕەکەشم شەهید بوو، قەرەقۆلێک بۆمبێکیان هاویشتە نێو کۆمەڵێک گەریلا و هەموویان کوژران، لەو کاتەوە من داوای ئێسکەکانی دەکەم".

خەدیجە کۆتایی بە قسەکانی دەهێنێت و دەڵێ "لەهەر شوێنێک بێت، با جەنازەی کوڕەکەمم پێشانم بدەن تاوەکو ئێسکەکانی ببینم. من بەردەوام بە دوایدا دەگەڕێم و دەستبەرداری نابم".

دلبەر بولوتیش هەمان چیرۆکی هەیە. ئەویش هاوسەر، مام و سێ ئامۆزای بێسەروشوێنن. مستەفا بولوتی هاوسەری ساڵی 1994 لە ناوچەی لجێی سەر بە ئامەد لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراوە و دوای ئەوە کەس نەیبینیوە "ئێمە لە گوند بووین. سێ ڕۆژ شەڕبوو. هێزی سوپا هاتە سەر ماڵمان و هاوسەرەکەمیان برد، لەو کاتەوە تاوەکو ئێستا هیچ هەواڵێکی نییە".

دلبەر بە (ڕووداو)ی گوت لە کاتی بێسەروشوێنبوونی هاوسەرەکەیدا کوڕەکەی تەمەنی بیست ڕۆژ بووە. واتە بەبێ باوک گەورە بووە. بۆیە لەلایەنی دەروونییەوە زۆر زەحمەتی بینیوە. دلبەر ئەمەی گوت و داوای کرد "هاوسەرەکەم لە کوێیە؟ کوژراوە یان نا؟ ئەگەر کوژراوە با ئێسکەکانم بدەنەوە".

ڕەمزیە بەیرامیش وەکو دلبەر و خەدیجە بە دوای خزمە بێ سەروشوێنکراوەکەیدا دەگەڕێت. شیرین بەیرەم، کوڕی ڕەمزیە ئەوکاتە تەمەنی 18 ساڵ بوو. لە ساڵی 1996ەوە بێسەروشوێنە. ڕۆژێکیان جەندرمەکان هاتنە ماڵیان لە ئامەد و ئەویان لەنێو جێگادا دەرهێنا و لەگەڵ خۆیان برد. دوای دوو ڕۆژ، پۆلیس وەڵامی دایەوە و نکۆڵییان لەوە کرد کە شیرین لای ئەوان بێت. کوڕێکی دیکەی ڕەمزیەش چووە ڕیزەکانی PKK و ئەویش لە شەڕدا گیانی لە دەستدا.

ڕەمزیە دەڵێت "شەو و ڕۆژ، هاوین و زستان لەنێو دێهاتەکاندا دەگەڕێم، کاریگەری بێسەروشوێنبوونی جگەرگۆشەم وەسف ناکرێت و ئەوەی شەهیدیش بووە گۆڕی نییە". ڕەمزیە هەروەها گوتی "تاوەکو دواهەناسەم بە دوای کوڕەکەمدا دەگەڕێم. ئەگەر لە ژیاندا نەماوە داوای ئێسکەکانی دەکەم."

مەزندە دەکرێت لە ساڵانی نەوەتەکاندا لە باکووری کوردستان نزیکەی 17.500 ڕۆژنامەنووس، سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیری کورد و هاووڵاتی ئاسایی لەلایەن (دەوڵەتی قووڵ)ەوە کوژرابن و بێسەروشوێن کرابن.



رووداو
کاروباری سیاسی
ژمارە (304) دووشەممە 2014/4/7

## لیژنەیەکی نوێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر و بەغدا پێکدەهێنرێ

**رووداو- بەغدا**

لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا باقر زوبەیدی، سەرۆکی فراکسیۆنی مواتنی سەر بە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق رایگەیاند "سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لەگەڵ سەرۆک فراکسیۆنەکانی نێو پەرلەمان کۆبووە و بڕیاریاندا لیژنەیەکی سێقۆڵی نوێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا پێکبهێنرێ و تاوەکو کاتی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە کە بوونەتە هۆی پەسەندنەکردنی پرۆژەیاسای بودجەی فیدراڵی ساڵی 2014، پەرلەمان کۆنەبێتەوە". زوبەیدی راشیگەیاند "بڕیارە لیژنە نوێیەکە ئەمڕۆ دووشەممە لەگەڵ حوسێن شەهرستانی، جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ کاروباری وزە کۆببێتەوە.



لەبەرئەوەی بەشداری بانگەشەی هەڵبژاردنەکان ناکات

# یەکێتی بۆ بەرهەم ساڵح: مافی ئەوەت نییە باسی بەڕێوەبردنی یەکێتی بکەی



**هێڤیدار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

بەرپرسانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەسەر بەڕێوەبردنی حیزبەکەیان دوا هۆشدارییان داوەتە بەرهەم ساڵح، جێگری دووەمی سکرتێری یەکێتی کە نایەوێ لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا دەربکەوێ.

کێشەی بەڕێوەبردنی یەکێتی بەردەوامی هەیە و بەرپرسانی ئەو حیزبە نەیانتوانیوە بەسەر کێشەکاندا زاڵ بن، بەتایبەتی دوای ئەوەی بەرهەم ساڵح رەتیکردەوە کە سەرپەرشتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان بکات و کۆسرەت رەسوڵ ئەو ئەرکەی لەئەستۆ گرت.

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئاشکرای کرد کە بەرهەم ساڵح داوایەکی دیکەی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدی لەوبارەوە رەتکردووەتەوە، بەڵام ئەمجارە "بەنەرمی" ئەو داوایەی رەتکردەوە.

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی گوتی "بەرهەم ساڵح پێشتر بەفەرمی ئەو داوایەی رەتکردەوە کە سەرپەرشتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی یەکێتی بکات". بەڵام دوای ئەوەی چەند ئەندام مەکتەب سیاسییەک سەردانی بەرهەم ساڵحیان کرد، دووبارە ئەو داوایەیان لێکردەوە، بەڵام ئەمجارە جیاواز بوو". ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ئامادە نەبوو هیچ زانیارییەکی دیکە لەو رووەوە بدرکێنێ.

بەڵام (رووداو) زانیویەتی کە شۆڕش ئیسماعیل، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە هەندێ کۆبوونەوەدا لە رۆژانی رابردوو گوتبووی بەرهەم ساڵحیان تێگەیاندووە لەوەی ئەگەر بەشداری نەکات لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا ئەوا ئیدی مافی ئەوەی نییە دوای هەڵبژاردنەکان باسی بەڕێوەبردنی یەکێتی بکات.

رەنگە ئیدی ئەمە توندترین هەڕەشە بێت بۆ بەرهەم ساڵح، کە چی دیکە باسی دەسەڵاتەکان و ئیدارەکردنی یەکێتی نەکات. بەرهەم ساڵح لە 2014/2/1 وازهێنانی خۆی لە پۆستی جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی راگەیاند و گوتی تاوەکو بەستنی کۆنگرە ئەو وەکو ئەندامێکی ئاسایی یەکێتی دەمێنێتەوە.

شۆڕش ئیسماعیل، بێ ئەوەی ئەم هەواڵە پشتڕاست بکاتەوە یان رەتیبکاتەوە ئامادە نەبوو هیچ قسەیەکی لەسەر بکات.

سەرچاوەیەکی نزیک لە بەرهەم ساڵح گەیشتنی ئەم پەیامانەی پشتڕاستکردەوە و بە (رووداو)ی گوت "نەک تەنیا کاک شۆڕش ئەو پەیامەی گەیاندووەتە کاک بەرهەم، بەڵکو هەندێ کەسی دیکەش ئەو قسەیان پێگەیاندووە". گوتیشی "بەرهەم ساڵح گوتوویەتی هیچ خیتاب و قسەیەکم نابێ لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکان، بەس دەتوانم هاوکاری کاندیدەکان بکەم و سەردانی هەندێ ماڵان بکەم، بەڵام ئامادەنیم دەربکەوم".

عیماد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان سەبارەت بەبڕیارەکەی بەرهەم ساڵح بە (رووداو)ی گوت "وا چاوەڕوان دەکەم هەموو سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی یەکێتی بەشداری بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی یەکێتی بکەن".

ئەم پەیامە تەنیا لە رێگەی پەیوەندی دووقۆڵییەوە نەبووە، بەڵکو لەرێگەی راگەیاندنەوەش پەیامەکە گەیشتووە، شاناز ئیبراهیم ئەحمەد، خوشکی هێرۆ ئیبراهیم لە رێی نووسینی وتارێکەوە پەیامێکی توند دەداتە بەرهەم ساڵح.

لە 2014/4/2 لە رۆژنامەی کوردستانی نوێدا کە زمانحاڵی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە، شاناز ئیبراهیم ئەحمەد بەناوی "قەیرانەکان" وتارێکی نووسیوە کە تێیدا باسی قەیرانەکانی نێو یەکێتیش دەکات و لە کۆتایی وتارەکەدا بە ناڕاستەوخۆ رووی قسەکانی لە بەرهەم ساڵح دەکات و دەڵێ "ئەم ئەڵێ و ئەو ئەڵێکان زۆرن و قەیرانەکانیش رۆژ بەڕۆژ زیاتر ئەبن، بەڵام خۆ ئێستاش هەر نەچووە بچێ و ئاخری دنیا نییە و هەموو قەیرانێک چارەسەری خۆی هەیەو ئەکرێت زیان لەنیوەیدا بگەڕێتەوە، بەڵام ئەگەر هەندێک نەهاتنە پێشەوە ئەوا دەبێ بزانن کە بۆیان نییە سبەینێ دەستە چەورەکەی خۆیان بەسەری کەسانی تردا بسڕن و ئەبێ هەر خۆیان باجی هەموو نەهامەتییەکان بدەن".

زانا روستایی، سەرۆکی لیستی کۆمەڵ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە هەولێر:

# لەگەڵ ئەوەم مامۆستا عەلی باپیر واز لە پۆستەکەی بهێنێت

زانا روستایی، سەرۆکی لیستی کۆمەڵی ئیسلامی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە پارێزگای هەولێر، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) دەڵێت: سوورە لەسەر هەڵوێستی پێشووی خۆی کە داوای کردبوو عەلی باپیر واز لە پۆستی ئەمیری کۆمەڵ بهێنێت، سەبارەت بە هەڵبژاردنیش دەڵێت: ئەو دەنگانە دەهێننەوە کە پێشتر عەلی باپیر هێنابوونی و پێشبینی دوو کورسیش دەکات بۆ حیزبەکەی لە هەولێر.

هەڤپەیڤین: مەحمود یاسین کوردی



**رووداو: دەگوترێ پارتی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی بۆ کۆمەڵی ئیسلامی داناوە، بەڵام کۆمەڵ دەڵێن ئەگەر مۆبایل، فڕۆکەخانە و شەمەندەفەری لەسەر نەبێت ئەو وەزارەتەمان بۆچییە؟**

**زانا روستایی:** ئەم هەواڵە ئەگەر راست بێت جۆرێکە لە گاڵتەکردن بە عەقڵی سەرکردایەتی کۆمەڵ. ئەوە تەنیا پێیدەگوترێت غرور و بێ منەتی. چونکە لە دیدارەکاندا چەندین بژاردەمان خستووەتە بەردەم شاندی دانوستاندنکاری پارتی و هیچ جارێک باسی ئەو وەزارەتە نەکراوە.

**رووداو: ئەگەر وەزارەتی گواستنەوە ئیستیحقاقی کۆمەڵ بێت، بەشداری کابینەی داهاتوو دەکەن؟**

**زانا روستایی:** من لەگەڵ ئەوە نیم شت بسەپێنرێت بەسەر کۆمەڵ کە دەتەوێت ئەوەیە و ناتەوێت ئەوەیە، ئەوکات کۆمەڵی ئیسلامی پێویستە بە دەنگێکی بەرز ئەو کوێخایەتییە رەتبکاتەوە.

**رووداو: لە هەڵبژاردنی رابردوودا کۆمەڵی ئیسلامی 18%ی دەنگەکانی کەم کردبوو، هۆکارەکان چی بوون؟**

**زانا روستایی:** هۆکاری سەرەکی بریتی بوو لە کاریگەرنەبوونی گوتاری سیاسی کۆمەڵ و سستی رێکخستنەکانی لە چوونە ناو جەماوەر، وێڕای بێ متمانەیی بەرامبەر کۆمیسیۆن و ساختەکاریی بە بەرنامە.

**رووداو: لە 2010 کۆمەڵ بە کاندیدکردنی عەلی باپیر نزیکەی 62706 دەنگی هێنا، بەڵام دواتر دەنگی کەمی کرد، چاوەڕێ دەکەن لەم هەڵبژاردنە دەنگەکانتان بگاتەوە ئەو ئاستە؟**

**زانا روستایی:** بەڵێ پێمانوایە دەبێ لەو ئاستەش بەسەرەوەتر بێت، چونکە چوار ساڵ تێپەڕی کردووە و هۆشیاری دەنگدەر زیاتر بووە و پەرێزی کۆمەڵیش باشتر روون بووەتەوە.

**رووداو: دەنگەکانتان بۆ کێ چوون؟**

**زانا روستایی:** بەشێک لە دەنگدەری ئیسلامییەکان هاوبەشە، بۆیە بانگخوازێکی وەکو حاجی کاروان کاریگەری هەبوو لەسەر دەنگەکانمان، بەشێکی دیکەش کەوتە ژێر کاریگەری گوتاری بزووتنەوەی گۆڕان و بەشێکیشیان رەنگە بەشداری هەڵبژاردنیان نەکردبێت.

**رووداو: تاوەکو چەند گۆڕان ئیشی لەسەر دەنگ ء کادیر و ئەندامانی ئێوە کردووە؟**

**زانا روستایی:** وەکو ئیشکردن هەستمان پێ نەکردووە، بەڵام کەسێک بە خۆی کەوتبێتە ژێر کاریگەری گوتاری بزووتنەوەی گۆڕان بە دووری نازانین ئەوە روویدابێت.

**رووداو: چاوەڕێی چەند کورسی دەکەن لە هەولێر؟**

**زانا روستایی:** ئامانجمان لە هەولێر دوو کورسییە.

**رووداو: بەڕێزتان پارێزەر و پەرلەمانتاری پێشوون، بەڵام لە پاڵ تۆ، کۆمەڵ مامۆستایەکی ئاینی ناسراوی هەولێری کاندید کردووە، پێتوایە دەنگدەری کۆمەڵ دەنگ بە یاساییەکی وەکو تۆ نەدەن، بەڵکو بیدەنە بانگخوازێک؟**

**زانا روستایی:** هەڵبژاردن بریتیە لە راکێشانی دەنگی جەماوەر، ئەگەر ئەو دەنگە بانگخوازێک کاریگەری لەسەر هەبێت حیزبەکان پەنا دەبەنە بەر بانگخوازەکان بۆ راکێشانی ئەو دەنگانە، بۆ نموونە پارتی پەنا دەباتە بەر سەرۆک خێڵ و هۆزەکان. هەریەک لە بەندە و مامۆستا سەلیم کاریگەریمان لەسەر چینێکی دەنگدەر هەیە بەهەردووکیشمان ئامانجمان بریتییە لە بەرزکردنەوەی رێژەی دەنگی ئیسلامی لە هەولێر، بۆیە هەردووکمان دەنگی تایبەتی خۆمان هەیە و میزاجی دەنگدەری کوردیش لەوبارەوە رۆڵ دەبینێت.

**رووداو: لە ماوەی رابردوودا پرسی جیاکردنەوەی پاشگری ئیسلامی لەلایەن ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی ئێوە ورووژێندرا، بۆچی ئیسلامییەکان جورئەتی چاکسازی ء گۆڕانکاری ناکەن تەنانەت لە ناوەکانیان؟**

**زانا روستایی:** ئەمە قۆناغە و حیزبە ئیسلامییەکان ئەگەر چاکسازی نەکەن لە میکانیزمی کارکردن و شێوازی بیرکردنەوەیان بەجێ دەمێنن. ئەمڕۆ خەڵک لەلای گرنگ نییە ئەو حیزبە ناوی چییە، بەڵکو ئەوەی لا گرنگە کە ئەو حیزبە چی پێیە و چی پێدەکرێت؟ کۆمەڵ و یەکگرتوو پێویستە بڕیارێکی ئازایانە بدەن کە بەڕای من گرنگترین بڕیار لەم قۆناغە بریتیە لە یەکگرتنی ئەو دوو حیزبە، چونکە هەردووکیان جیاوازییەکانی نێوانیان کاڵ بووەتەوە، ئیدی ئەو بارودۆخە و سروشتی ململانێ فیکری و سیاسییەکان وا دەخوازن بە قەبارە و بەرنامەیەکی گەورەتر بێنە مەیدان. قەوارەو گرووپ و حیزبی بچووک ئاسۆی بەردەمیان روون نییە، پێویستە بیر لە چوارچێوەی فراوانتر بکرێتەوە بۆ کۆکردنەوەی هاوئامانجەکان، بۆیە داواکارم کۆمەڵ و یەکگرتوو کۆببنەوەو یەکبگرن، ئەگەرنا با ناوی خۆیان بگۆڕن، ئێمە با نەڵێین کۆمەڵ و ئەوانیش با نەڵێن یەکگرتوو کە نەتوانن کۆببنەوە و یەکبگرن.

**رووداو: تۆ یەکەم کەس بووی بەڕاشکاوانە پێش بەستنی کۆنگرەی کۆمەڵی ئیسلامی داوای دۆزینەوەی بەدیلت بۆ (مامۆستا عەلی باپیر) ئەمیری ئێستای کۆمەڵ کرد، لەسەر هەڵوێستی خۆت ماوی؟**

**زانا روستایی:** بەڵێ. لە کۆنگرەی 2010 من و کۆمەڵێک کادیری پێشکەوتووی کۆمەڵ کە راسپێردرابووین بە ئامادەکردنی پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆ بۆ کۆنگرە، مەسەلەی تەنیا دوو خول بۆ پۆستەکانی ئەمیر و سەرکردایەتیمان خستەڕوو، بەداخەوە ئەو پرۆژەیە لەبار برا. تەنیا رەنگی پرتەقاڵیمان لێوەرگیرا.

من ئێستاش لەگەڵ ئەوەم مامۆستا عەلی باپیر واز لە پۆستی ئەمیری کۆمەڵ بهێنێ و سیستەمی هاوسەرۆکی (سەرکردایەتی بەکۆمەڵ) پیادە بکرێت لەلایەن سێ کەس، بۆ ئەوەی خەڵک فێر بکەین لەدەوری بەرنامە کۆببنەوە نەک لە دەوری تاکەکەس. مامۆستا عەلی باپیریش خۆی تەرخان بکات بۆ ئەوەی ببێتە موڵکی هەموو کوردێک وەکو بیریار و مونەزیر و نووسەرێکی بە توانا و کەسایەتییەکی نیشتیمانی ناوەندگیر و ئاشتیخواز. نەک بەمجۆرەی ئێستای مامۆستا سەلاحەددین بەهائەددین کە بە تەواوی لە شانۆی سیاسی دوورکەوتووەتەوە.

**رووداو: لە دهۆک ء کەرکووک کۆمەڵی ئیسلامی دەنگی دەسووتێ، یەکگرتووش لە دهۆک ء کەرکووک پێویستی بە دەنگی ئێوە هەیە، لە جیاتی دروستکردنی بەرەی ئیسلامی چاکتر نییە ئێوە لە پێناو بەرژەوەندی لیستە ئیسلامییەکانی دیکە پاشەکشێ بکەن لە دهۆک ء کەرکووک؟**

**زانا روستایی:** دەکرا بە رێککەوتن بێت، لە دهۆک کۆمەڵ بۆ یەکگرتوو بکشابایەوە و لە کەرکووک یەکگرتوو بۆ کۆمەڵ کشابایەوە، یان لەو دوو پارێزگایە بەیەک لیست بەشدارییان بکردایە، بەمجۆرە هیچ دەنگێک نەدەفەوتا. ئەو گلەییە رەنگە بە رێژەی جیا لە هەردوولا بکرێت.

**رووداو: ئەمیری کۆمەڵ سەردانی رابەری گشتی بزووتنەوەی ئیسلامی کرد، بەڵام هێشتا ساردوسڕی لە نێوانتان ماوە، کێ هەوڵی دوورخستنەوەتان لە یەکدی دەدات؟**

**زانا روستایی:** نامەوێ کەس تاوانبار بکەم چونکە ئەگەر ئیرادەی نزیکبوونەوەی زیاتر هەبێت هیچ هێزێکی دەرەکی ناتوانێت لێکمان دووربخاتەوە، بەڵام ئەو ئیرادەیە بە تەواوی دروست نەبووە. هەرچەندە کۆمەڵ دەستی برایەتی بەردەوام درێژ کردووە.

دەبێت کۆمەڵی ئیسلامی کوێخایەتی رەتبکاتەوە

حاجی کاروان کاریگەری لەسەر دەنگی کۆمەڵ هەبوو

ئەگەر وەزارەتی گواستنەوەمان بدەنێ یاری بە عەقڵمان دەکەن

# هەڵبژاردنی ئەمجارە بۆ حیزبی قەنەفەیە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو – سلێمانی**

دەنگدەرانی هەڵبژاردنەکانی 30 نیسان، کەمێک سەریان سووکترە بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو، چونکە ژمارەی هێزە ڕکابەرەکان لە هەرێمی کوردستان کەمترن و تەنانەت ناوی ئەو قەوارە و هێزانەشی تێدا نییە کە ئەوان ناویان زۆر نەبیستوون. بەڵام ئەمە بۆ ئەو هێزانەی کە هەریەکەیان دەڵێن بە هۆکارێک بەشدارییان نەکردووە، بارێکی پڕ گلەیی سیاسی بەدوای خۆیدا هێناوە.

جگە لە لیستەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، بزووتنەوەی ئیسلامی، هاوپەیمانی نیشتمانی کوردستان (سۆشیالیست، شیوعی و زەحمەتکێشان)، لیست و قەوارەی دیکە لە هەرێمی کوردستان بەرچاوناکەون بە پێچەوانەی هەڵبژاردنەکانی ڕابردووی پەرلەمانی کوردستان لە 2013/9/21 کە زۆربەی حیزبە بچووکەکانیش تێیدا بەشداربوون. بەڵام پاساوەکانی بەشدارینەکردنی ئەو حیزبانە جیاوازن.

## "لەبەر بێ پارەیی بەشداریمان نەکرد"

حیزبی ئایندەی کوردستان کە سکرتێرەکەی قادر عەزیزە، یەکێکە لەو حیزبانەی نەهاتووەتە نێو هەڵبژاردنەکانەوە، ئەوە لەکاتێکدا لە هەڵبژاردنی ڕابردوو قادر عەزیز سەردانی کۆمیسیۆنی کرد و وەکو کاندید بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ناوی خۆی تۆمار کرد، بەڵام هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی نەکرا.

حیزبی ئایندە لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی 2013دا، بە کاندیدکردنی ژمارەیەک ڕووخساری ناسراو ململانێی دەکرد، بەڵام بێئەنجام لە پرۆسەکە چووە دەرەوە. قادر عەزیز، سکرتێری حیزبی ئایندە دەڵێ "ئێمە لە یادی دامەزراندنی حیزبی ئایندەدا بە بەیانێک ڕوونمانکردووەتەوە کە بۆچی بەشداری لەو هەڵبژاردنانە ناکەین".

بەپێی ئەو ڕاگەیێندراوە، حیزبەکە لەبەر "خراپیی باری ئابووری و نەبوونی دەزگای ڕاگەیاندن و ترس لەو ساختەکارییەی کە بەردەوام لە هەڵبژاردنەکان لە دژی ئەنجام دەدرێ، نەیتوانی لیستی هەبێ و بەشداریی لە هەڵبژاردنەکان بکات".

هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کە بڕیارە ڕۆژی 30ی نیسان ئەنجام بدرێن، دەبێتە تاقیکردنەوەیەکی نوێ بەبێ حیزبە بچووکەکان و ململانێیە قورسەکە لە نێوان 5 هێزە ڕکابەرەکەدا چڕ دەبێتەوە. هەروەک چۆن ئەو ململانێیە لە نێوان ئەو هێزانەدا بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەم بەردەوامی هەیە.

## بچن یان نەچن ڕەنج بەخەسارن

نەجات سورچی، سەرۆکی پارتی پارێزگارانی کوردستان، دەڵێ ئەو غەدرە گەورەیەی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا لە پارێزگاران کراوە، وای لێکردوون چیدی بەشداریی هەڵبژاردن نەکەن "پارێزگاران بچێتە هەڵبژاردن یان نەچێت، هەر ڕەنج بە خەسار دەبین و هیچ ناگۆڕێت".

ناوبراو باسی دەنگەکانی خۆیان دەکات لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا و دەڵێت "10 هەزار و 440 دەنگمان لە هەولێر هێنا، کەچی دوای 10 ڕۆژ گوتیان 2 هەزار و 430 دەنگتان هێناوە، سکاڵامان تۆمارکرد و هیچ ئەنجامێکی نەبوو".

نەجات سورچی پێیوایە ڕێز لەدەنگدەر ناگیرێ و 6 مانگە حکومەت دروستنەبووە "لەلایەکی دیکەوە پارتی خۆی هەموو شتەکانی بەدەستە، بۆیە تەنانەت بڕیاریشمان نەداوە دەنگ بەکێ دەدەین".

سەرۆکی بزووتنەوەی ڕزگاری دیموکراتی کوردستان، هۆکاری بەشدارینەکردنی حیزبەکەی لە هەڵبژاردن بۆ نەبوونی پارە گێڕایەوە و گوتی "چەند مانگە حیزبەکان یەک دیناریان وەرنەگرتووە، بۆیە نەمانتوانی بەشداری بکەین". عەبدوڵڵا نازەنینی کە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان چوونە پاڵ یەکێتی، بۆ ئەمجارە دەڵێ "تەنانەت بە لایەنگرانی خۆشمان نەگوتووە دەنگ بە کێ بدەن، بەڵام پێمان خۆشە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و بەرامبەر بەغدا، دەنگی کورد زۆر و بەهێز بێت".

هەندێک لە حیزبە چووکەکان لە هەڵبژاردنی پێشوودا، هەر بە هەمانشێوە نەیانتوانی وەک لیستی سەربەخۆ بەشداری بکەن و چوونە پاڵ یەکێتی و پارتی و حیزبەکانی دیکە، بەڵام ئەمجارە ڕێگای بەشدارینەکردنیان هەڵبژاردووە.

ڕێکار ئەحمەد، سکرتێری حیزبی ڕزگاری، هۆی بەشدارینەکردنی خۆیان دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی "بڕوامان بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق نییە، چونکە خۆمان بە بەشێک لە عێراق نازانین". ئەو بەرپرسەی حیزبی ڕزگاری ڕەخنەی توندیشی لە حیزبە باڵادەستەکانی هەرێمی کوردستان هەیە و وای دەبینێ کە هەڵبژاردنیان کورتکردووەتەوە بۆ هیلاککردنی خەڵک و دەڵێ "ئەو ساختەکاریەی دەکرێ، تروسکایی نەهێشتووەتەوە بۆ ئەوەی بەشداری لە هەڵبژاردن بکەیت، کۆمیسیۆن ناتوانێ کۆنترۆڵی بنکەکانی هەڵبژاردن بکات و دەنگەکان دەسووتێنرێ".

حیزبەکەی ڕێکار ئەحمەد لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بە لیستی سەربەخۆ بەشداری کرد و ئەنجامەکەی خراپ بوو. ئینجا نموونە بە هەڵبژاردنە شارەوانییەکانی تورکیا دێنێتەوەو دەڵێ مەرج نییە هەموو حیزبێک بەشداری لە هەڵبژاردن بکات "لە تورکیا نزیکەی 70 حیزب هەن، کەچی نزیکەی 25 حیزب چوونە هەڵبژاردنەوە".

ئەگەر بەپێی نەخشەی نوێی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە پلەبەندی بۆ حیزبەکان بکرێ لە هەرێمی کوردستان، پارتی و بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی بە 3 حیزبی سەرەکی و یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی، وەک دوو حیزبی مام ناوەند و هەریەکە لە سۆشیالیست و زەحمەتکێشان و شیوعی بوونەتە حیزبی یەک کورسی. هەرچی ئەو حیزبانەشە کە پێشتر پێیاندەگوترا حزبی بچووک، لەو دوو هەڵبژاردنەی 2009 و 2013 دا ئەنجامەکانیان بە شێوەیەک بوون کە لەلایەن زۆر کەسەوە بە "دووکانی سیاسی" ناوبران، ئێستاش ناوێکی تازەیان لێنراوە کە پێیاندەگوترێ "حیزبی قەنەفە".



زۆربەی حیزبە بچووکەکان دەڵێن لەبەر بێ پارەیی بەشداری هەڵبژاردنمان نەکرد (فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

## دەنگی ڕووسی بۆ شیوعییە

خدر ڕووسی، سەرۆکی بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان، کە کاندیدی حیزبەکەی بوو لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا، پێیوایە لە کوردستان "حیزبایەتی بووەتە پارە" و هۆی چوونە پاڵ حیزبی شیوعی دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی "لەبەر بێ پارەیی نەمانتوانی کیانی سەربەخۆمان هەبێ لەم هەڵبژاردنە".

بەبڕوای ناوبراو "ئەوەی پارەی نەبێ، نە دەتوانێ حیزبایەتی بکات و نە دەتوانێ بانگەشەی هەڵبژاردن بکات و خۆی بە خەڵک بناسێنێ، قەبارەی هەر حیزبێک بە ئەندازەی ئەو پارەیەیە کە هەیەتی".

### ناوی لێنراوە مانگی دیمۆکراسی

# یەک ملیار کەس لەم مانگەدا دەنگ دەدەن

**ڕووداو– The Guardian**

بەگوێرەی ژمارەکان، مانگی نیسان دەکرێ ناوی لێبنرێ مانگی دیمۆکراسی لەسەر ئاستی جیهان. لەماوەی ئەم مانگەدا لە شەش وڵاتی جیهان هەڵبژاردن بەڕێوەدەچێت و کۆی گشتی دەنگدەران لە سەرجەمی ئەم وڵاتانەدا دەگاتە سەرووی یەک ملیار کەس. وڵاتەکانیش بریتین لە هیندستان، ئەفغانستان، هەنگاریا، ئیندۆنیزیا، جەزائیر و عێراق. لە کۆتایی مانگی ڕابردووشدا 50 ملیۆن کەس لە تورکیا دەنگیان دا.

## لە هیندستان 815 ملیۆن کەس دەنگ دەدەن

بڕیارە سبەی دووشەممە 2014/4/7 لە هیندستان نزیکەی 815 ملیۆن کەس ڕوو لە بنکەکانی دەنگدان بکەن بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان. پێشبینی دەکرێت نارێندرا مۆدی لەو هەڵبژاردنەدا سەرکەوتن بە دەست بهێنێت.

**فاکتەری ئازادی و دادپەروەری:** بەپێی پێوەری نێودەوڵەتی 3 خاڵە لەکۆی پێنج خاڵ. ئەگەر وڵاتێک یەک خاڵی هەبێت ئەوە تەواو گەندەڵە، ئەگەر پێنج خاڵی هەبێت ئەوە تەواو دیموکراسییە.

**نیگەرانی گەورە:** بەپێی قسەی سەرۆکی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان، دڵنیابوون لەوەی لە ماوەی شەش هەفتەی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان هیچ کارەساتێک ڕوونادات "دەستکردی مرۆڤ یان سروشتی".

**کاریگەری لەسەر جیهان:** پێویستە سەرۆک وەزیرانی نوێ گورپداتەوە بەرئابووریی هیندستان و لەگەڵ هاوپەیمانە هەرێمی و نەیارەکانی کاربکات بۆ دڵنیاییدان لە بەرقەرار بوونی ئاشتی و خۆشگوزەرانی لە باشووری ئاسیا.

## سندووقەکانی دەنگدان بە گوێدرێژ گواسترانەوە

سەرەڕای هەڕەشەکانی تاڵیبان، بەڵام هاووڵاتیانی ئەفغانستان ڕۆژی 5ی نیسان بە گوڕ و تینەوە ڕوویان لە بنکەکانی دەنگدان کرد. تەنانەت سندووقەکانی دەنگدان بەسەر پشتی گوێدرێژەوە گەیەنرانە ئەو گوندانەی تاوەکو ئێستا ڕێگەی هاتوچۆی ئۆتۆمبێلیان نییە.

لەو هەڵبژاردنەدا 12 ملیۆن کەس مافی دەنگدانیان هەبوو، پاڵێوراوانیش بۆ سەرکەوتن بریتین لە ئەشرەف خانی، عەبدوڵڵا عەبدوڵڵا، زاڵمای ڕەسول. بەڵام پاڵێوراوی سەرکەوتوو دیار نییە تاوەکو قۆناغی دووەمی هەڵبژاردن ئەنجام نەدرێت.

**فاکتەری ئازادی و دادپەروەری: 2 خاڵ**

**کاریگەری لەسەر جیهان:** یەکەمین گواستنەوەی دیموکراسی و ئاشتیانەی دەسەڵات دەستکەوتێکی گەورە دەبێت، بەڵام ئەمە تەنیا نیوەی بابەتەکەیە. پێویستە لەسەر سەرۆکی نوێ گەلێکی پەرتەوازەبوو یەکبخاتەوە، ستاندارەکانی ژیان بەرزبکاتەوە، بەرامبەر تێکدەرە هەرێمییەکان بوەستێتەوە و بۆشایی ئەمنی دوای کشانەوەی هێزە خۆرئاواییەکان پڕبکاتەوە.



لە ئەفغانستان سندووقەکانی دەنگدان بە گوێدرێژ گواسترانەوە (فۆتۆ: AFP)

## ئیندۆنیزییەکانی کوردستان دەنگیان دا

هەرچەندە هەڵبژاردنی ئیندۆنیزیا لە 9ی مانگ ئەنجام دەدرێت، بەڵام باڵیۆزخانەی ئەو وڵاتە لە ڕۆژی 2014/4/5 بنکەیەکی دەنگدانی لە یەکێک لە هوتێلەکانی شاری هەولێر کردەوە، بۆ ئەو 200 ئیندۆنیزییەی لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن.

لەو هەڵبژاردنەدا کە 168 ملیۆن کەس مافی دەنگدانیان هەیە، 12 حیزب ڕکابەری لەسەر 692 کورسی دەکەن (560 کورسی ئەنجوومەنی نوێنەران و 132 کورسی ئەنجوومەنی هەرێمەکان).

**پاڵێوراوی یەکەم بۆ بردنەوە:** پارتی دیموکراتی ئۆپۆزیسیۆن، بە سەرکردایەتی جۆکۆ ویدۆدۆ

**فاکتەری ئازادی و دادپەروەری: 4 خاڵ**

**نیگەرانی گەورە:** بەم دواییە توندوتیژی پەیوەست بە هەڵبژاردن هەرێمی ئاسێهی گرتووەتەوە.

**کاریگەری لەسەر جیهان:** ئیندۆنیزیا سێیەم گەورەترین وڵاتی دیموکراسییە لە جیهاندا، خاوەنی گەورەترین ئابوورییە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، ئەندامی G20 ە، هەروەها خاوەنی زۆرترین ژمارەی دانیشتووانی موسڵمانە.

## هەنگاریاش دەنگی دا

ڕۆژی 6ی نیشان لە هەنگاریاش هەڵبژاردن کرا، کە ژمارەی دەنگدەران 7 ملیۆن و 500 هەزار کەس بوو، هەرچەندە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بە فەرمی ڕانەگەیەنراوە، بەڵام پێشبینی دەکرێت ڤیکتۆر ئۆربان سەرۆکوەزیرانی ئێستا و سەرۆکی پارتی فیدێسز، سەرکەوتنێکی گەورە تۆمار بکات.

**فاکتەری ئازادی و دادپەروەری: 4 خاڵ**

**نیگەرانی گەورە:** بە بردنەوەیەکی دیکە بۆ هەمان حیزب ڕەنگە ئاماژەکانی چوون بەرەو ئۆتۆریتاریان دەربکەون.

**کاریگەری بۆ سەر جیهان:** ئۆربان مۆدێلێک دادەهێنێت کە ڕەنگە لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات لاسایی بکرێتەوە.

## بوتەفلیقە بۆ جاری پێنجەم خۆی هەڵدەبژێرێتەوە

سەرەڕای نارەزاییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئەو وڵاتە لە خۆپاڵاوتنەوەی عەبدولعەزیز بوتەفلیقەی سەرۆکی جەزائیر بۆ پێنجەمینجار لەسەر یەک، بەڵام ڕۆژی 17ی نیسانی ئەو مانگە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لەو وڵاتەدا ئەنجام دەدرێت، کە 21 ملیۆن کەس مافی دەنگدانیان هەیە.

پێشبینی دەکرێت عەبدولعەزیز بوتەفلیقە بۆ جاری پێنجەم ببێتەوە سەرۆکی ئەو وڵاتە.

**فاکتەری ئازادی و دادپەروەری: 4 خاڵ**

**نیگەرانی گەورە:** پازدە ساڵە بوتەفلیقە لەسەر تەختە. ئەم هەڵبژاردنە پرسیارێکی گەورەیە: دوای ئەو کێیە؟

**کاریگەری بۆ سەر جیهان:** ئەورووپا سەقامگیری دەوێ بۆ ئەو دراوسێیەی کە بەردەوام لەژێر هەڕەشەی ئیسلامییە توندڕەوەکاندایە، بەڵام هەناردەکردنی سەرچاوەکانی وزە بەردەوام گرنگی زیاتر پەیدا دەکات بۆ ئەورووپا.

## عێراق.. هەنگاونان بەرەو ئۆتۆکراسی

هەڵبژاردنەکانی جیهان لە مانگی نیساندا بە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە 30ی مانگ کۆتایی دێت.

ژمارەی دەنگدەرانی عێراق نزیکەی 18 ملیۆنە. سەرەڕای گلەیی هاوپەیمانەکانی و کورد و سوننەکانی عێراق، بەڵام پێشبینی دەکرێت لیستەکەی نووری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. ئەمەش عێراق بەرەو حوکمی تاکەکەس دەبات، بەتایبەتی کە هەمان نوری مالیکی ماوەی چوار ساڵی سەرۆکایەتی پێشووی تەواو کرد بەبێ ئەوەی وەزیرێک بۆ بەرگری دەستنیشان بکات و کۆی دەزگا ئەمنییەکانی بە وەکالەت بەڕێوەبرد.

**فاکتەری ئازادی و دادپەروەری: 2 خاڵ**

**نیگەرانی گەورە:** زاڵبوونی تەواوەتی توندوتیژی بە تەشەنەکردنی لە سووریاوە، کێشەی ئەمنی زۆر بۆ باشووری وڵات دەنێتەوە.

**کاریگەری بۆ سەر جیهان:** وادەردەکەوێت ئەو وڵاتەی قوربانی زۆری داوە پاشەکشەبکات بەرەو ئۆتۆکراسی و ناسەقامگیری، دیموکراسی ببێتە شتێکی نەخوازراو. ئایا کوشتاری زیاتر جارێکی دی ئەمریکا لە عێراق تێوەدەگلێنێتەوە؟

## پێنج پرۆژەی ئابووری لە هەولێر جێبەجێ دەکرێن

**رووداو–هەولێر**

نەورۆز مەولود، بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنانی هەولێر، سەبارەت بە پلانی دەستەکەیان لەساڵی 2014 رایگەیاند وەبەرهێنانی هەولێر ماستەرپلانی پێنج پرۆژەی گرنگی بۆ شاری هەولێر ئامادەکردووە، کە ئێستا لەگفتۆگۆکردندان لەگەڵ وەبەرهێنەرانی نێوخۆیی و بیانی بۆ جێبەجێکردنیان. ناوبراو گوتشی "ئەو پرۆژانە بریتین لە "دروستکردنی ناوچەیەکی پیشەسازی گەورە، ترام وای هەولێر، پشتێنەی سەوزایی، ناوچەی گەشتیاری چیای سەفین و گرنگیدان بە پرۆژەکانی خوێندنی باڵا".



# مۆڵەکانی کوردستان بەبێ پلان و ستاندارد زیاد دەکەن

**یودیت نیورینک**
**رووداو- هەولێر**

مۆڵـی چـۆڵ و دووکانی داخـراوی نێو مۆڵـەکان دیمەنێکـی بـاوە لـە هەولێـری پایتەختـی هەرێمـی کوردسـتان. زۆر لـە مۆڵەکان هێشـتا نەگەیشـتوونەتە ئاسـتی سـتانداردی نێودەوڵەتـی و کورد هێشـتا ماویانە لە چەمکی مۆڵ تێبگەن.

هاووڵاتیانی هەرێمی کوردسـتان شانازی بـە مۆڵەکانیانەوە دەکەن و وەکو هێمایەک بـۆ مۆدێرنیتـە سـەیری دەکـەن. تەنیـا لـە هەولێر نزیکـەی 10 مۆڵ هـەن. دوای ئـەوەی کـە مۆڵی سـەرەکی شـارەکە بە نـاوی ماجیـدی مـۆڵ لـە 2009 بنیاتنرا، دروسـتبوونی مۆڵـی دیکـەی بەدواداهات. بەڵام ئێـدوارد کارنەگی، بەڕێوەبەری IKG Property لـە هەولێـر دەڵێت "تەنیا چوار لەو مۆڵانە لە ستانداردی نێودەوڵەتی نزیک بوونەتەوە".

کارنەگـی دەڵێت ئەمە بـەو مانایە دێت کـە پێویسـتە تێکەڵەیـەک لـە دووکان و بەرهەمـی جیـاواز و توالێـت و شـوێنی راگرتنی ئۆتۆمبیل بێتە ئارا. شتێکی دیکە کە پێویستە هەبێت شوێنی هێنان و بردنی شـتومەکە بۆ دووکانـەکان. لەبەر نەبوونی شـوێنی تایبـەت بـەوە، ئێسـتا خـاوەن دووکانـەکان تەنیـا دوای داخسـتنی بازاڕ دەتوانن شـتومەک بهێننە دووکانەکانیان و دووکانەکانیان رێکبخەن.

"IKG Property" بەشـێکە لـە گرووپی کۆمپانیاکانی کوردستان. ئەو گرووپە IKG راوێژکاریش لەخۆدەگرێت کە کۆمپانیایەکی راوێژکارییـە، لەگەڵ کۆمپانیـای لێڤێلێنی کـە کۆمپانیایەکـی ئیتاڵی بـواری کەرتی نیشـتەجێکردن و دابینکردنـی کەلوپەلـی ئۆفیسەکانە لە عێراق و کوردستان.

### بازاڕێکی پێنەگەیشتوو

کارنەگـی دەڵێـت کوردسـتان بازاڕێکی پێنەگەیشـتووە بـۆ مـۆڵ. مـۆڵ لـە کوردسـتان لەلایـەن ئـەو کۆمپانیایەی کە دروسـتی دەکات بەڕێوە نابرێت "لە بازاڕە پێگەیشـتووەکاندا، مـۆڵ لەلایـەن ئـەو کۆمپانیایـەوە بەڕێوەدەبرێت و رێکدەخرێت کـە دروسـتی دەکات. هەربۆیە لـەو بازاڕە رێکخراوانەدا کۆنترۆڵی سـەد لە سەد هەیە لەسـەر جـۆری کاڵا و دووکان و نرخـی کاڵاکان و ئاستی جۆراوجۆری کاڵاکان".

ئەم جۆرە رێکخستنی مۆڵە کە زۆر گرنگە بۆ سـەرکەوتنی مۆڵەکان، لە کوردسـتاندا بە ئەسـتەم بەدی دەکرێت. وەبەرهێنەران سـەرمایەی پێویسـتیان بۆ مۆڵەکان نییە، لەبەرئەوە هەندێکجار بەشـێک لە مۆڵەکان تەنانەت پێش دروسـتکردنی دەفرۆشنەوە. ئەمـەش کاریگـەری لەسـەر بەڕێوەبردنی مۆڵـەکان هەیـە. بەڕێوەبەرانـی مۆڵەکان هەندێکجار رووبـەڕووی مامەڵەکردن لەگەڵ زیاتر لە 150 خاوەن دووکان دەبنەوە.

### سەرنجڕاکێش نین

لەهەندێـک لـە مۆڵەکانـدا تـا نزیکەی 60%ی مۆڵەکـە بەتاڵـە "خاوەنی مۆڵەکە گرنگ نییە بەلایەوە. ئەو پێشـتر مایەکەی دەرهێناوەتـەوە. بـەڵام نەبوونـی پـلان و ستراتیژی بەڕێوەبردنی مۆڵەکان کاریگەری رووخێنەری هەیە. کاتێک کە کرێچییەکانی مۆڵەکـە بارودۆخـی دووکانەکانیـان باش نەبێـت، مۆڵەکـەش بـاری بـاش نابێت". کارنەگی وا دەڵێت.

رێگەچارەیـەک بۆ راکێشـانی سـەرنجی کۆمپانیـا نێودەوڵەتییـەکان نادۆزرێتەوە، کارنەگـی دەڵێـت "هەرچەنـدە ئـەوان دەیانەوێـت بێـن بـۆ کوردسـتان وەکـو دەروازەیـەک بۆ بازاڕی عێراق، بەڵام ئەوان ئـەم بارودۆخـەی کـە مۆڵەکانـی تێدایـە سەرنجیان راناکێشێت".

یەکێـک لە مۆڵـەکان، سـۆفی مۆڵە کە لەبەر ئەو کێشـەیە گۆڕدراوە بۆ باڵەخانەی ئۆفیـس، هەندێکـی دیکە لـە مۆڵەکانیش رەنگە هەمان هەنگاوی سۆفی مۆڵ هەڵنێن.

> **ئێدوارد کارنەگی، بەڕێوەبەری IKG Property: کوردستان بازاڕێکی پێنەگەیشتووە بۆ مۆڵ**

### باڵەخانەکانیان لە پلەی B و C دان

هەروەکـو بیناسـازییەکانی دیکـەی کوردسـتان، مۆڵەکانـی کوردسـتان لـە پلـەی B و C دان لـەڕووی کواڵێتییـەوە. کارنەگـی دەیەوێت بزانێت "بۆچی ئەوانەی مـۆڵ دروسـت دەکـەن سـەیری بـازاڕە پێگەیشـتووەکان ناکەن تاوەکـو لێیانەوە فێـر ببن؟". ئەو جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ئـەو مۆڵانـە و مۆڵی پلـە A دا دەبینێت. یەکـەم مۆڵـی پلـە A بڕیارە ئەمسـاڵ لە تەنیشت فڕۆکەخانەی هەولێر بنیات بنرێت.

دووەم شاری کوردسـتان، سلێمانی، لە پـاش هەولێـر دێت لـە بنیاتنانـی مۆڵدا. ئێسـتا ماجیـدی مـۆڵ و فامیلـی مۆڵ لە دروسـتکردندان لەو شارە و چەند مۆڵێکی بچووکیش لە ناوەندی شـاردا بنیاتنراون و کراونەتەوە.




فۆتۆ: سیڤان محەممەد سەلیم

### گەنجان مۆڵەکان ئاوەدان دەکەنەوە

فامیلـی مـۆڵ لـە هەولێـر یەکێکـە لە سـەرکەوتووترین مۆڵەکانـی هەرێمەکـە و رۆژانـە نزیکەی 30 هەزار کەس سـەردانی دەکەن. هۆکارێکی ئەو رێژە زۆرەش ئەوەیە کە کڕیاران لە شـارەکانی دیکەی عێراقەوە دێن و سەردانی مۆڵەکە دەکەن.

کوردسـتان هێشـتا کەلتـووری بـازاڕی مۆڵـی نییـە. کارنەگـی دەڵێـت مۆڵەکان زیاتـر لەلایـەن گەنجـان و ئەوانـەی کـە لـە هەندەرانـەوە گەڕاونەتـەوە سـەردانی دەکرێـن. بـە تەمەنـەکان هێشـتا هەر لە بـازاڕەکان و لـە گەڕەکەکانـی خۆیانـدا پێداویستی بازاڕی خۆیان دەکڕن "بۆ ئەوان سـەردانکردنی مۆڵـەکان وەکو گەشـتێک وایـە". کارنەگـی پێیوایە گۆڕانـکاری لەم رووەوە روودەدات، هەروەکـو چـۆن لـە دوبـەی روویدا و ئێسـتا لەوێ مـۆڵ بووە بە بەشـێک لە ژیانی کۆمەڵایەتی "مۆڵەکان دەبن بە شـوێنی کۆبوونەوەی خێزانەکان. بـەڵام لەوانەیـە یـەک نـەوەی پـێ بچێت تاوەکـو ئـەم گۆڕانکاریـە روودەدات". ئەو پێیوایـە "نەوەیەکـی لاوی نوێمـان هەیە و رێژەی گەشەی بەرهەمی ناوخۆیی (GDP) لـە بەرزبوونەوەدایە، لەبەر ئەوە خواسـت لەسەر مۆڵەکان زیاد دەبن".

بۆ ئـەوەی مۆڵـەکان بتوانن ئـەو رۆڵە ببینن، یاری سـەر بەفر و خلیسکانێی سەر بەفر بـۆ سـەردانیکەرانیان دابین دەکەن. هەندێـک لـە مۆڵەکان سـینەما و شـاری یارییـان کردووەتەوە، ئەمـەش هەنگاوێکی سەرکەوتوو بووە. کارنەگی دەڵێت "کاتێک کە شتێک دەکەن و وا لە مۆڵەکە دەکەن کە لەوانـی دیکە جیـاواز بێت، ئەمە وا دەکات کە ئەو مۆڵە سـەرکەوتوو بێت و سەرنجی کۆمپانیاکان رابکێشێت و لە ئەنجامدا نرخی کرێی دووکانەکانی بەرزبکاتەوە".

### "پلانێکی مەترسیدار"

هەرچەنـدە زۆر لـە مۆڵـەکان نیوەیـان بەتاڵـە و بە زەحمـەت درێژە بە مانەوەیان دەدەن، بـەڵام پلانەکانـی IKG بـۆ مۆڵە نوێیەکان هەوڵی ئەوە دەدات کە شتومەکی نێو سەنتەری شۆپینەکان بە رێژەی 275% زیاد بکات لە چوار ساڵی داهاتوودا. ئەمەش بـە مانای ئەوە دێت کە تا کۆتایی سـاڵی 2017 قەبارەی شوێنی پێویستی شتومەک بۆ 745 هەزار مەتری دووجا بەرزدەبێتەوە.

کارنەگی دەربارەی ئەو قەبارەیە دەڵێت "تا رادەیەک مەترسیدارە" و پێیوایە رەنگە ببێتـە هـۆی "زۆربوونی کاڵا لـە بەرامبەر خواستی کەم". بۆیە "ئەگەر ئەمە رووبدات ئـەوە دەبێتـە هـۆی بەتاڵبوونـی زیاتری مۆڵەکان".

# وەزارەتی دارایی کاری کۆمپانیاکانی دڵنیایی رادەگرێت

**بیلال سەعید**
**رووداو- هەولێر**

وەزارەتـی دارایی و ئابـووری حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان هەرسـێ کۆمپانیای دڵنیایی کەرتی گشتی ئاگادار دەکاتەوە کە کارەکانیان رابگرن. بەڕێوەبەری کۆمپانیای دڵنیایـی هەرێـم- لقی هەولێریـش ئاماژە بـەوەدەکات کـە بەشـێوەیەکی زارەکـی ئاگادارکراونەتەوە لەوەی دەبێ کارەکانیان رابگـرن و تەنیا پێداچوونـەوە بەکارەکانی پێشـوویاندا بکـەن، شـارەزایەکی کەرتی دڵنیایـی دەڵێـت حکومـەت بـە یاسـای وەبەرهێنـان کەرتـی دڵنیایی لە سـێدارە داوە.

لەکوردسـتان بەشـێوەیەکی بـەردەوام باس لەهەڵکشـانی رووداوەکانی ئۆتۆمبیل و زۆریـی نەخۆش و گەشەسـەندنی کەرتی ئابـووری و پیشەسـازی و زۆربوونـی پرۆژەکانـی خانووبـەرە دەکرێـت، بـەڵام خەڵکی کوردستان زۆر بە دەگمەن لەبارەی کۆمپانیای دڵنیایی دەزانن.

سـێ کۆمپانیای دڵنیایی کەرتی گشـتی لـە هەریـەک لـە پارێزگاکانـی (هەولێـر، سـلێمانی و دهۆک) هەن. دڵنیایی (بیمە) پێکهاتووە لەبڕە پارەیەک کە لە لایەنێکەوە بـۆ لایەنێکی دیکە دەگوازرێتەوە بۆ ئەوەی لەکاتـی روودانـی هەر جۆرە مەترسـییەک وەک قەرەبوو بە لایەنی بەرامبەر بدرێت.

لـە زۆربەی وڵاتانی جیهان کۆمپانیاکانی کەرتی گشـتی و کەرتـی تایبەت، چەندین جـۆر دڵنیایـی دەدەنە هاووڵاتیـان، وەک دڵنیایـی (ژیان، تەندروسـتی، ئۆتۆمبێل، ئاگرکەوتنـەوە، پرۆژەکانـی پیشەسـازی، کشتوکاڵ و نیشتەجێبوون).

ئەبـو زەیـد محەممـەد حەسـەن، بەڕێوەبـەری کۆمپانیـای دڵنیایـی هەرێم-لقی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند "نزیکەی حـەوت مانگ پێش ئێسـتا بەشـێوەیەکی زارەکـی ئاگادار کراوینەتەوە کە سـەرجەم کارەکانی کۆمپانیاکانـی دڵنیایی هەرێم لە پارێزگاکانی (سـلێمانی، هەولێر و دهۆک) رابگرین".

ئەبوزەیـد سـەبارەت بەداهاتـووی کۆمپانیاکە و کارمەندەکانی گوتی "تاوەکو ئێسـتا داهاتـووی کۆمپانیـای دڵنیایـی نادیارە، بەڵام کاروباری فایلەکانی پێشووی هەریـەک لـە (پێشـینەی خانووبـەرە، هاوسەرگیری و پیشەسازی) دەکەین".

کەرتی دڵنیایی لەکوردستان تا ئێستا بە یاسـایەک لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە رێکنەخراوە، سـەرجەمی کارکردنی کەرتی دڵنیایی لەکوردسـتان پەیوەستە بە یاسای ژمارە 10ی ساڵی 2005ی عێراق کە تایبەتە بەرێکخسـتنی کاروبـاری دڵنیاکردن، بەڵام سـکرتێری ئەنجومەنـی ئابـووری هەرێمی کوردستان ئاماژە بەوەدەکات پرۆژە یاسای تایبەت بەدڵنیایی ئامادەکراوە، بەم نزیکانە رەوانەی ئەنجومەنی شوورا دەکرێ.

رێـزان جـەواد، سـکرتێری ئەنجومەنی ئابووریـی هەرێمی کوردسـتان بە (رووداو)ی راگەیانـد "ئەنجومەنەکەمـان لـە مـاوەی رابـردوودا پرۆژە یاسـای دڵنیایی ئامادەکـردووە، ئێسـتا لـە قۆناغـی رەوانەکردندایـە بـۆ ئەنجومەنی شـوورا و ئەنجومەنی وەزیران".

گوتیشـی "لە دوای پێکهێنانی کابینەی تـازەی حکومـەت، رەوانـەی ئەنجومەنـی وەزیران دەکرێت و دواتر رەوانەی پەرلەمان دەکرێت بۆ پەسەندکردن".

بەپێـی زانیارییەکانـی (رووداو)، لـە هەرێمی کوردستان جگە لە سێ کۆمپانیای دڵنیایـی کەرتـی گشـتی (حکومـەت) پێنـج کۆمپانیای دڵنیایـی کەرتی تایبەت مۆڵەتیان لە حکومەت وەرگرتووە. هەروەها ژمارەیـەک کۆمپانیـاش بەبـێ مۆڵەت کار دەکەن.

نەوزاد مەجید، شـارەزا لەبواری دڵنیایی بـە (رووداو)ی گوت "لـە عێراق و هەرێمی کوردسـتان کەرتـی دڵنیایـی بەتەواوەتی پەکخـراوە، بەهـۆی زۆریـی رۆتیـن، پشتگوێخستنی لەلایەن حکومەت".

شـارەزاکەی بـواری دڵنیایـی کـە لەهەمانکاتدا خاوەن کۆمپانیایەکی دڵنیاییە بەناوی "کۆمپانیای دڵنیایی سـتار" ئاماژە بـەوە دەکات، لەکوردسـتان لەرێگـەی یاسـای وەبەرهێنانەوە بەتەواوەتی کەرتی دڵنیایی لە سـێدارە دراوە، چونکە یاساکە رێگـە بەوەبەرهێنانـی بیانـی دەدات لـە کۆمپانیاکانـی دەرەوە بیمەی پرۆژەکانیان بکەن.

بەڕێوەبـەری کۆمپانیـای دڵنیایی هەرێم - لقـی هەولێـر داوا دەکات لـە کابینـەی داهاتوو یاسای دڵنیایی هەرێمی کوردستان دەربکرێـت، لـە پەیمانـگا و زانکۆکانیـش بەشـی تایبـەت بەدڵنیایـی بکرێتـەوە بۆ پێگەیاندنی کادیری تازە.

نەوزاد مەجید، شـارەزای بواری دڵنیایی داوا دەکات حکومەت گرنگی زیاتر بەکەرتی دڵنیایـی کەرتـی تایبـەت لە کوردسـتان بـدات بـۆ ئـەوەی پرۆژەکانی کوردسـتان لەلایـەن کۆمپانیاکانـی کەرتـی تایبەتـی دڵنیایی کارەکانیان بۆ بکرێ و سـەرمایەی کوردسـتان نەڕواتـە دەرەوە بـۆ کۆمپانیا بیانییەکان.





فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان

د.عەلی قەرەداخی، ئەمینداری گشتی یەکێتی جیهانی زانایانی ئیسلامی:

# سەرقاڵی نێوبژیوانی نێوان سعودیە و قەتەر و ئیماراتم

لەمیانی بەشداریکردنی لە یەکەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی کە بۆخۆی دامەزرێنەرێتی، د.عەلی قەرەداخی دەرفەتێکی کەمی هەبوو بۆ ئەم دیدارە. قەرەداخی ئەمینداری گشتی یەکێتی جیهانی زانایانی ئیسلامییە کە بارەگا سەرەکییەکەی لە قەتەرە، هەرکات بگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان، سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەرپرسانی باڵای حیزبەکان دەکات و لە پرۆسەی سیاسیدا، زۆر جار وەک نێوانگیر دەردەکەوێ. خۆی دەڵێت کە ئێستا سەرقاڵی نێوبژیوانییە لەو قەیرانەی لەنێوان سعودیە و ئیمارات لەلایەک و قەتەر لەلایەکی دیکە سەریهەڵداوە.

هەڤپەیڤین: نەوزاد مەحموود
ڕووداو - سلێمانی

## دووجار قسەم لەگەڵ ئەردۆغان کردووە و دەزانم نیەتی زۆر باشە بۆ چارەسەری کێشەی کورد

**ڕووداو: سەرکەوتنی پارتی دادوگەشەپێدان لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا چۆن لێکدەدەنەوە؟**

**عەلی قەرەداخی:** من بڕوام وایە کورد لە هەموو کەس زیاتر سوود لەو سەرکەوتنەی ئەردۆغان وەردەگرێ، تەنانەت دەتوانی بڵێی لە هەموو میللەت و نەتەوەکانی ناوچەکە زیاتر سوودی لێدەبینێ، چونکە یەکەمجارە کورد لە تورکیا ئیعترافی پێدەکرێ و ئێستا ئەوەندەی من بزانم ئەردۆغان بەتەمایە دەستوورەکەش بگۆڕێ.

> بێگومانم لەوەی کە ئۆجەلان ئازاد دەکرێ

**ڕووداو: دەتوانێ ئەوە بکات؟**

**عەلی قەرەداخی:** بێگومان ئەو هەوڵی خۆی دەدات بۆ ئەوەی دەستوور بگۆڕێ، بەڵام ئەگەر هێزێکی نەبێ یان دەنگی پێویست نەهێنێ ناتوانێ. لە هەڵبژاردنی پێشوو 38%ی هێنابوو ئێستا ڕێژەی دەنگەکانی بەرزبووەتەوە بۆ 46%. بۆیە دەتوانێ بە ئاسانی کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنی داهاتوو دابنێ. من گەشبینم و دەزانم ئەوەی زۆر زۆر سوودمەند دەبێ لەو سەرکەوتنە، گەلی کوردە لە تورکیا ئینشائەڵڵا.

**ڕووداو: ئەو نزیکبوونەوەیەی هەرێمی کوردستان و پارتی دادو گەشەپێدان چۆن دەبینی، بەتایبەتی کە ئێستا پەیوەندی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و AKP بەرەو بەهێزبوونی زیاتر دەڕوات؟**

**عەلی قەرەداخی:** لەبەر چەند هۆکارێک، ئەوە ئیشێکی زۆر زۆر باشە، یەکەم تورکیا لە پشتی ئێمەوە وەک هاوسنوور لەلایەک و لەڕووی مێژووییشەوە ئێمە پەیوەندی کۆن و بەهێزمان لەگەڵ تورکیا هەیە، ئێمە لەگەڵ تورکیا بەشدارین لە چەند شتێکی هاوبەش، وەک ئاین و جوگرافیا و هەروەها خەبات و قوربانیدانیش، بۆیە نزیکبوونەوەی هەرێمی کوردستان لە تورکیا لە چەند ڕوویەکەوە سوودی بۆ کورد دەبێ، هەم لەڕووی ئابووری و هەم لەڕووی سیاسی، چونکە تورکیا وڵاتێکە پێگەی بەهێزی سیاسی هەیە لە ناوچەکەدا، هەم لەناو ناتۆدا و هەم پێگەیەکی ستراتیژی هەیە لەناو جیهانی ئیسلامی و دونیادا، ئەگەر ئێمە بتوانین لە تورکیا نزیک ببینەوە، ئەوا بێگومان توانیومانە دۆستێکی زۆر باش و کاریگەری ناوچەکە بۆ خۆمان بدۆزینەوە.

**ڕووداو: لە نزیکەوە قسەت لەگەڵ سەرکردەکانی پارتی داد و گەشەپێدان کردووە تاوەکو بزانی هەڵوێست و بەرنامە و ستراتیژی نوێی دوای سەرکەوتنەکەیان چییە بەرامبەر بە کورد؟**

**عەلی قەرەداخی:** من دوو جار لەگەڵ جەنابی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان قسەم کردووە، لە واقیعیشدا من وای تێدەگەم بەقەناعەتەوە کاردەکات بۆ ئەوەی کێشەی کورد چارەسەر بکات و بڕواشی وایە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە بەرژەوەندی تورکیاشە نەک تەنیا کورد.

**ڕووداو: لەو بڕوایەدای ئۆجەلان ئازاد بکات؟**

**عەلی قەرەداخی:** من بێگومانم لەوە. ئەگەر ڕێککەوتنێک بێتە ئاراوە، دوور نییە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنەکەدا ئازادکردنی ئۆجەلان بە خێرایی جێبەجێ بکرێ، من وای تێدەگەم ئۆجەلان خۆیشی ئازاد و ئامادە دەبێ لە مەراسیمی ئیمزاکردنی ئەو ڕێککەوتنەی نێوان تورکیا و کورد، من لە نیەتی باشی ئەوان تێدەگەم بەرامبەر چارەسەرییەکانی کێشەی کورد لە تورکیا.

> خەریکی سازکردنی کۆنگرەیەکین بۆ زانایانی سوننە و شیعەی عێراق

> نزیکبوونەوەی حکومەتی هەرێم لە تورکیا کارێکی زۆر باشە

> مورسی جگە لە هەندێک وەزیر کەسی دیکەی لەگەڵ نەبوو

**ڕووداو: نزیکەی 3 مانگ لەمەوبەر کە سەردانی هەرێمی کوردستانت کرد، هەوڵێکی نێوبژیوانیت بەڕێوە برد و سەردانی لایەنەکانت کرد بۆ ئەوەی حکومەتی بنکە فراوان زووتر پێکبهێنرێ، هۆی چییە کە ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبوو؟**

**عەلی قەرەداخی:** هەوڵێکی زۆرمان دا بۆ ئەوەی بتوانین بە حکومەت و ئۆپۆزیسیۆنەوە کۆیانبکەینەوە لەسەر مێزێک و گفتوگۆ بکەن بۆ ئەوەی لەسەر هەندێک بنەما ڕێکبکەون کە خزمەتی گەلەکەمان و دینەکەمان بکەن. واتێدەگەم ئەو کاتە بەشێکی جێبەجێ بوو، بەڵام بەشێکی دیکەی جێبەجێ نەبوو.

**ڕووداو: چی بوون ئەوانەی جێبەجێ بوون؟**

**عەلی قەرەداخی:** گرنگ ئەوەبوو کۆبووینەوە و کۆک بووین لەسەر ئەوەی پارێزگاری لە کوردستان بکەین و پەیوەندیمان بە دەرەوەی کوردستانەوە تەنیا هێندەبێ کە خزمەتی کوردستان بکات نەک خوانەکردە زیان بهێنین لەو پەیوەندییانەی وڵاتانی دەرەوە.

**ڕووداو: مەبەستت لە دەستێوەردانی وڵاتانی دراوسێیە؟**

**عەلی قەرەداخی:** بەڵێ، مەبەستم ئەوەیە کە بوار نەدرێ وڵاتانی دراوسێ دەستوەربدەنە گفتوگۆکانەوە و هەموولایەک هاوڕابوون لەسەر ئەوە. بەڵام من هەنگاوم بۆ ئەوە بوو لەسەر چەند شتێک ڕێکبکەون.

**ڕووداو: ئەوشتانە چی بوون؟**

**عەلی قەرەداخی:** وا بڕیارمان داوە جارێ ئەوە باس نەکرێ.

**ڕووداو: ناتوانی هەندێک لەوانە باس بکەیت؟**

**عەلی قەرەداخی:** هێشتا سوڵحەکە ماوە و بەردەوامی هەیە، بۆیە نامەوێ جارێ باسی ئەو وردەکارییانە بکەم.

**ڕووداو: بەڵام دەگوترێ پێکهێنانی حکومەت دەکەوێتە دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان؟**

**عەلی قەرەداخی:** هیوامان هەیە پێش هەڵبژاردن حکومەت پێکبهێنرێ، کۆمەڵێک پرۆژەی ئابووریی گەورە لێرە چاوەڕوانی پێکهێنانی حکومەت دەکەن، ئەمە جگە لەوەی لە دەوروبەری خۆمانەوە چاودێری دەکرێین و پێمان دەگوترێ ئەگەر لە کوردستان هەڵبژاردن نەتوانێ حکومەت دروست بکات، کەواتە ئەوە مانای وایە حیزبەکان بەرپرسیارێتی هەڵبژاردن ناگرنە ئەستۆ و ئەوەش کێشەیەکی گەورەیە.

**ڕووداو: ئێستا هەڵمەتی هەڵبژاردن دەستپێکردووە و لایەنەکان یەکدی تۆمەتبار دەکەن بەوەی حکومەت بەهۆی ئەو دواکەوتووە، تۆ کە ماوەیەک نێوانگیریت کرد، تێگەیشتی لەوەی کێ بەرپرسە لە دواکەوتنی حکومەت؟**

**عەلی قەرەداخی:** هەموویان بەشدارن لەو بەرپرسیارێتییە و گوناهەکە لە ئەستۆی هەموویانە، باش نییە کەس لەو بەرپرسیارێتییە هەڵبێت و من وای دەبینم هەموویان بەرپرسن. دەبێ هەوڵ بدەین ئەوە چارەسەر بکەین و کاری ئەوان تەنیا یەکتر تۆمەتبارکردن نەبێ.

**ڕووداو: کێشەکانی قەتەر و سعودیە و ئیمارات گەیشتنە کوێ و ئێوە وەک یەکێتی جیهانی زانایانی ئیسلامی، قسەتان هەبوو لەو کێشانەدا؟**

**عەلی قەرەداخی:** ڕاستە کێشە دروستبووە لە نێوان سعودیە و ئیمارات و قەتەر، وا تێدەگەم ئەو کۆنگرەیەی لوتکەی عەرەبی هەوڵی باشی تێدا درا بۆ ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکەن و لەوانەیە هەندێک هەوڵی باش بێنە ئاراوە. چارەسەری باش ئەوەیە کە لانیکەم ئەو کێشەیە لەوە زیاتر پەرەنەستێنێ. ئێمەش وەک یەکێتی زانایانی ئاینی هەوڵمان داوە و دەتوانین ڕۆڵمان هەبێ لە دامرکاندنەوەی کێشەکان.

> کورد لە هەموو کەس زیاتر سوود لەو سەرکەوتنەی ئەردۆغان وەردەگرێ

> مالیکی عێراقی دواخستووە و دوژمنایەتی زۆری دروستکردووە لە نێوان سوننە و شیعە

> ئیخوان موسلیمین لە میسر بە هێزێکی زۆر گەورەترەوە دەگەڕێتەوە

**ڕووداو: هەڵوێستی دەسەڵاتدارانی قەتەر چییە؟**

**عەلی قەرەداخی:** قەتەر لەسەر سیاسەتی خۆی بەردەوام دەبێ، ئێستا خەریکی سوڵح و نێوبژیوانیم لەنێوان قەتەر و سعودیە و ئیمارات، بەڵام قەتەر واز لەو سیاسەتەی خۆی ناهێنێ.

**ڕووداو: ئەی بۆ چارەسەری کێشەکانی نێو عێراق ئێوە هیچ هەوڵێکتان هەبووە؟**

**عەلی قەرەداخی:** ئێستا خەریکین کۆنگرەیەک ڕێکبخەین بۆ زانایانی ئاینیی عێراق، سوننە و غەیری سوننە، کۆیاندەکەینەوە بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ قسەیان لەگەڵ بکەین و ئەو دەرفەتانەش باشن بۆ ئەوەی باسی کێشەکان بکەین لەگەڵیان. ئەوەی ئێمە هەستی پێدەکەین، بەداخەوە حکومەتی مالیکی عێراقی زۆر دواخستووە و دوژمنایەتی زۆری دروستکردووە لە نێوان سوننە و شیعە.

**ڕووداو: پاش ڕووخانی ڕژێمی موبارەک نامەیەکت نووسی بۆ د.محەممەد مورسی، بۆت نووسیبوو ئەگەر بە عاقڵانە ڕەفتار بکەن ئەوە دەرفەتێکی زێڕین دەست ئەوان کەوتووە، پێتوایە عاقڵانە ڕەفتاریان نەکرد وا چارەنووسیان بەو ڕۆژە گەیشت؟**

**عەلی قەرەداخی:** بێگومان موئامەرەیەکی نێودەوڵەتی هەبوو لەسەریان بۆ ئەوەی سەرکەوتوو نەبن. گەلی میسر سروشتێکی هەیە، ئەگەر دەرفەتی بدرێتێ دەتوانێ زۆر شت بکات بۆ قازانجی خۆی و سەرکردایەتی جیهانی عەرەبیش بکات.

**ڕووداو: وڵاتانی عەرەبیش لەو "پیلانەدا" بەشداربوون؟**

**عەلی قەرەداخی:** بێگومان. ئەوە ئاشکرا و ڕوونە و خۆیشیان نایشارنەوە، ئیمارات و سعودیە و چەند وڵاتێکی دیکەی عەرەبی بەشدارییان تێدا کرد.

**ڕووداو: ئەی ئێران؟**

**عەلی قەرەداخی:** بۆ ئێران نازانم، بەڵام ئەو گەلەکۆمەکییە زۆر وڵات بەشدارییان تێداکرد. ئینجا دەمەوێ ئەوە بڵێم ئەوانیش خۆیان هەڵەیان هەبوو، لەوانەیە هەڵەکەش لەوەدا بووبێ کە نەیانتوانی هەمووان لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە و پەیوەندییەکی باش دروستبکەن.

**ڕووداو: ئیخوانی میسر نەیدەتوانی چاو لە ئەزموونی پارتی دادوگەشەپێدانی تورکیا بکات؟**

**عەلی قەرەداخی:** ئەردۆغان لە تورکیا قۆناغ بە قۆناغ کاری کرد، ئەوەی ئێستا دەیکات دوای 16 ساڵ کارکردن پێیگەیشتووە، بەڵام محەممەد مورسی کاتێک بە هەڵبژاردن هاتە سەر دەسەڵات، حکومەتێکی وەرگرت کە جگە لەخۆی و هەندێک کەسی دیکە کەسێکی ئەوتۆی لەگەڵدا نەبوو. نە سوپا و نە پۆلیس و نە ئەمن لەگەڵی نەبوون، جگە لە هەندێک وەزیر کەسی دیکەی لەگەڵ نەبوو.

**ڕووداو: کەواتە چارەنووسی ئیخوان لە میسر بەرەو کوێ دەڕوات؟**

**عەلی قەرەداخی:** من وای تێدەگەم ئیخوان موسلیمین لە میسر بە هێزێکی زۆر زۆر گەورەتر لەوەی ئێستا دەگەڕێتەوە. بڕوا ناکەم بەو کەوتنەی د.مورسی ئەوان بشکێن، چونکە ئەوان 80 ساڵە لەوێن و عەبدولناسر زۆر لەوە خراپتری پێکردن و نەڕووخان. فکر ناڕووخێ، بە کودەتای سەربازی و ئەو شتانە فکر لەناو ناچێ، فکر تەنیا بە فکر لەناودەچێ.

هونەری
ڕووداو
ژمارە (304) دووشەممە 2014/4/7

## حەلاوەکەی هەیفا گەیشتە هەولێر

**هیوا سەلاح - هەولێر**

دوای چەندین جار دواخستن، بڕیارە ناوەڕاستی ئەم مانگە فیلمەکەی هەیفا وەهبی لە هەموو جیهان نمایش بکرێت و هاوکات لە سینەماکانی هەولێریش نمایش دەکرێت. سەرپەرشتیارانی دابەشکردنی فیلمی (حلاوە روح) کە هەیفا وەهبی ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینێت، ڕایانگەیاند کە 10ی ئەم مانگە دەستدەکرێت بە نمایشکردنی فیلمەکە لە هەموو جیهان بە کوردستانیشەوە. لە ئێستاوە پۆستەرەکانی ئەم فیلمە لە سینەماکانی کوردستان هەڵواسراون و ریکلامی بۆ دەکرێت. ئەم فیلمە سەرەتا لەلایەن لیژنەی سانسۆری میسری بەهۆی زۆریی گرتەی سێکسی و وروژێنەری قەدەغە کرا، دواتر چەند دیمەنێک لە فیلمەکە لابرا ئینجا لیژنەکە ڕێگای بڵاوکردنەوەی دا.





### شەهریبانا کوردی:

# دوای 10 ساڵی دیکە شتێک نامێنێ بەناوی میوزیکی کوردی

کەم کەس هەیە گۆرانی "وڵاتێ مە کوردستانە" و "ئەز کەچم کەچا کوردانم"ی نەبیستبێ، ئەم گۆرانیانە بە دەنگی خانمێک گوتراون کە خەریکە لە بیری خەڵک دەچێتەوە، ئەویش شەهریبانا کوردییە. ئەو ژنە هونەرمەندە باسی هۆکاری دەرنەکەوتنی لە میدیاکانەوە دەکات. شەهریبان هێندە ڕەشبینە بەرامبەر ڕەوشی هونەری گۆرانیی کوردی کە پێشبینی دەکات تاوەکو 10 ساڵی دیکە شتێک نەمێنێ بەناوی میوزیک و فۆلکلۆری کوردی.

هەڤپەیڤین: هیوا سەلاح
فۆتۆ: سێڤان محەممەد سلیم

> میدیاکان زیاتر گرنگی بەو گۆرانیبێژە کچانە دەدەن کە خۆیان ڕووت دەکەنەوە

> 25 ساڵە نەچوومەتەوە باکووری کوردستان

**ڕووداو: شەهریبانا کوردی ناوێکی دیاری نێو گۆرانی و میوزیکی کوردییە، بەڵام ماوەیەکی زۆرە لە میدیا و کۆنسێرت و ئاهەنگەکاندا دەرناکەوێ؟ ئەم دوورەپەرێزییە بۆ؟**

**شەهریبانا کوردی:** ڕاستە من لە ساڵی 2006ەوە هیچ گۆرانییەکم تۆمار نەکردووە و ئەلبوومیشم دەرنەکردووە، دیارە دروستکردنی سیدی و گۆرانی پارەیەکی زۆری دەوێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەرفەتیشم نەبووە کاری جددی لەسەر گۆرانی و میوزیک بکەم. هەرچەندە بەرهەمم ئامادەیە و تەنیا ماوە تۆمار بکرێت، بەڵام پارە نییە و کەسیش نابێتە سپۆنسەر. باوەڕ بکەن من پارەم بۆ خۆم ناوێت، تەنیا خەرجیی ئەلبوومەکەم لە ئەستۆ بگرن. هەتا ئێستا کەس نەیپرسیوە بۆچی 10 ساڵە شەهریبانا کوردی نەیتوانیوە ئەلبووم بڵاوبکاتەوە.

**ڕووداو: شەهریبان بەردەوام بە لەچکەوە دەبینرێت، ئەوە هیچ کێشەیەکی بۆ دروست نەکردووی؟**

**شەهریبانا کوردی:** سەرپۆش تاوەکو ئێستا هیچ کێشەیەکی بۆ دروست نەکردووم، لەبەر ئەوەی ئەمە بووەتە کەلتووری کورد. دایکم، داپیرم، پوورم و خوشکم و ئەوانی پێش خۆشیان هەر سەرپۆشیان لەسەرناوە، ئێستاش بۆ ئێمە ماوەتەوە، من زۆر لەگەڵ سەرپۆش دەگونجێم و بێ ئەویش ناتوانم بێمە دەرەوە، کەسیش زۆری لێنەکردووم.

من نوێژ دەکەم و ڕۆژوو دەگرم و قورئان دەخوێنم، لەهەمانکاتدا گۆرانیش دەڵێم. من بە گۆرانی دەردو ئێش و ئازاری میللەتی خۆم نیشان دەدەم، بۆیە پێموانییە ئەوە حەرام بێت. بەڕای من گۆرانیگوتن حەرام نییە.

**ڕووداو: زۆر کەس گۆرانییەکانی تۆیان گوتووەتەوە بە تایبەتی گۆرانی "وەڵاتێ مە کوردستانە" و "کەچا کوردان". پێتوایە مافی خۆیان داوەتێ؟**

**شەهریبانا کوردی:** هەتا ئێستا ئەوانەی گۆرانییەکانی منیان گوتووەتەوە بە بڕوای خۆم باشیان نەگوتووەتەوە. من بۆ خۆم ئەگەر بمەوێت سترانی گۆرانیبێژێک بڵێمەوە ئەگەر لەو باشتر یان وەک ئەو نەبێت نایڵێمەوە. زۆر حەز دەکەم ئەو گۆرانیانەی من هەر کەسێک دووبارەی بکاتەوە زۆر لە من باشتر بیڵێتەوە، بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێستا کەس نەبووە.

**ڕووداو: دوایین ئەلبوومت کە بەهاوکاری هونەرمەند دڵشاد محەممەد سەعید بڵاوتکردەوە، دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو، باشە بۆچی بەردەوام نەبووی لەگەڵ دڵشاد؟**

**شەهریبانا کوردی:** بێگومان منیش زۆر حەز دەکەم کارێکی دیکە لەگەڵ مامۆستا دڵشاد بکەم، هەروەها مامۆستاش ئارەزوو دەکات کار بۆ من بکات، بەڵام وەک باسم کرد لەبەر باری ئابووری من و پڕکاریی مامۆستا ئەم کارە نەکراوە.

**ڕووداو: بۆ هەر کوێ بچیت سازەکەت پێیە، بۆچی هێندە سازت خۆش دەوێت، لە کوێ فێری سازژەنین بوویت؟**

**شەهریبانا کوردی:** هەر لەسەرەتای کاری هونەریم ساز هاوڕێی من بووە و بەردەوام لەگەڵم بووە، ساڵی 1991 ئاشنای ئامێری ساز بووم، هەرچەندە من وەستای ساز نیم، بەڵام کارە هونەرییەکانی خۆم بە ساز دەکەم، هەر کاتێک گۆرانیبێژ شارەزای ئامێرێکی میوزیکی بێت گۆرانی گوتنی باشتر دەبێت و کاری ئاسانتر بەڕێوەدەچێت، بۆیە من و ساز زۆر گونجاوین و باش بەیەکەوە هەڵدەکەین.

**ڕووداو: هونەری ئێستای کوردی لە ئاست هونەری میللەتانی دیکە چۆن دەبینی، ئایا کورد توانیویەتی سوود لە وڵاتانی دیکە وەربگرێت بۆ ئەوەی هونەری خۆی پێ دەوڵەمەند بکات، یاخود کورد توانیویەتی فەرهەنگی خۆی بپارێزێت؟**

**شەهریبانا کوردی:** زۆر تەلەفزیۆنی کوردی پەیدابوون، بەڵام مخابن لەم تەلەفزیۆنانە کەم گوێت لە گۆرانی فۆلکلۆری دەبێت، هەموویان ستایلی ڕۆژئاوایی و بیانی پەخش دەکەن کە ئەمەش وا دەکات فۆلکلۆری کوردی فەرامۆش بکرێت، من لەگەڵ ئەوەم کوردستانیش لە کاروانی پێشکەوتنی جیهان دانەبڕێت، بەڵام لەسەر حیسابی فۆلکلۆری کوردی نەبێت. ئەگەر بەوشێوەیەی ئێستا بەردەوام بێت دوای 10 ساڵی دیکە شتێک نامێنێ بەناوی میوزیکی کوردی یان فۆلکلۆری کوردی، چونکە ئێمە کاتی خۆی بە دەنگی هونەرمەندە مەزنەکان گەورە بووین، بەڵام ئەگەر ئێمە بڕۆین کێ دەمێنێت گۆرانی ڕەسەنی کوردی بڵێت!

**ڕووداو: لە نێو هونەری کوردی هێشتا جێ پەنجەی ئافرەت بە کەمی دەبینرێ، ئایا هۆیەکە بەتەنیا بەربەستە کۆمەڵایەتییەکانن؟**

**شەهریبانا کوردی:** ئێستا لە کوردستان کچی دەنگخۆشمان هەن وەک نازدار، مەلەک ڕۆژهات و چەندانی دیکە، بەڵام هەندێ کچی دیکەشمان هەن بەشێوازی ڕۆژئاوایی گۆرانی دەڵێن، من داوایان لێدەکەم با گۆرانی ئینگلیزی بڵێن، بەڵام بنکەی گۆرانییەکانیان دەبێت کوردی بێت. بەداخەوە بەشێک لە گۆڤار و ڕۆژنامە و تەلەفزیۆنە کوردییەکانیش زیاتر گرنگی بەو گۆرانیبێژە کچانە دەدەن کە خۆیان ڕووتدەکەنەوە، ئەو گۆرانیبێژانە بەردەوام لە پێشەوەن و هاوکاری دەکرێن، بەڵام ئەوانەی خۆیان داپۆشیوە وەک من فەرامۆش کراون.

**ڕووداو: ئێستا هونەرمەندانی بیانی بەلێشاو روو لە کوردستان دەکەن و ئاهەنگ و کۆنسێرتیان بۆ ساز دەکرێت، تۆ لە فێستیڤاڵی هەولێر بەشدار بووی، ڕاوبۆچوونت لەبارەی ئەو هونەرمەندە بیانیانە چۆن بوو؟**

**شەهریبانا کوردی:** زۆر نیگەرانم کە میریام فارس و ئیبرۆ یەشار و هونەرمەندی بیانی بۆ کوردستان دێنن و پارەی زۆریان پێشکەش دەکەن لەکاتێکدا دەیان گۆرانیبێژی کوردی زۆر لەمان باشترو دەنگخۆشترمان هەن، کەچی فەرامۆشیان کردوون، بەڵام ئەمە خەتای ئەوان نییە، خەتای ئەو کەسانەیە کە ئەم فێستیڤاڵانە بەڕێوە دەبەن، بۆ پارەی خەیاڵی بەو بیانیانە دەدەن، ئاخر ئەوە خوێنی شەهیدانە، بۆ بە ئاسانی لە دەستی خەڵکی بیانی دەکەن، لە کاتێکدا بەرپرسانی ئەم فێستیڤاڵەنە لایان ئاسانە بە هونەرمەندێکی کورد بڵێن بە خۆبەخش گۆرانیمان بۆ بڵێ، بەڵام پارەیەکی زۆر لە دەستی ئەوان دەکەن.

> بە ئێمە دەڵێن خۆبەخش گۆرانی بڵێ بەڵام دەستی هونەرمەندی بیانی پڕدەکەن لە پارە

**ڕووداو: شەهریبانا کوردی زیاتر بە گۆرانیبێژێکی شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەر ناسراوە، بیرت لەوە نەکردووەتەوە گۆرانی ئەڤینداری بڵێی؟**

**شەهریبانا کوردی:** من بە هونەرمەندی میللەت ناسراوم، هەروەها بەردەوام دەڵێم من هونەرمەندێکی سەربازم، سازەکەم بۆ من وەکو چەکێکە بۆ بەرگریکردن لە دۆزی گەلەکەم، هەر بۆیە لەبەر کوردایەتی 25 ساڵە نەمتوانیوە بچمەوە ناو کەسوکارم لە باکوور، ناتوانم دایک و باوک و خاکی خۆم لە باوەش بگرم لە باکوور لەبەر ئەوەی گۆرانیم بۆ کورد گوتووە، ئەوان دەڵێن تۆ بەو گۆرانیانە دەتەوێت تورکیا دابەش بکەی و خەڵکی هاندەدەی بچێتە چیاو چەک لە دژی حکومەت هەڵبگرێت و بەو هۆیەوە دوژمنایەتی بڵاودەکەیتەوە، منیش دەڵێم جگە لە ئازادی هیچی دیکە ناخوازم.





### ئیبرۆ یەشار بۆ (ڕووداو):

# من کوردم و خەڵکی ئاگریم

دوو ساڵ لەمەوبەر هونەرمەند ئیبرۆ یەشار لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) گوتبووی دەزانم جەماوەرێکی زۆرم لە باشووری کوردستان هەیە و هیوادارم بەم نزیکانە سەردانی کوردستان بکەم و کۆنسێرتیان بۆ ساز بکەم. نەورۆزی ئەمساڵ هیواکەی ئیبرۆ هاتەدی و بە کۆنسێرتێک بەشداری هەشتەمین فێستیڤاڵی هەولێری کرد. ئیبرۆ یەشار ئەوەی ئاشکرا کردبوو کە خەڵکی شاری ئاگری باکووری کوردستانە. ئەو لەسەر دەستی هونەرمەند ئیبراهیم تاتلیسەس دەستی بە گۆرانیگوتن کردووە و گۆرانییەکی کوردیشی هەیە. (ڕووداو) ئەوە دووەمجارە هەڤپەیڤین لەگەڵ ئیبرۆ ساز دەکات.

هەڤپەیڤین: ڕێکەوت سەلام
ڕووداو- هەولێر

> هەڤاڵ ئیبراهیم هونەرمەندێکی بەتوانایە

> دەنگێکی وەکو تاتلیسەس لە تورکیا دروست نابێتەوە

**ڕووداو: هیواکەت هاتەدی و سەردانی کوردستانت کرد، هەولێرت چۆن بینی؟**

**ئیبرۆ یەشار:** دڵخۆش بووم بەوەی کە یەکەمجارە دێمە کوردستان و هەولێر، هەروەها بەشداریم لە هەشتەمین فێستیڤاڵی هەولێر کرد کە ساڵانە لەلایەن پارێزگای هەولێرەوە ساز دەکرێت، لە نزیکەوەش هەوادارانی خۆمم بینی، بە هیوای ئەوەم بتوانم بۆ جارێکی دیکەش سەردانی کوردستان بکەمەوە و لە هەموو شارەکانی کوردستان گۆرانی بڵێم.

**ڕووداو: ڕاستە تۆ کوردی؟**

**ئیبرۆ یەشار:** بەڵێ بێگومان ڕاستە، من خەڵکی شاری ئاگریم کە شارێکی کوردییە، کەواتە من کوردم.

**ڕووداو: هیچ گۆرانییەکت بە زمانی کوردی گوتووە؟**

**ئیبرۆ یەشار:** بەڵێ. گۆرانییەکم هەیە بەناوی (دیننە یار) کە بە سێ زمان گوتوومە و زمانی کوردی یەکێکیانە. سوپاس بۆ خودا گۆرانییەکەم پێشوازییەکی باشی لێکرا. لێرەوە زۆر سوپاسی هونەرمەندی کورد شەریف قەیران دەکەم کە هاوکاری کردم و تێکستەکەی بۆ نووسیم.

**ڕووداو: لێدانی ئیبراهیم تاتلیسەس و دوورکەوتنەوەی لە کاری هونەری چ کاریگەرییەکی لەسەر هونەری تورکی هەبووە؟**

**ئیبرۆ یەشار:** لێدانی ئیبراهیم تاتلیسەس گەورەترین بۆشایی بۆ هونەری تورکی دروست کرد، چونکە ئەو دەنگێکی زۆر خۆشی هەیە و لەو ستایلەی کە کاری تێدا کردووە زۆر سەرکەوتوو بووە، بەبڕوای من جێگای ئەو زۆر زۆر بە زەحمەت پڕ دەبێتەوە لە نێو هونەری تورکی، چونکە دەنگێکە کە دروستبوونەوەی ئاسان نییە و زۆر زەحمەتیشە.

**ڕووداو: ئەی تا چەند کاریگەری لەسەر تۆ دەبێت کە ئەو دەستی تۆی گرت بۆ نێو دنیای هونەر؟**

**ئیبرۆ یەشار:** زۆر کاریگەری هەبوو، ئەو ڕووداوە زۆر بێ تاقەتی کردم، چونکە ئەو هەمیشە پاڵپشتی من بووە، من سوودێکی زۆرم لێ بینیوە و زۆر هاوکارم بووە لە بواری هونەریم، بۆیە تەنیا دەتوانم بڵێم کە خوای گەورە باری تەندروستی باش بکات و بتوانێ جارێکی دیکە خزمەت بە هونەرەکەی خۆی بکات .بە بڕوای من ئیبراهیم هەمیشە ئەو هونەرمەندەیە کە دەبێ پشتی پێ ببەستیت لە هونەر.

**ڕووداو: نێوانت لەگەڵ هونەرمەندانی باشووری کوردستان چۆنە؟**

**ئیبرۆ یەشار:** من زۆر هونەرمەندی کوردانی باشوور ناناسم، بەڵام پێشتر لەگەڵ هونەرمەند هەڤاڵ ئیبراهیم لە پرۆگرامی ماردین شۆ لە TRT 6 بە یەکەوە گۆرانیمان گوت، بەڕاستی هونەرمەندکی بە توانایە، من لەزەتێکی زۆرم بینی لەو بەرنامەیە و کاتێکی خۆشمان بەسەر برد. هەڤاڵ ئیبراهیم لە کۆتایی پرۆگرامەکە ئەلبوومێکی خۆی پێشکەش کردم و من گوێم لە ئەلبوومەکەی گرت کە توانایەکی باشی تێدا نیشان داوە و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم.

**ڕووداو: پتەوبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و ئەنقەرە تا چەند کاریگەری لەسەر هونەری هەردوولا دەبێت؟**

**ئیبرۆ یەشار:** بێگومان پتەوبوونی ئەو پەیوەندییە کارێکی باشە. بەبڕوای من هونەر لە سیاسەت گرنگترە، چونکە زمانێکی جیهانییە و دەتوانی لە هەموو دونیا قسەی پێبکەی.

فۆتۆ: سێڤان محەممەد سلیم

## لە ئەمستردام ئەنجوومەنی ژنانی ڕۆژبین ڕاگەیەندرا




**ڕووداو- هۆڵەندا**

ژنانی کورد لە ئەمستردامی پایتەختی هۆڵەندا کۆنگرەکیان ئەنجامدا و ئەنجومەنی ژنانی 'ڕۆژبین" یان ڕاگەیاند . لە کۆنگرەکەدا سەرەتا دیوانی بەڕێوەبەری کۆنگرە هەڵبژێردرا. وتاری کردنەوەی کۆنگرەکە لەلایەن چالاکی بواری ژنان "ئایسەل قەرس" ەوە پێشکەش کرا و گوتی "بەمشێوەیە دەتوانین ببین بە وەڵامێک بۆ تێکۆشانی سەکینە، فیدان و ڕۆناهییەکان". ئەنجومەنەکە لە (4) کۆمیسیۆن پێکدێت کە بریتین لە "دیسیپلین، پەروەردە، ڕێکخستنکردن و پەیوەندی دەرەوە".

# ئاڵای کوردستان لە ئیسپانیا مشتومڕ دەنێتەوە



**زنار ئاڵا**
**ڕووداو- مەدرید**

ڕۆژی 20ی ئاداری ڕابردوو، شارەوانی شاری سان سباستیان لە هەرێمی باسکی ئیسپانیا بە مەبەستی پیرۆزبایی جەژنی نەورۆز لە گەلی کورد، ئاڵایەکی کوردستانی بە باڵەخانەی شارەوانییەکەدا شۆڕ کردەوە.

هەڵکردنی ئەو ئاڵایە لەلایەن ڕۆژنامەکانی ئیسپانیا و هەندێک لە حیزبەکانەوە، بە تایبەتیش حیزبی فەرمانڕەوا وا لێکدرایەوە کە پشتگیری گەلی باسکی ئیسپانیایە بۆ گەلی کورد.

هەر لەو ڕۆژەدا، ئیناکی ئازکونا، سەرۆکی شارەوانی شاری بلباو کە خەڵاتی باشترین سەرۆک شارەوانی جیهانی وەرگرتبوو، کۆچی دوایی کرد، بەڵام ئاڵای کوردستان لەسەر دیواری شارەوانی سان سباستیان مایەوە و پرسە ڕانەگەیەنرا. ئەوە لە کاتێکدا زۆربەی شارەوانییەکانی ئیسپانیا پرسەیان بۆ گێڕا و ئاڵای وڵاتیان نزم کردەوە.

چاپەمەنییەکانی ئیسپانیا هیچ قسەیەکیان لەسەر ئەو شارەوانییە نەکرد تاوەکو ڕۆژی خۆی هات، ڕۆژی 23ی ئادار کە هاوکاتە لەگەڵ کۆچی دوایی ئەدۆلفۆ سوارێز، یەکەم سەرۆک وەزیرانی ئیسپانیای دوای ژەنەراڵ فرانکۆی دیکتاتۆری پێشووی ئەو وڵاتە.

سوارێز لەلای ئیسپانییەکان بە ئەندازیاری گواستنەوەی سیستمی سیاسی ئیسپانیا دادەنرێت، کە توانی کۆتایی بە سیستمی دیکتاتۆری بهێنێت و سیستمێکی دیموکراتی بۆ وڵات بچەسپێنێ. هەموو ساڵێک لە یادی "باوکی دیموکراسی"دا لە ئیسپانیا ئاڵای وڵات لە سەرجەم داوودەزگاکانی دەوڵەت تاوەکو نیوە دادەگیرێت، بەڵام شارەوانی سان سباستیان گوێی بەو ڕۆژە نەدا و ئاڵای هەرێمەکەی لە تەک ئاڵای کوردستان هەر بە بەرزی هێشتەوە.

ئەم هەڵوێستەی خوان کارلۆس، سەرۆکی شارەوانی سان سباستیان بووە جێی ناڕەزایی پارتەکانی ئۆپۆزیسۆن لەنێو ئەنجومەنی شارەوانی و هێرشێکی توندیان کردە سەر خۆی و پارتەکەی (بیلدۆ)ی نزیک لە بزووتنەوە نەتەوەییەکانی هەرێمی باسک.

پارتی گەلی سۆسیالیست (پارتی دەسەڵاتدار) لە ئیسپانیا، داوای لە بیلدۆ کرد یادی مردنی سوارێز بکاتەوە کە بە فەرمی لەلایەن حکومەتی ئیسپانیاوە ئەو ڕۆژە کراوەتە ڕۆژی ماتەمگێڕی، بەڵام بیلدۆ گوێی بەو داواکارییەی پارتی دەسەڵاتدار نەداو پشتگوێی خست.

ڕۆژنامەی ئیسپانی (El Correo) لەوبارەیەوە هەواڵێکی بەو ناونیشانە بڵاوکردەوە "شارەوانی سان سباستیان کوردستانی لەبیرە، ئازکونا و سوارێزیش لەبیر دەکات".

لە درێژەی هەواڵەکەی ڕۆژنامە ئیسپانییەکەدا هاتووە "پارتی سۆسیالیستی باسک ڕەخنەی لە هەڵوێستی سەرۆکی شارەوانی سان سباستیان گرتووە کە لەلایەک پشتگیری لە گەلی کورد دەکات بەناوی پیرۆزکردنی ڕۆژی نەتەوەییان و ئاڵاکەیان لە شارەوانی هەڵدەواسێت، لەلایەکی دیکەوە هیچ نیشانەیەکی خەمگینی لە شارەوانییەکەدا بەدی ناکرێت بەبۆنەی کۆچی دوایی سەرۆکی شارەوانی بلباو".

هەڵواسینی ئاڵای کوردستان بە باڵاخانەی شارەوانی سان سباستیاندا بووە مژاری زۆربەی ڕۆژنامەکانی ئەو وڵاتە. ئەوە جاری یەکەم نییە چاپەمەنییەکانی ئیسپانیا هێرش دەکەنە سەر هەڵوێستەکانی سەرۆکی شارەوانی سان سباستیان و پارتەکەی بەهۆی پشتگیریی لە گەلی کورد.

مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردووش، ڕۆژنامەی ABC کە بە ڕۆژنامەی ڕاستڕەوەکانی ئەو وڵاتە ناسراوە، هەواڵێکی لەسەر بەستنی "کۆنفرانسی نێونەتەوەیی شارەوانییەکان بۆ ئاشتی" بڵاوکردبووەوە بە ناونیشانی "بلدۆ لە ڕۆژێکدا 100 هەزار یۆرۆ بۆ شارەوانییەکانی کوردستان و فەلەستین خەرج دەکات".

لەو کۆنفرانسەدا سەرۆکی شارەوانی پێشووی ئامەد عوسمان بایدەمیر، سەرۆکی پێشووی شارەوانی باتمان سەرحەد تەمەل، هەروەها هاوسەرۆکی ئەنجوومەنی گەلی ڕۆژئاوای کوردستان سینەم محەممەد بەشدارییان کردبوو. ڕۆژنامەکە بە شێوەیەکی نێگەتیڤ باسی کۆنفرانسەکەی کردبوو.

ئەوە دووەم ساڵە شارەوانی سان سباستیان یادی نەورۆزی گەلی کورد دەکاتەوە. ساڵی ڕابردووش شارەوانی ناوبراو چوار کوردی نیشتەجێی ئیسپانیای داوەت کرد کە هەر یەکێکیان لە بنەڕەتدا خەڵکی پارچەیەکی کوردستان بوون.

## دایکی کۆییە و باوکی خەڵکی دهۆکە

# گەنجێکی کورد دەبێتە کاندید بۆ پەرلەمانی بەریتانیا

**شەرمیلا دێڤی**
**ڕووداو- لەندەن**

پارتی کرێکارانی بەریتانیا، گەنجێکی کوردی بە ناوی لاوێن ئەتروشی بۆ هەڵبژاردنە گشتییەکەی ساڵی داهاتووی ئەو وڵاتە کاندید کرد.

تا ئێستا، نازم زەهاوی لە پارتی پارێزگارانی حوکمڕان تەنیا کوردە کە وەک ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا هەڵبژێردرابێت.

لە سەرەتای ئەم مانگەدا، ئیبراهیم دۆگوس شکستی هێنا لە خۆکاندیدکردنی وەک نوێنەری پارتی کرێکاران لە هەڵبژاردنێکی ناوخۆیی ئەو پارتەدا.

ئەتروشی تەمەن 25 ساڵ لە کلینیکێکی توێژینەوە بۆ خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتمانی کاردەکات و لەدایکبووی شاری لەندەنە. باوکی دهۆکییە و پزیشکە، دایکیشی کۆییە و لە بواری دەرمانسازی کاردەکات.

"هەر لە تەمەنی 14 ساڵییەوە، هەواداری پارتی کرێکارانی بەریتانی بووم، چونکە نوێنەرایەتی خەڵکی ئاسایی



دەکات،" ئەتروشی وای بە (ڕووداو) گوت.

ئەتروشی بەهیوایە ببێتە نوێنەری ناوچەی (سوورەی هیس) کە یەکێکە لە پێنچ کاندیدی هەڵبژێردراو لەو ناوچەیە و زیاتر لە 50%ی دەنگەکانی بردووەتەوە.

بەڵام لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی داهاتوودا ڕووبەڕووی ململانێیەکی سەخت دەبێتەوە لەگەڵ ڕکابەرەکەی، مایکڵ گۆڤ.

مایکڵ ئێستا نوێنەرایەتی ئەو ناوچەیە دەکات لەسەر پارتی پارێزگاران کە بە هاوپەیمانی لەگەڵ لیبراڵ دیموکراتەکان حوکمڕانی بەریتانیا دەکات.

رادنی بەیتس، ئەندامی ئەنجوومەنی پارتی کرێکاران لە ناوچەکە بە پەرۆشە بۆ کارکردن لەگەڵ لاوێن. ئەو گوتی "وزە و دڵگەرمیی ئەو دەبێتە ئامرازێکی گرنگ لە هەڵبژاردنەکەدا.

لاوێن دەبێتە کاندیدێکی سەرسەخت لەبەرامبەر مایکڵ گۆڤ". ئەتروشی زیاتر گرنگی بە سیاسەت و کێشەکانی بەریتانیا داوە نەک خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

ئەو دەڵێت "بەهۆی نەشارەزایی لەسەر ناوچەکە و وڵاتانی دەوروبەری و نەبوونی پەیوەندی بە هیچ پارتێکی سیاسییەوە لەو ناوچەیە، ناتوانێت کۆمێنت لەسەر ناوچەکە بدات".

وادەردەکەوێت تێڕوانینەکانی جیاواز نەبێت لە تێڕوانینی بەرپرسانی پارتی کرێکاران لەبارەی قەیرانی سووریا و بەهەموو شێوەیەک پشتگیری ئێد میلیباند، سەرۆکی ئەو پارتە دەکات کە ساڵی ڕابردوو هەڵمەتێکی لەدژی دەستێوەردانی سەربازی لە سووریا بەڕێوەبرد.

ئەتروشی سەبارەت بە کوژرانی دەیان هەزار هاووڵاتی مەدەنی سووری لەوکاتەوەی ڕۆژئاوا دەنگی داوە لە دژی دەستێوەردانی سەربازی، دەڵێت کە لەوباوەڕەدایە دایەلۆگ لە نەتەوە یەکگرتووەکان باشترین چارەسەرە بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگی سووریا.

هەروەها گوتی "میلیباند ڕۆڵێکی کاریگەری گێڕا لە ڕێگرتن لە بەپەلە بۆمبارانکردنی سووریا بە مووشەکی کروز و پشتگیریکردن لە ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لەو کێشەیەدا".

ئەتروشی بەهیوایە ببێتە دەنگی ئەوانەی دەنگیان نییە "لەبەرئەوەی ئەو هەستە دەزانم کە خەڵکی ئاسایی هەیانە بەهۆی ئەو هەموو فشار و پچڕانی پەیوەندییەی هەیە لە نێو ئەوان و حکومەتەکەی ئێستا"، گوتیشی "دەمەوێت بەرەنگاری سیاسەتی ناعادیلانە ببمەوەو داهاتوویەکی باشتر بۆ بەریتانیا دەستەبەر بکەم".

لاوین ئەتروشی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری کردووە لە ڕێگەی هاوکاری مرۆیی لە بواری تەندروستی بۆ هەژاران و ناردنی 60 هەزار پەرتووک بە زمانی ئینگلیزی بۆ زانکۆکانی کوردستان.

# کوردی تاراوگە لە "کوردیش هاشتاگ" یەکدەگرنەوە

**شوان دزەیی**
**ڕووداو- لەندەن**

تویتەر بووەتە سەکۆیەکی بەرچاوی هەواڵ گۆڕینەوە. بۆ کوردیش، هاشتاگی #TwitterKurds جێگەیەکی بەرچاوی هەیە و لە ڕێگەی ئەو هاشتاگەوە دەنگ و بۆچوونی کوردی سەرتاپای جیهان هەر لە ئوستralیاوە تا ئەمریکا، پێکدەگەن.

بەکارهێنەرانی ئەو هاشتاگە کە زۆربەیان لە ئەمریکا و ئەورووپا نیشتەجێن، ڕۆژانە پێکەوە کاردەکەن و یەک ئامانجیشیان هەیە: ناساندنی کێشەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان.

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بە تایبەتی تویتەر، بۆ دەربڕینی داواکاری و ڕێکخستنی خۆپێشاندان و ناساندنی ئەو کێشانەی کە کەمتر بایەخیان پێدەدرێت، بەکاردەهێنرێن. ئەو کەسانەی کە بەمشێوەیە تویتەر بەکاردەهێنن، بریتین لە چالاکوانان، ڕۆژنامەنووسان، خوێندکاران و تەنانەت سیاسەتمەدارانیش، بە تایبەتیش کوردی دیاسپۆرا.

تارا فاتحی، خوێندکاری دکتۆرا لە زانستی پزیشکی لە ئوستralیا، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و یەکێکە لە چالاکوانە سەرقاڵەکانی ئەم بوارە. فاتحی دەڵێت "چالاکوانی کورد لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر بەهێزن، بەتایبەتی لە ڕێگەی هاشتاگی #TwitterKurds ەوە. زۆر لەم چالاکیانەی سەر ئینتەرنێت چالاکی ژیانی ڕۆژانەشیان لێکەوتووەتەوە کە دواتر لە ڕێگەی وێنە و بلۆگ و نووسینەوە شەیر کراون".

فاتحی هەروەها ئاماژە بە چەندین پرۆژە دەکات کە ئێستا لە کاردان. لەوانەش پرۆژەی Wham کە هەوڵدەدات خوێندن لەسەرتاسەری جیهاندا پێشبخات و کتێب بۆ کتێبخانەی سلێمانی کۆدەکرێتەوە و دەبێتە یەکێک لە گەورەترین کتێبخانە ئینگلیزییەکانی ناوچەکە.

"بانکی زانیاری تەندروستی کوردستان"یش یەکێکی دیکەیە لە پرۆژەکان کە کارمەندانی تەندروستی پێک ئاشنا دەکات و پێکەوە لە تویتەر بەو ئامانجە کاردەکەن کە هۆشیاری دەربارەی کێشە تەندروستیەکانی هەرێمی کوردستان زیاد بکەن.

#TwitterKurds لە زۆرکاتدا بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناوچەیەکی دیاریکراو بەکارهێنراوە یان بۆ دەربڕینی بۆچوونێکی بەهێزی وەکو کێشەی ئامادەبوونی کوردی ڕۆژئاوا لە کۆنگرەی جنێڤ دوو، هاشتاگێک بۆ ئەو مەبەستە بە ناوی #Kurds2Geneva دروستکرا.

هاشتاگ وا دەکات کە کۆمێنتێک یان بڵاوکراوەیەک سەرنجی خەڵکی زۆرتر ڕابکێشن. هەندێک کەس ڕووداوی ژیانی ڕۆژانە بڵاودەکەنەوە، هەندێک کەسی دیکە وەکو سەرچاوەیەکی هەواڵ بەکاری دەهێنن، هەندێکی دیکەش بۆ ڕێکخستنی بۆنەی جەماوەری بەکاری دەهێنن، وەکو ئاهەنگی نەورۆزی ئەمساڵ لە لەندەن. ڕێکخەرانی بۆنەکە پێیانوایە بەبێ هاشتاگی #SocialMediaKurds ڕێکخستنی ئاهەنگێکی لەو جۆرە ئەستەم دەبوو. ئەوان دەڵێن بەهۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پەنجەکانی دەستی خۆیانەوە دەسەڵات و توانایان بۆ دروستبوو.

هەندێک لە ئایدیا و پرۆژەکانی سەر ئینتەرنێت بوون بە چالاکیی "ڕاستەقینە". لە 2012دا یەکەم کۆبوونەوەی کوردی سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە بە (KSMG) ناوزەد دەکرێت، لە ڕێگەی تویتەرەوە ئەنجامدرا. لەوکات بەدواوە گفتوگۆکان لەسەر ئەوەن کە ئایا میدیای کوردی دەبێت تەرکیز بخاتە سەر چی لە داهاتوودا.

KSMG بووە بە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی ڕاستەوخۆی بەردەوام، پێش ئەوەی هیچ سەرچاوەیەکی میدیایی دیکە دەستی بگاتە هەواڵەکە.

نموونەیەکی دیکە ئاهەنگی ساڵانەی لاوانی کوردە کە هەر ساڵێک لە ویلایەتێکی ئەمریکادا بەڕێوەدەچێت. بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەروەها لە ئاستی جیهانیدا لە کۆنفرانس و بۆنەکاندا بەکاردەهێنرێت، هەروەکو بەم دواییە بینیمان کە تویتەر لە فۆرەمی دووەمی زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی بەکارهات.


زۆر لە بەکارهێنەرانی #TwitterKurds هەست دەکەن لە ڕێگەی تویتەرەوە سوودی زۆریان لە دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان کورد (تەنانەت لە نێوان کورد و بیانییەکانیشدا) بینیوە. نموونەیەک لەم ڕووەوە بەکارهێنەرێکی تویتەرە بەناوی @AriadniCorfu کە خانمێکی یۆنانییە و ناوی لەسەر تویتەر کردووە بە "Freedom4Ocelan" کە بەمانای "ئازادی بۆ ئۆجەلان" دێت.

ئەو خانمە سوپاسگوزاری خۆی لەبەرامبەر ئەو هاوکاریانەی کە کراوە بۆ تێگەیشتنی لە کێشەی کورد دەردەبڕێت. لە یەکێک لە تویتەکانیدا دەڵێت "وەکو کەسێکی بیانی تویتەر هاوکاری زۆری من دەکات تا ئاگاداری پەرەسەندنەکانی هەرێمی کوردستان بم. لەبەرئەوەی میدیا یۆنانییەکان زۆر باس لە کێشەی کورد ناکەن، تویتەر هەلی ئەوەی پێداوم کە لەگەڵ بەکارهێنەرانی کورد چات بکەم و لە چاوی کوردەوە بڕوانمە کێشەکان".

عومەر بریفکانی، خوێندکارێکی کوردە کە ئێستا لە بەریتانیا دەژی و خەڵکی دهۆکە، باس لەو گەرموگوڕییەی پەیوەندی سەر تویتەر دەکات "وام لێدەکات کە هەست بە تەنیایی نەکەم لەم خەباتەدا. وا هەست دەکەم کە بەشێکم لە خێزانێکی گەورە، خێزانێکی سەر ئینتەرنێت کە هەموومان پشتگیری لە یەکدی دەکەین بێ ئەوەی ڕێگە بدەین جیاوازییەکان کارمان تێبکەن".

سازان مەندەلاوی، چالاکوانێکی بواری سۆشیال میدیا، کاتە بەتاڵەکانی خۆی بۆ هاوکاریکردنی ئەوانی دیکە تەرخانکردووە. ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەکو شوێنێک بۆ دۆزینەوەی ئایدیای نوێ و ئاڵوگۆڕکردنی ئایدیا لەگەڵ ئەوانەی کە گرنگی بەبوارەکەی دەدەن دەبینێت "دەزانی کوردی دیکە چی دەکەن. ئەمە بووە بە خاڵی پەیوەستبوون، یەکگرتن و ئاڵوگۆڕکردنی ئایدیاکان".

سۆشیال میدیا بەشێوەیەک خەڵکی لەیەکدی نزیک کردووەتەوە کە پێشتر هەرگیز وێنەی نەبووە. لەگەڵ تێپەڕبوونی یادێکی وەک کیمیابارانی هەڵەبجەدا، مرۆڤ دەخوازێت بزانێت کە ئەگەر ئەو کات سیستەمێکی پەیوەندی بەهێز هەبووایە، کاردانەوەکان چۆن دەبوون.


FALCON GROUP
Falcon Group is a wholly owned and operated Iraq corporation focused on the reconstrction of the Kurdistan region and maintenance of critical infrastructures
Falcon Group is comprised of several companies, including
- Falcon Security
- Falcon Construction
- Falcon Agriculture
- Falcon Oil & Gas
- Falcon Batch Plant
- Falcon Demining
- Falcon German Trading
- Falcon Transportation
- Falcon Logistics
- Full Service
- Brayati Construction
- Quesco Turbo Machinery Services
Contact us:
Iraq - Erbil Empire World
Empire Business Complex C3
Tel: 00964 66 258 6008 - 00964 66 258 6009
Email: info@falconiraq.com


SSANGYONG
Korean Made
msn otomotiv
ئۆڤەرێکی نوێ لە کۆمپانیای M.S.N بۆ بازرگانی ئۆتۆمبێل
فرۆشتن بۆ ئۆتۆمبێلەکانی سانگ یونگ تەنها بە پێشەکی لە 30 % بە قستی مانگانە بۆ ماوەی (3) ساڵ بێ بانک
korando SPORTS
REXTON
NEW korando
خزمەت گوزاری دوای کرین گرێنتی (2) ساڵ یا 100.000 کم پارچەی یەدەگی ئەسڵی ڕۆن و فلتەر بەخۆڕای
هەولێر، شەقامی 100 متری، چوار ڕیانی ڕاستی تەنیشت گراج بەغدا 07503442601-07503442602 - 07503442603
سلێمانی: 07706847483 - 07711574639 دهۆک: 07501976202-07503869652 کرکوک: 07503442605 - 07501442027


Empire Diamond Towers
تاوەرەکانی ئیمپایر دایمۆند
شوقەی نایاب
ئێستا ئامادەیە بۆ فرۆشتن
Empire World
Building the Future
Call: 0750 640 8811-8822-8833
www.empireiraq.com

## برایەک تەقە لە خوشکەکەی دەکات

**ڕووداو- PNA**

پۆلیسی ڕاپەڕین گەنجێکیان دەستگیر کرد، کە تۆمەتبارە بە تەقەکردن لە خوشکەکەی. مستەفا محەمەد، گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین ڕاگەیاند، شەوی 2014/4/4 کەسێکی تەمەن (22) ساڵ کە پیشەی کاسبە و دانیشتوی قەڵادزێیە لە گەڕەکی ئیمام قاسمی شارۆچکەکە چووەتە ماڵی خوشکەکەی لە گەڕەکی (ڕاپەڕین) و بەچەکی دەمانچە تەقەی لێکردووە و برینداری کردوە. گوتیشی، بریندارەکە تەمەنی 20 ساڵە ژنی ماڵە، دوای ڕوداوەکە ڕەوانەی نەخۆشخانەی قەڵادزێ کراوەو نەشتەرگەری بۆ ئەنجام دراوەو ئێستا لە ژێر چاودێری پزیشکی دایە.



ڕووداو ژنان
ژمارە (304) دووشەممە 2014/4/7

# لە هەرێمی کوردستان 812 ژنە پۆلیس هەن

## ژنە پۆلیسێک: بە جلی پۆلیسییەوە بچینە سەرجادە فیکەمان بۆ لێدەدەن

**ئەڤین سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

ژمارەیەکی زۆر لە پۆلیسی ژن، بەجلی پۆلیسییەوە لە پشت مێزەکان و ژوورەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیس دەبینرێن، بەڵام هیچ کام لەو ژنە پۆلیسانە لە نێو مەفرەزەکانی شەوانی پۆلیس، پۆلیسی فریاکەوتن، پاسەوانی بەڕێوەبەرایەتییەکان و پۆلیسی هاتوچۆ لەسەر شەقامەکان نابیرنرێن. ئەوان پاساوی خۆیان هەیە بۆ نەهاتنە دەرەوە لە بنکەکانیان.

ئەو ژنە پۆلیسانە دەڵێن هێشتا هەندێک خەڵک تێڕوانینێکی خراپیان هەیە بۆ پیشەی پۆلیس، بە تایبەتیش بۆ ژنان. ئەمە لە کاتێکدایە پۆلیس کۆڵەگەی پاراستنی ئەمنیەتی هاووڵاتیان و ڕێکخستنی هاتوچۆیە.

سەروین نەجمەدین، 33 ساڵ، ماوەی 9 ساڵە پۆلیسە لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر و پلەی نەقیبی هەیە. بەڵام ئەو تەنیا کاروباری ئیداری دەکات لە نێو پۆلیس.

بەبڕوای سەروین، کۆمەڵگەی کوردی "کۆمەڵگایەکی عەشایرییە" و بەچاوێکی دروست سەیری ئەو ژنانە ناکەن کە پۆلیسن. ئەو دەڵێت "خەڵک هەیە قبوڵ دەکات خوشکەکەی یان خێزانەکەی ببێتە پۆلیس، بەڵام خەڵکانێک هەن بەچاوی کەم سەیری ئەو ژنانە دەکەن". سەروین پێیوایە ڕەوشەکە ئێستا باشترە لە جاران و پتر ڕێزیان لێدەگیرێت.

بەپێی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەرێمی کوردستان، لە هەرسێ پارێزگاکەی کوردستاندا 812 کارمەندی پۆلیسی هەن کە 46 لەوانە ئەفسەرن، 168 لەوانە مفەوەزن، ئەوانی دیکەش کە ژمارەیان 598 پۆلیسە، پۆلیسی ئاسایین.



### "دەترسێم بڵێم پۆلیسم"

هەرچەندە ئەو ژنانە دەڵێن بە خواستی خۆیان ئەو پیشەیەیان هەڵبژاردووە، بەڵام کاریگەری هەبووە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیان، بە تایبەتیش شووکردن.

"کە داواکاریم دێت، دەترسێم بڵێم پۆلیسم". ئەمە قسەی پەیمان موحسین، تەمەن 29 ساڵە کە هێشتا شووی نەکردووە.

پەیمان کە ماوەی 6 ساڵە پۆلیسە، بە (ڕووداو)ی گوت "کە دەڵێی پۆلیسم، خەڵک بە چاوێکی دیکە تەماشات دەکەن. من کارەکەی خۆمم زۆر خۆشدەوێت، بەڵام تا ئێستا نیوەی خزمەکانمان نازانن پۆلیسم و بگرە نزیکترین هاوڕێم نازانێ، چونکە دەزانم ئەگەر بڵێم پۆلیسم بەچاوێکی دیکە سەیرم دەکات".

پەیمان لەبارەی هۆکاری دەرنەکەوتنیان لە چالاکییە دیارەکانی پۆلیسدا، لەوانەش دەرچوونی شەوان و گرتنی تۆمەتباران و وەستان لە ترافیکەکان دەڵێت "ئەو ژنانەی دەبنە پۆلیس هەر لەناو وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیەکانن، چونکە لەوێ ڕێزیان لێدەگیرێت و تانەیان لێ نادرێت". گوتیشی " ئێمە پێمانخۆشترە بە جلوبەرگی مەدەنییەوە دەوام بکەین، چونکە ئەگەر جلی پۆلیسی لەبەر بکەین ڕۆژانە چەندین تانەمان لێدەدرێت".

پەیمان کە بە تاکسی دەچێتە بەڕێوەبەرایەتییەکەی، دەڵێت "کە سواری تاکسی دەبم و دەڵێم دەچمە فلان شوێن، دەڵێن پۆلیسیت؟ کە دەڵێم بەڵێ، دەڵێن پۆلیسی بۆ ژن باش نییە و ناوی بە باش نەڕۆیشتووە و ئەم جۆرە قسانە، ئەدی ئەگەر جلی پۆلیسمان لەبەربێت، وەڵڵا خەڵکی فیکەمان بۆ لێدەدەن لەسەر جادە".

### مەرجەکان بۆ ژنە پۆلیسەکان

تەنیا لە پارێزگای هەولێر 204 کارمەندی پۆلیسی ژن هەن، 13 لەوانە ئەفسەرن و 191یشیان پۆلیسی ئاسایین. مەرجی وەرگرتنی ئەفسەرەکانیش لە پۆلیسە ئاساییەکان جیاوازە، ئەفسەرەکان دەبێت دەرچووی کۆلێژ بن، نەخۆش و کەمئەندام نەبن، باڵایان لە 160 سانتیمەتر کەمتر نەبێت، مەشقی سەربازییان کردبێت، نەچووبنە پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە، بەڵام پۆلیسە ئاساییەکان مەرجی وەرگرتنیان ئەوەیە لەڕووی ڕەوشتەوە هیچ شتێکیان لەسەر نەبێت، لانیکەم بڕوانامەی نوێی بنەڕەتییان هەبێت و نەخۆش و کەمئەندام نەبن.

### بۆ ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان پێویستن

نەقیب سەروین لەگەڵ ئەو کێشانەش کە بۆیان دروست دەبێت لە دەرەوە، پێی باشە پۆلیسی ژن بچێتە دەرەوە "هەندێک حاڵەت یان هەندێک ڕووداو هەیە پێویستی بە ژن هەیە، بۆیە دەبێ ژن شانبەشانی پیاوان بچێتە دەرەوە و بە جلی پۆلیسیەوە بەتایبەت بۆ ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان".

### پۆلیسی فریاکەوتن ژنی تێدا نییە

کۆمەڵگەی کوردی هێشتا کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارییە و خەریکە هەنگاو بۆ کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن دەنێت، بەڵام هێشتا هەندێک خێزان نارازین تۆمەتباری ژن لەلایەن پۆلیسی پیاوەوە کەلەپچەی بکرێتە دەست.

عەمیدی مافپەروەر عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر دەڵێت "زۆر ڕووداو و کێشە یان حاڵەت هەیە کە پێویستی بە ژن هەیە، بەتایبەتی لەناو پۆلیسی فریاکەوتن، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ ژنێک داوای نەکردووە بچێتە پۆلیسی فریاکەوتنەوە، ئێمە زۆرمان پێخۆشە و پێویستیشمانە، بەڵام ناتوانین بە زۆر ژنێک بخەینە پۆلیسی فریاکەوتنەوە، چونکە پۆلیسی فریاکەوتن 24 کاژێر دەبێت لە دەوام بێت، ژنەکانی ئێمەش خاوەن ماڵ و منداڵن، کەس ئامادە نییە بە نیوەی شەو دەوام بکات".



لە کوردستان و عێراق

# ژنانی نەجەف زۆرترین قەرزی بچووکیان وەرگرتووە

**شادیە ڕەسوڵ**
**ڕووداو- سلێمانی**

ڕێکخراوێکی ناحکومی نێودەوڵەتی 8 ساڵە لە ڕێگەی پرۆژەکانییەوە خزمەتی ژنانی کوردستان و عێراق دەکات، بەڵام سوودمەندی یەکەمی پرۆژەکانی ئەو ڕێکخراوە ژنانی شاری نەجەفی عێراقن.

(Relive) کە ڕێکخراوێکی فریاگوزاری نێودەوڵەتییە، لە ساڵی 2006ەوە لە عێراق و کوردستان ئیش دەکات. ئەم ڕێکخراوە چەند بەرنامەیەکی یارمەتیدانی هەیە، لەوانە یارمەتیدانی بێوەژنان، ژنانی خاوەنکار و هەروەها بەرنامەیەکی هەیە تایبەت بە یارمەتیدانی گەنجان.

بنار سەردار، یاریدەدەری بەڕێوەبەری پرۆگرامی قەرزی بچوک بۆ ژنانی خاوەنکار لەو ڕێکخراوە دەڵێت، پرۆگرامەکەی ئەوان بۆ بەرەوپێشبردنی دارایی ژنانی خاوەنکارە. بەڵام دەڵێت ژنان بە کەمی پێشوازی لەو پرۆگرامە دەکەن.

بنار دەڵێت "لە ناوەڕاستی ساڵی 2013دا دەستمان بەم پرۆژە نوێیە کردووەو تاوەکو ئێستا تەنیا 11 ژن ناویان تۆمارکردووە". هەرچەندە بنار و ستافەکەی چاوەڕێی بەشدارییەکی زۆری ژنانیان دەکرد بەتایبەت لە شاری سلێمانی، چونکە ژنان لە سلێمانی کراوەتر و چالاکترن، بەڵام ئەم پێشبینیەیان وا دەرنەچوو "لە شارەکانی نەجەف و کەربەلا، ژنان زیاتر بەشداری ئەم بەرنامەیەی ئێمەیان کردووە نەک لە شارەکانی هەرێمی کوردستان".

بنار دەڵێت، سلێمانی بە بەراورد بە هەولێر زۆر باشترە "لە شاری هەولێر تەنانەت یەک ژن ناوی تۆمار نەکردووە". هەروەها دەڵێت "ئەوەندەی ئێمە لێکۆڵینەوەمان کردبێت، ژنان لێرە تەنیا لە داوودەزگاکانی حکومەتدا دەیانەوێت کار بکەن".

مەرجی ئەو ڕێکخراوە بۆ پێدانی قەرز بە ژنان ئەوەیە کە دەبێت ئەو ژنە لە دووکانێکدا کار بکات.

بنار ئاماژەی بەوەدا کە بۆ ئەوەی ژنان ئاگادار بن لە پرۆژەکە، لەڕێی میدیاکانەوە ریکلامیان بۆ کردووە. بنار سەردار گوتیشی "بۆ ئەوەی زۆرترین ژن سوودمەند بن، چووینەتە لای ڕێکخراوەکانی ژنان، بەڵام هیچ هاوکارمان نەبوون کە دەبوو ئەوان یەکەم کەس بن تاوەکو بەرنامەکەمان سەرکەوتوو بێت، هۆیەکەشی ئەوەیە کە دەیانەوێت بەشێکیان هەبێت لەم پرۆژەیەی ئێمەدا".

ئێستا بنار و ستافەکەی ڕێگەی دیکەیان گرتووەتەبەر بۆ ئەوەی ژنی خاوەنکار بدۆزنەوە و قەرزی بدەنێ "لەمەودوا خۆمان لەناو بازاڕ دەگەڕێین تاوەکو ژنە خاوەنکارەکان دەدۆزینەوە و پرۆگرامەکەیان بۆ ڕوون دەکەینەوە".

گرفتی ئەو پرۆگرامە وەک بنار ئاماژەی پێکرد، ئەوەیە کە بەشێکی لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوەیە "بۆیە کاتێک ناوی ئینتەرنێت دەهێنین، هەموو ژنەکان دەترسن و ڕازی نابن و لە بەرنامەکەمان دەکشێنەوە، وا دەزانن ئەمە شتێکی خراپە".

بەڕێوەبەری بنار کە پیاوێکی ئوردنییە، هەمیشە ئەو پرسیارەی لێدەکات "بۆچی ژنی کورد حەزی لە کاری فەرمانبەرییەو کاری سەربەخۆ ناکات؟ ئێمە لە ئوردن ژنمان هەیە خاوەنی کارگەیە، وێنەگرە، تەنانەت فیتەرە".

ئەوەی بنار و بەڕێوەبەرەکەی تێبینییان کردووە، ژنان لە هەرێمی کوردستان زۆرتر گرنگی بە دووکانی ئارایشت دەدەن.

ئەو قەرزەی دەدرێتە ژنان لە 5 هەزار دۆلارەوە دەستپێدەکات تاوەکو 20 هەزار دۆلار، ئەوەش بەپێی پێداویستی ئەو ژنەیە کە داوای چەند دەکات. ئەگەر ژنێک 5 هەزار دۆلار وەربگرێت، ئەوا مانگانە دەتوانێ 350 دۆلار یاخود 450 دۆلار بگێڕێتەوە، ئەمە بۆ ئەو ژنانەیە کە پرۆژەکەیان هەیە نەک تازە دەستدەکەن بەکارکردن، بنار دەڵێت "ئەم قەرزەی ئێمە جیاوازە لە قەرزی حکومەت، چونکە حکومەت تەنیا قەرزەکە دەدات، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوەی کە قەرزەکە دەدەین وۆرکشۆپ دەکەینەوە بۆ ئەو کەسانەی کە پارەکە وەردەگرن، هەروەها لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە بەردەوام لەگەڵیان دەبین بۆ ئەوەی کارەکانیان باش ئەنجام بدەن ئەگەر نەخوێندەواریش بن ئەوا خۆمان یارمەتییان دەدەین".

### ژنانی نەجەف کارگەی ئاسنیان داناوە

ئەم بەرنامەیە بەتەنیا بۆ ژنانی سەنتەری شارەکان نییە، بەڵکو وەک بنار دەڵێت ئەو ژنانەی لە شارۆچکەکان و گوندەکانیشن دەتوانن بەشداربن و خۆمان خەرجی هاتوچۆشیان دەدەینەوە.

بنار سەردار، دەربارەی پرۆژەکە لە خوارووی عێراق گوتی "ژنان لە خوارووی عێراق بەتایبەت لە پارێزگای نەجەف و کەربەلا، پێشوازییەکی گەرمیان لە بەرنامەکەمان کردووە. لەوێ ژنمان هەیە کارگەی دروستکردنی پەلی دەستکردی هەیە. ژنمان هەیە کارگەی ئاسنی هەیە، ژن هەیە دووکانی وێنەگرتنی داناوە".

بەپێی ڕووپێوێک:

# ژنانی کوردستان لە ژنانی عێراق خوێندەوارترن



**ڕووداو- هەولێر**

بەپێی ڕووپێوێکی ئەنجامدراو لە عێراق و هەرێمی کوردستان، ڕێژەی ئەو ژنانەی توانای خوێندنەوەیان هەیە لە کوردستان زیاترە لە عێراق.

لە یەکەمین کۆنفرانسی لەو جۆرەدا لە هەولێر کە ناونرابوو (کۆنفراسی نێودەوڵەتی تایبەت بە ژنان و منداڵبوون لە هەرێمی کوردستان) و ڕۆژی 2014/4/3 لەلایەن (کۆمەڵەی پزیشکانی ژنان و منداڵبوون) ڕێکخرا، عەلی سندی وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند "سیستەمی تەندروستی لە کوردستان و لە عێراق سیستەمێکی کۆنە و دەبێت گۆڕانکاری تێدا بکرێت". بەڵام لە هەمانکاتدا گوتی کە ڕەوشی تەندروستی ژنان و منداڵبوون لە هەرێمی کوردستان پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینیوە بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو.

بە پشتبەستن بە ڕووپێوێک کە بە هاوئاهەنگی لەنێوان ڕێکخراوی یونیسێف و وەزارەتی تەندروستی و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و دەزگای ناوەندیی ئامار لە بەغدا ئەنجامدراوە، ڕێژەی ژنانی خوێندەوار 77.7%ە لە هەرێمی کوردستان، بەڵام لە عێراق 69%ی ژنان توانای خوێندنەوەیان هەیە.

### لە عێراق ڕێژەی منداڵبوون زیاترە

هەر بەپێی ڕووپێوەکە، ڕێژەی لەدایکبوون لە ژێر چاودێریی پزیشکدا لە هەرێمی کوردستان 75%ە، بەڵام لە عێراق کەمترە و دەگاتە 65 %.

هەروەها ڕێژەی مردنی منداڵانی تازە لەدایکبوو کەمبووە بۆ 28 لە هەر 1000 منداڵ لە ساڵی 2012دا لە هەرێمی کوردستان، بەڵام لە عێراق 37 منداڵی تازە لەدایکبوو لە هەر 1000 منداڵدا دەمرن.

بەڵام ڕێژەکە لە هەرێمی کوردستانیش لە ئاست ڕێژەی ستانداردی جیهانیدا نییە کە دەبێت 17 منداڵ بێت لە هەر 1000 منداڵی تازە لەدایکبوو.

هەروەها لە سکپڕبوونی هەرزەکارانیشدا ڕەوشی کوردستان لە عێراق زۆر باشترە کە لە عێراقدا ڕێژەی سکپڕبوونی ژنان لە تەمەنی هەرزەکاریدا دەگاتە 82 %، بەڵام لە هەرێمی کوردستان ڕێژەی ئەو ژنانەی سکپڕ دەبن 39%یان لە تەمەنی هەرزەکاریدان.

### خەتەنەکردنی ژنان لە کوردستان زیاترە

ڕێژەی خەتەنەکردنی ژنان لە هەرێمی کوردستان زیاترە لە ڕێژەی خەتەنەکردنی ژنان لە عێراق کە ئەوەش وەک ئاماژەیەک بۆ دواکەوتوویی باری کۆمەڵایەتی لەلایەن هەندێ لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە تەماشا دەکرێت .

عەلی سندی، وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، بەپێی ئەو ڕووپێوییەی لە ساڵی 2011دا کراوە، ڕێژەی ژنانی خەتەنەکراو لە هەرێمی کوردستان 11.3% یە و لە عێراق 4.9%یە.

لەوبارەیەوە ئەو وەزیرەی حکومەتی هەرێمی کوردستان گوتی "دەبێت کار جدی بکەین بۆ بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە، چونکە کاریگەری دەروونیی خراپی دەبێت بۆ سەر تەندروستی لەش و ژیانی داهاتووی ئەم ڕەگەزە".

رووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (304) دووشەممە 2014/4/7

## گەنجێک دەسووتێت



**رووداو- قەڵادزێ**

گەنجێکی دانیشتووی قەڵادزێ بەشێکی زۆری جەستەی دەسووتێت، پۆلیسیش لێکۆڵینەوە لە هۆکاری روداوەکە دەکات. عوسمان محەمەد، جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتی قەڵادزێ، بە (خەندان)ی راگەیاند "ئێوارەی 6ی نیسانی 2014، گەنجێکی تەمەن 24 ساڵ بە سوتاوی گەیەنرایە نەخۆشخانەی شەهیدانی قەڵادزێ، کە تەواوی جەستەی بەشێوەیەکی ترسناک سووتابوو. گوتیشی "بەهۆی زۆری رێژەی سوتاوییەکەشـیـیەوە نەیتوانیوە دەربارەی رووداوەکە زانیاری بداتە پۆلیسـی لێکۆڵینەوەی‌نەخۆشخانە.

### لە ترسی هەڕەشەکانی دەستگیرانەکەی

# کچە کوژراوەکەی پێنجوێن دوو مانگ ئاوارەی سلێمانی بوو

**تەرزە عەبدوڵڵا**
**رووداو- سلێمانی**

رووداوەکەی پێنجوێن، تاوەکو ئێستاش زۆر کەسی تووشی سەرسوڕمان کردووە، چونکە ئەوەی چووە سەر رێگای کچەکە و تەقەی لێکرد، هەمان ئەو کوڕەیە کە چەندین جار چووەتە داوای و سوور بووە لەسەر ئەوەی بۆ هەمیشە پێکەوە بژین.

رێبەر عومەر، 23 ساڵ، نزیک لەکچە کوژراوەکەی پێنجوێن باسی بەسەرهاتی ژیانی شەهێن و دابانی گێڕایەوە تاوەکو ئەو رۆژەی کچەکە کۆتایی بە ژیانی هات و کوڕەکەش لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانە چاوەڕوانی مەرگ دەکات.

ئەو کوڕ و کچە ماوەی شەش مانگ دەستگیرانی یەک بوون، لە سەرەتاوە ماڵی کچەکە رازی نەبوون شوو بەو کوڕە بکات "بەڵام نازانم چۆن دواتر رازی بوون و مارەی کرد". رێبەر وا دەڵێت.

رێبەر باس لەوە دەکات کە ئەوان تەنیا شەش مانگ دەستگیراندار بوون، پاش ئەوەی کچەکە دەزانێت پێکەوە ناگونجێن داوای جیابوونەوە لە کوڕەکە دەکات "بەڵام کوڕەکە رازی نەبوو بەو جیابوونەوەیە، نازانم دواتر بە چ شێوەیەک جیابوونەوە". رێبەر هەروەها دەڵێت "ئەوەندەی ئاگاداربم بەردەوام کوڕەکە هەڕەشەی لە کچەکە کردووە و ئەوان هیچ داوایەکی یاساییان لە دادگا و پۆلیس تۆمار نەکردووە".

رۆژی 2012/4/4 کوڕ و کچێک لە گەڕەکی راپەڕینی قەزای پێنجوێن بە ناوەکانی شەهێن عوسمان و دابان عومەر کوژران. وەک ئەوەی دەگوترێ، دوای ئەوەی شەهێن داوای جیابوونەوە دەکات، دابان ئەوە قبوڵ ناکات و دوای چەند جارێک هەڕەشەکردن لە کچەکە، بڕیار دەدات کچەکە بکوژێت و پاشان خۆیشی بکوژێت.

رێبەر باسی رۆژی کوشتنەکەی شەهێن دەکات و دەڵێت "ئەو رۆژە شەهێن چووبوو بۆ ماڵی پووری. دابان لە بەردەم ماڵی پووری کچەکە هاتوچۆی کردووە، دواتر بانگی کردووەتە باخێکی نزیکی ماڵەکە". وەک ئەو باسیدەکات، لەکاتی ئاشکرابوونی کوشتنەکەدا بۆیان دەرکەوتووە کە "کوڕەکە دوو دەمانچەی پێبووە، بۆ ئەوەی بووە کە بڵێن کچەکە بە دەمانچەیەک خۆی کوشتووە و کوڕەکەش بە دەمانچەکەی دیکە خۆی کوشتووە".

بەڵام رێبین دەڵێت "راستی رووداوەکە بەو جۆرە بوو کە سەرەتا کچەکەی کوشتووە و دواتر فیشەکێکی ناوە بەسەری خۆیەوە". دوای ئەو رووداوە کچەکە دەستبەجێ گیان لەدەست دەدات و کوڕەکەش رەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی دەکرێت و ئێستاش لە حاڵەتی بێهۆشیدایە.

کاتێک رێبین قەرەباڵخیەکی زۆری بینیوە لای ئەو باخەی نزیک ماڵی خۆیان، تووشی سەرسوڕمان بووە و پێشبینی ئەو رووداوە لەناکاوەی نەکردووە، چونکە ئەو کوڕە کچەکەی زۆر خۆشدەویست "لە خوێندنگە دەگەڕامەوە بینیم ئەوناوە پڕ بووە لە پۆلیس و قەرەباڵخیەکی زۆرە، کە چوومە پێشەوە بینیم دوو دەستگیرانەکەن، هەموو گیانیان خوێنە".

یاسین تۆفیق، پوورزازای کچە کوژراوەکەی پێنجوێن، باسی چۆنیەتی رووداوەکە دەکات و دەڵێ "ئەو کوڕە چەند جارێک هاتووەتە داوای شەهێن، بەڵام ماڵەوەیان رازی نەبوون، دواتر مارەی دەکات و لە ماوەی ژیانی دەستگیرانیاندا بەردەوام شەڕیان دەبێت و بە تەلەفۆن قسەیان بەیەکدی گوتووە، بۆیە کچەکە بڕیار دەدات لێی جیابێتەوە".

یاسین تۆفیق گوتیشی دوای جیابوونەوەیان ئەو کوڕە چەند جارێک هەڕەشەی لە شەهێن کردووە کە دەیکوژێت "زیاتر لە دوو مانگ ناردمانە ماڵی پووری لە سلێمانی، بەڵام دواتر گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، 10 رۆژ دوای گەڕانەوەی لە ماڵی پووری لەگەڵ منداڵێکی بچووک تا سۆپەرمارکێت دەچێت کە نزیکی ماڵی خۆیانە، کوڕەکەش دوای دەکەوێت".

دابان بانگی شەهێن دەکات، بەڵام شەهێن قسەی ناشرینی پێدەڵێت کە دوای نەکەوێت، ئەوە بێسوود دەبێت بۆیە دابان شەهێن بەزۆر دەباتە ئەولاوە و بە دەمانچەیەک دەیکوژێت و دواتر بە دەمانچەکەی دیکە فیشەکێکیش دەنێت بە سەری خۆیەوە. پوورزاکەی شەهێن دەڵێت "ئەگەر کوڕەکە لە مردن رزگاری بوو ئەوە دەبێت دادگا تۆڵەی لێبکاتەوە".





تامان شاکر
tamanshakir@yahoo.de

## ژن و هەڵبژاردن

دیموکراسی واتە حوکمی گەل، دیموکراسی واتە دەستاودەستکردنی دەسەڵات بە شێوەیەکی ئاشتیانە، بە مەرجی پاراستنی ماف و ژیانی هاووڵاتیان بەشێوەیەکی یەکسان، دیموکراسیەت سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە و کۆمەڵگە پەیڕەوی دەکات و لەگەڵ رۆژگار دەبێتە بەشێک لە رۆشنبیریی کۆمەڵگە. بۆیە هاووڵاتیان لە هەموو دونیادا بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکەن و بڕیاری خۆیان دەدەن.

کەلتووری هەڵبژاردن لە وڵاتی ئێمە زۆر جیاوازە. ئەگەر هەڵبژاردن بە شێوەیەکی دیموکراسیش بەڕێوەبچێت، بەڵام هیچ لایەنێکی سیاسی ئەنجامەکانی بە سنگێکی فراوانەوە قبوڵ ناکات. لە ئەنجامدا پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت دوادەکەوێت، چونکە هەرکەس لەبەشی خۆی زیاتری دەوێت، بۆیە هەر لەسەرەتای بانگەشەی هەڵبژاردنەکانەوە هەست بەو نەفەسە دوژمنداریيە دەکەیت، لە قسەو لێدوانی لایەنەکان بەرامبەر بەیەکتری کە لە کەناڵەکانی سەر بە لایەنە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنەوە پەخش دەکرێت.

لە هەڵبژاردنی پێشوودا بەرپرسی لایەنێکی سیاسی لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنی (رووداو) دا، کەناڵی حیزبەکەیانی بە تۆپخانە وەسف دەکرد بۆ لێدانی نەیارەکانیان، جا تۆ ئەگەر بە تۆپ لە خەڵک بدەی ئەی بۆ باسی سیستەمی دیموکراسی و دەنگدان دەکەی؟ لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا ئەوراقی کۆن و نوێ هەڵدەدرێنەوە و هەموو لایەنەکان یەکتری تاوانبار دەکەن، زۆرترین تۆمەت بەخشینەوەش بەر کاندیدە ژنەکان دەکەوێت. لە هەڵبژاردنەکانی رابردوودا بینیمان چۆن بێ ویژدانانە کەوتنە ئازاردانی کاندیدە ژنەکان و تۆمەتیان بۆ دروستکردن. لەم هەڵبژاردنەشدا ژنان سەلامەت دەرناچن. هەر لە ئێستاوە چەند کەسێک بە نووسین لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوە هێرش دەکەنە سەر هەندێک لە کاندیدە ژنەکان و بەناوی خوازراو بڵاوی دەکەنەوە، بێ ئەوەی شەرم بکەن.

لە هەڵبژاردنەکانی چەند رۆژی رابردووی باکووری کوردستان و تورکیادا پێچەوانەکەمان بینی، ژنانی باکوور داینەمۆی شۆڕش و بەرخودانن لە باکووری کوردستان و لەم هەڵبژاردنەشدا سەرکەوتنێکی بەرچاویان بەدەست هێنا و 22 ژن بوونە سەرۆکی شارەوانی، ئایا ئێمە دوای 23 ساڵ ئازادی بۆ نەمانتوانی کەلتوور و عەقڵیەتی خۆمان بگۆڕین، ئەگەر دەنگ بە ژنیش نەدەین، بەڵام ترسنۆکانە جنێویان پێنەدەین و سووکایەتییان پێنەکەین؟ من پێموایە کەلتووری دیموکراسی لەباکوور زووتر گەشە دەکات. ژنانیش رۆڵی سەرەکییان هەیە لە بەرەوپێشبردنی ئەم سیستەمە. چونکە لەباکوور زۆرینەی خەڵک دەزانن بۆ دەنگ دەدەن و دەنگ بە کێ دەدەن.



# 11000 تاوان لە سلێمانی کراوە

### ساڵی رابردوو

**شادیە رەسوڵ**
**رووداو- سلێمانی**

بەپێی ئامارێکی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی، ساڵی رابردوو ساڵێکی پڕ لە تاوان بووە لەو پارێزگایە، بە جۆرێک 11 هەزار و 618 تاوانی جۆراوجۆر لە بنکەکانی پۆلیس تۆمار کراون.

سامان مەحموود، بەڕێوەبەری راگەیاندن و پەیوەندییەکانی پۆلیسی سلێمانی بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند "کێشە و لێکۆڵینەوە لە تاوانەکان تەنیا لە یەک بنکەدا نییە، بەڵکو هەموو بنکەکانی ناو شاری سلێمانی لێکۆڵینەوە لە کێشە و تاوانەکان دەکەن".

### بکوژەکان رزگاریان نابێت

بەپێی ئامارەکەی بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی سلێمانی، کوشتنی بە ئەنقەست بەهۆی چەک لەو ساڵەدا 36 حاڵەت بووە و بەچەقۆ 7 حاڵەت بووە، بەگوتەی بەڕێوەبەری راگەیاندنی پۆلیسی سلێمانی "زۆربەی تۆمەتبارانی کەیسی کوشتن دەستگیرکراون".

جۆرێکی دیکەی تاوانەکان لە شاری سلێمانی لە ساڵی 2013 دا خۆکوشتن بووە کە 56 حاڵەت لەلای پۆلیس تۆمار کراون. دیارترینیان خۆخنکاندن بووە کە 17 حاڵەت بووە و بە هەمانشێوەش خۆسووتاندن 17 حاڵەت بووە. بە گوتەی پۆلیس زۆربەی ئەوانەی خۆیان سووتاندووە ژن بوون.

هەر لەو ساڵەدا خۆکوشتن بە چەک ، 16 حاڵەت تۆمار کراوە، حەب خواردن 2 حاڵەت و هەندێک هۆی دیکەش بۆ خۆکوشتن کە دیار نییە، 4 حاڵەت بووە.

### 2158 دزی کراوە

بەرپرسی راگەیاندنی پۆلیسی سلێمانی باسی تاوانی دزی کرد و گوتی لە سەرەتای ساڵی 2013 دا زۆرترین تاوانبار کە دەستگیرکرابوون لەسەر تاوانی دزیکردن بووە، ئەویش 2 هەزار و 158 حاڵەت بوو.

زۆرترین حاڵەتیش دزیکردن لە ناو ماڵەکان بووە کە 581 حاڵەت بووە. 188 حاڵەتی دزیکردن لە ناو بازاڕ بووە، هەروەها گوتی "ژمارەیەکی زۆر لەوانەشی بەوتۆمەتە دەستگیر کراون ژنن".

هەر بەپێی ئامارەکەی پۆلیس، 166 حاڵەتی دزینی ئۆتۆمبێل و ماتۆڕ لەو ساڵەدا تۆمار کراوە، لە ئامارەکەدا هاتووە دزینی شتی دیکە 1223 حاڵەت بووە و کۆی گشتی دزیکردن لە ساڵی 2013دا لە سلێمانی 2 هەزار و 158 حاڵەت بووە.

### 791 کێشەی مۆبایل

کێشەی مۆبایل یەکێکە لەو کێشانەی کە زۆرترین رێژەی تۆمارکردووە لە شاری سلێمانی، ئەویش 791 حاڵەت بووە، سامان مەحموود، لەبارەی کێشەی مۆبایلەوە گوتی "ئەو تاوانانەی بە مۆبایل دەکرێت بەردەوامە و چارەسەری قورسە، بەهۆی بوونی ژمارەیەکی زۆر لە سیمکارتی علوج کە تاوەکو ئێستا نەمانتوانیوە کۆنترۆڵی بکەین".

سامان گوتیشی بۆ کۆنترۆڵکردنی کێشەی مۆبایل پێویستیان بە هاوکاری کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردن هەیە بۆ راگرتنی سیمکارتە علوجەکان. هەر لە ساڵی 2013دا هەڕەشەکردن بە مۆبایل و هۆکارەکانی دیکە 1512 حاڵەت بووە.

### 34 کەس رفێندراون

یەکێکی دیکە لەو ئامارانەی کە بڵاوکراوەتەوە رفاندنە. بەپێی ئاماری پۆلیس ساڵی رابردوو لە سلێمانی 34 کەس رفێندراون. بەڕێوەبەری راگەیاندن و پەیوەندییەکانی پۆلیس گوتی "رفاندنەکان کاری تیرۆریستی نەبووە، بەڵکو هەندێک لەو حاڵەتانە رەدووکەوتنن".

هەروەها تاوانی تەقەکرن لە نێو ئامارەکانی پۆلیسی سلێمانیدا 24 حاڵەت بووە "ئەو کەسانەی کە تەقەیان کردبێت جا مۆڵەتیان هەبووبێت یاخود نا، ئەوە دەستگیرکراون بەهۆی ئەوەی کە ئارامیی شار تێکدەدات".

ئەو کەسانەی کە بەهۆی سواڵکردنەوە دەستگیرکراون بەپێی ئاماری پۆلیسی سلێمانی 151 کەس بووە. سامان دەڵێت "بەپێی بڕیارێکی نوێی پارێزگاری سلێمانی ئەو کەسانەی بەهۆی سواڵکردنەوە دەستگیردەکرێن رەوانەی شارەکانی خۆیان دەکرێنەوە".

### 156 حاڵەتی بەدڕەوشتی

یەکێک لەو تاوانانەی کە لە ساڵی 2013 تۆمار کراوە لە بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی سلێمانی، بەدڕەوشتییە کە 156 حاڵەت بووە و بەڕێوەبەری راگەیاندنی پۆلیسی سلێمانی گوتی "ئەو کەسانەی بەهۆی بەدڕەوشتییەوە دەستگیردەکرێن بەپێی ماددەی (402 لەگەڵ 404 ) دادگایی دەکرێن، ئەمانەش زیاتر دەست بۆبردن لە ناو بازاڕ و شوێنە گشتییەکان دەگرێتەوە".

### 4 هەزار سەرپێچی هاتوچۆ

لە نێو ئامارەکەدا تاوانەکان و سەرپێچییەکانی هاتوچۆش تۆمارکراون، کۆی گشتی تۆمارکراو لە ساڵی 2013 دا 4 هەزار و 636 حاڵەت تۆمارکراوە، کە زۆرترین حاڵەتییان پێکدادانی ئۆتۆمبێل بوو و 926 حاڵەت تۆمار کراوە.

بەهمەن عەبدوڵڵا، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی سلێمانی گوتی "زۆرترین رووداوەکانی هاتوچۆ بەهۆی تیژڕەوی شۆفێرەوەیە "هەرچەندە ئێمە بەردەوام کامێراکانمان کار دەکات تاوەکو بتوانین رووداوەکانی هاتوچۆ کەمبکەینەوە".


بەپێی ئاماری پۆلیس 218 رووداوی هاتوچۆ بەهۆی خواردنەوە کحولییەکانەوە بووە. بەهمەن عەبدوڵڵا دەڵێت "ئێمە لەڕێگەی ئامێری ئاشکراکردنی رێژەی خواردنەوەی کحولەوە دەتوانین ئەو کێشەیە کەم بکەینەوە ئەگەر کەسێک زیاتر لە رێژەی یاسایی کحولی خواردبووەوە ئەوا دەست بەسەر ئۆتۆمبێلەکەیدا دەگیرێت بۆ ماوەی 15 رۆژ".

### 79 جار دارستانەکان سووتێندراون

لە ئامارەکانی بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی سلێمانی چەند تاوانێکی دیکەی تۆمار کراون لەوانە راوکرنی بەشێوەیەکی نایاسایی 384 حاڵەت تۆمارکراوە، هەروەها سوتاندنی دارستانەکان یەکێکە لەو حاڵەتانەی تۆمار کراوە کە 79 حاڵەت بووە. بەڵام بەڕێوەبەری راگەیاندنی پۆلیسی سلێمانی دەڵێت "کەس لەسەر سوتاندنی دارستان و پاوان دەستگیر نەکراوە".

### 103 کەس ونبوون

ونبونی مرۆڤیش لە نێو ئامارەکانی پۆلیسی سلێمانیدا هەیە. بەپێی ئامارەکە لە ساڵی رابردوودا 103 حاڵەتی ونبوونی مرۆڤ هەبووە. بەڕێوەبەری راگەیاندنی پۆلیسی سلێمانی دەڵێت "تەنیا چەند کەیسێکی کەم نەبێت هەموویان دۆزراونەتەوە، ئەوانەش کە نەدۆزراونەتەوە لێکۆڵینەوەکان لەبارەی ونبوونیان بەردەوامە".



بڕیاربوو خانوویان بۆ دروستبکەن

# پارەکەیان دەخورێ و سوێندیش دەدرێن

**هەڵۆ کاکەوەیس**
**رووداو- هەولێر**



پڕۆژەی نیشتەجێبوونی چاودێرستی کە خاوەنەکەی پێشتر خۆی کوشت و کۆمەڵێک کێشەی بۆ بەشداربووانی پڕۆژەکە جێهێشت، هێشتا کێشەکانی هەر ماون. بەشداربووانی پڕۆژەکە داوای پارەی خۆیان دەکەنەوە و دەڵێن خانوو و شوقەمان ناوێت. هەندێک لە بەشداربووان دەڵێن لەلایەن ئەو کۆمپانیایەی پڕۆژەکە تەواو دەکات سوێند دراون کە پێشتر قیستی خانووەکانیان داوە.

پڕۆژەی چاودێرستی لە هەولێر، لە 2012/1/16 مۆڵەتی ژمارە 13ی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی هەولێر پێبەخشراوە، زیاتر لە 100 هاووڵاتی ناوی خۆیان تۆمارکردووە. کۆمپانیاکە بڕی 60 هەزار دۆلاری بۆ دروستکردنی هەر خانوویەک دیاری کردبوو، پڕۆژەکە بە نۆ قیست بووە و بە پێشینەی 15 هەزار دۆلار. بەڵام پڕۆژەکە رووبەڕووی کێشە بووەوە دوای ئەوەی هێمن ئیسماعیل حوسێن، خاوەنی پڕۆژەکە خۆی کوشت. دوای رووداوەکە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بڕیاری ژمارە 3044 لە 2013/4/3 لیژنەیەکی پێکهێنا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پڕۆژەکە، لیژنەکە گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە پڕۆژەکە لە 188 خانوو پێکدێت، 21%ی پڕۆژەکە تەواو بووە. هەروەها ژمارەیەک خانوو زیاتر لە جارێک فرۆشراون و ژمارەیەکی دیکەش بە کاش (نقد) فرۆشراون.

لیژنەکەی ئەنجوومەنی وەزیران 7 خاڵی پێشنیاز کردووە، لەوانە وەرگرتنی رێکاری یاسایی بەرامبەر کۆمپانیاکە، فراوانکردنی پڕۆژەکە بەشێوەی شوقەی ستوونی، پێدانی مافی دروستکردنی 140 شوقە لەگەڵ هەندێ خزمەتگوزاریی بازرگانی بۆ ئەوەی بتوانن بە قازانجیان قەرەبووی کێشە داراییەکان بکەنەوە. هەروەها پێدانەوەی ئەو بڕە پارەیەی لە هاووڵاتیان وەرگیراوە وەکو پێشەکی ئەگەر ئامادە نەبوون شوقە وەربگرن، دوای شەش مانگ لە دەستبەکاربوونەوەی پڕۆژەکە وەبەرهێنەر بە 6 قیستی مانگانە پارەکانیان بۆ بگەڕێنێتەوە.

شەماڵ کاکەرەش رەشید، نوێنەری ئەو هاووڵاتیانەی لەو پڕۆژەیە زەرەرمەندبوون بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند "101 کەس لەو پڕۆژەیە زەرەرمەند بووین، ئێستا وەک نوێنەری ئەو خەڵکە دەمانەوێت دەستەی وەبەرهێنان راسپاردەکانی لیژنەکە جێبەجێ بکات، بە تایبەتی دانەوەی پارەکە، چونکە ئەو خەڵکە خانوو و شوقەیان ناوێت".

نزیکەی ساڵێک تێپەڕیوە بەسەر راسپاردەکانی ئەو لیژنەیە و هیچ کام لەو هاووڵاتییانە قەرەبوو نەکراونەتەوە و تەنانەت بناغەی یەک شوقەش دانەنراوە، ئەگەرچی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی وەبەرهێنانی هەولێر بە نووسراوی ژمارە 241 لە 2014/1/20 کە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی ناردووە، داوای گەڕاندنەوەی پارەی کردووە بۆ ئەو هاووڵاتیانە، چونکە ئەوان رازی نین بەو شێوەیە پارەکانیان بۆ بگەڕێندرێتەوە.

حاجی خورشید عەبدوللەتیف، خاوەنی کۆمپانیای تانج بە (رووداو)ی راگەیاند "ئێمە لە 2012/3/18 بووینە هاوبەشی حاجی هێمن لەو پڕۆژەیە و 60%ی ئەو پڕۆژەیەمان لە حاجی هێمن کڕییەوە، بەڵام ئەو دوو ساڵ بەر لە دەستپێکردنی پڕۆژەکە خانووەکانی فرۆشتبوو. کاتێک ئێمە بووینە هاوبەشی، کۆمەڵێ خەڵکی کۆکردەوە و گوتی ئەم کەسانە خاوەنی خانووەکانن و مامەڵەتان لەگەڵ ئەم کەسانە دەبێت، ئێمەش پاشکۆیەکی گرێبەستمان لەگەڵیان هەر بە ناوی چاودێرستی لەگەڵ ئیمزا کرد، بەڵام حاجی هێمن تەنیا ئەوانەی هێنابوو کە خۆی دەیویست، واتا هەندێ لەوانەی ئامادەبوون خانووەکانیان خاوەنی دیکەیان هەبوو، بەڵام حاجی هێمن نەیهێشتبوو بزانن".

مامەند بایز بابەکر، ئەندامی لیژنەکە لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بە (رووداو)ی راگەیاند "لەبەرئەوەی دوای خۆکوشتنی حاجی هێمن وەبەرهێنەری دیکەمان دەستنەکەوت، بۆیە لیژنەکە بڕیاری دا پڕۆژەکە بدرێتەوە کۆمپانیای تانج". دوای خۆکوشتنی حاجی هێمن لە 2012/6/23، ساڵێک و شەش مانگ ئەو پڕۆژەیە راوەستا. خاوەنی کۆمپانیای تانج دەڵێت "یەک ملیۆن دۆلارمان لە پڕۆژەکەدا خەرجکرد، حاجی هێمن ئەوەشی بردبوو".

سامان عارەب سادق، ئەندامی لیژنەی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ کێشەی چاودێرستی بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند "لە ماوەی کارکردنم لەو لیژنەیە تێبینیم کرد بەشێک لەو گرێبەستانە بەرلەوەی ئەو پڕۆژەیە مۆڵەتی دەستەی وەبەرهێنان وەربگرێت خانووەکان فرۆشراون، بۆیە پێموایە کێشەکان لەو کاتەوە سەریهەڵداوە و نەدەبوو خەڵکی پارەیان بە شتێک بدایە کە وجودی نەبووە".

دەستەی وەبەرهێنان دوو لیست رەوانە دەکات بۆ کۆمپانیای تانج و حاجی خورشید عەبدوللەتیف گوتی "ئێمە ناوی پڕۆژەکەمان گۆڕیوە بۆ ئالا ستی، دەستەی وەبەرهێنانیش بەپێی پاشکۆی ئەو گرێبەستەی بەر لە خۆکوشتنی حاجی هێمن دوو لیستی بۆمان رەوانە کردووە، لیستی یەکەم لە 188 ناو پێکدێت و بۆ پێدانی خانوو، لیستی دووەم کە نزیکەی 125 ناوە شوقەیان پێبدرێت، ئێمەش پەیوەندیمان بە بەشداربووانەوە کردووە بۆ ئەوەی بەرچاوڕوونییان هەبێت، هەروەها بۆ ئەوەی گرێبەستی نوێیان لەگەڵ ئیمزا بکەین، ئەوەی پێشتر 20 هەزار دۆلاری داوە و 40 هەزارەکەی دیکەی بە قیست لێوەردەگرین، بەڵام تا ئێستا کێشەی ئەوانەمان بۆ چارەسەر نەبووە کە بە کاش (نقد) پارەیان داوە و ژمارەیان 14 کەسە. ئێمە ناتوانین هیچیان بدەینێ، چونکە پاشکۆی گرێبەستیان نییە، ئێمەش وەک کۆمپانیایەک ناتوانین 65 هەزار دۆلار لە حیسابی خۆمان بدەین، بۆیە داوامان لە حکومەت کردووە قەرەبوویان بکاتەوە".

شەماڵ کاکەڕەش رەشید نوێنەری بەشداربووانی پڕۆژەکە گوتی "لە بارەگای کۆمپانیای تانج لە گوندی ئیتاڵی هەموو بەشداربووان بانگهێشتکراین و لەوێ بە ئامادەبوونی بێجان ئەحمەد لە بەشی یاسایی دەستەی وەبەرهێنان، لەلایەن ئازاد مزوری، پارێزەری کۆمپانیای تانج سوێند دراین، هەر رۆژەی 20 کەس سوێند دەدرا کە ئێمە پێشتر پارەمان داوە، بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی ئێمە پێشتر لەو پڕۆژەیە بەشداربووین، هەر لەوێش لەلایەن نەجات باپیر، بەڕێوەبەری پێشووی دەستەی وەبەرهێنانی هەولێرەوە سەرجەم گرێبەستە ئەسڵییەکانمان لێوەرگیرا و دانەیەکی کۆپیمان پێدرا".

---

# ئاژەڵدارانی راپەڕین داوای کارگەی شیر دەکەن



**فەرمان چۆمانی**
**رووداو- راپەڕین**

ئەگەر رەوشی ئاژەڵدارانی دەڤەری بیتوێن و پشدەر هەر بەو شێوەیە بمێنێتەوە و لەو وەرزەدا نەتوانن سوود لە بەروبوومی ئاژەڵەکانیان وەربگرن و هەرزانفرۆشی بکەن، ئەوە لە چەند ساڵی داهاتوودا پیشەی ئاژەڵداری تەنیا لەسەر زاری خەڵک دەمێنێتەوە و بۆ نەوەکانیانی دەگێڕنەوە.

پیشەی ئاژەڵداری لە هەرێمی کوردستان مێژوویەکی درێژی هەیە، لە ناوچە شاخاوییەکاندا هەزاران سەر ئاژەڵ بەخێو دەکرێن و بەرهەمەکانیان هەر لە ناوخۆی کوردستان بەکاردێن. ئەو کەسانەی سەرقاڵی ئەو پیشەیەن، دەڵێن "ئەگەر حکومەت هاوکاری ئاژەڵداران بکات بەرهەمەکانمان بەشی ناوخۆی هەرێمی کوردستان دەکات".

هەڵمەت عەبدوڵلا، کە خەریکی لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانی بوو، گوتی "بەرهەمێکی باشمان هەیە و ئەگەر حکومەت هاوکاریمان بکات دەتوانین ئاژەڵی زۆرتر بەخێو بکەین و بەرهەمی باشترمان دەبێت".

لە زۆربەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان کارگەی تایبەت بە بەرهەمە شیرەمەنییەکان نییە، ئەمەش وای کردووە بەشێکی زۆری ئەو بەرهەمە بەفیڕۆ بڕوات، بە تایبەتی لە دەڤەری پشدەر و بیتوێن.

هیوا قەرەنی، قایمقامی قەزای رانیە بە (رووداو)ی راگەیاند "کردنەوەی کارگەی شیرەمەنی بۆ کۆکردنەوەی بەرهەمی شیری ئاژەڵ لە راپەڕین زۆر گرنگە و زۆریش هەوڵدراوە، بەڵام تائێستا هەوڵەکان بە ئەنجام نەگەیشتوون و دەکرێت لە رێگای کەرتی تایبەت ئەم کارگەیە بکرێتەوە"، ئەو دەڵێت "هەر وەبەرهێنەرێک ئەم کارە بکات ئێمە کارئاسانی تەواوی بۆ دەکەین".

بەرهەمە شیرییەکانی ئاژەڵ (ماست، پەنیر، ژاژی و رۆن، دۆ و کەشک) لە بازاڕەکانی کوردستاندا هەن. رەنجدەر کانیمارانی کە ماستفرۆشە، دەڵێت "ئێمە بەرهەمی شیری گوندەکان کۆدەکەینەوە و دواتر دەیفرۆشینەوە بە هاووڵاتیان و بازاڕێکی باشمان هەیە. خەڵکی ماست و دۆی گوندی کانی ماران دەبات بۆ شارە گەورەکانی هەولێر و سلێمانی، هەندێ جاریش بۆ بەغدا".

بەپێی قسەی رەنجدەر، بەرهەمە شیرییەکانی ئەو ناوچەیە خواستێکی زۆریان لەسەرە، ئەگەر حکومەت هاوکاری ئاژەڵداران بکات بەرهەمەکەی بەشی ناوخۆ دەکات، ئەگەر کارگەیەکیش هەبێت هەر باشترە، بەڵام گوتی "بەرهەمی دەرەوە زیانی زۆری بە ماستی خۆماڵی گەیاندووە".

---

تریفە عەبدولکەریم شوانی

# مامۆستا لەکوێی سیستەمی پەروەردەدایە؟

ماوەی چەند ساڵێکە سیستەمی خوێندن گۆڕاوە و بووەتە سیستەمی بەناو "سویدی". لە سیستمی سویدیدا قوتابی ماوەی شەش تا حەوت کاژێر لە قوتابخانە دەمێنێتەوە و هەموو مافێکی قوتابیبوونی پێدراوە، لە بەرامبەردا مامۆستاش مافی تەواوی خۆی هەیە وەک مامۆستا و فێرکەر و پەروەردەکەری دووەم، نەک وەک ئەوەی ئێستا لە کوردستاندا هەیە.

مامۆستا بووەتە نزمترین و کەمترین توێژی کۆمەڵگا، زۆربەیان باری داراییان خراپە و ئێستا لایەنی دەروونیشی بۆ زیاد بووە لە سایەی سیستەمی سویدی کە بە بڕوای من بەو سیستمە تەنیا مامۆستا هەڵدەخەڵەتێنن. لەوانەیە بڵێن لەبەرچی ئەم وشە کاڵانە بە مامۆستا دەڵێم؟

وەڵامم ئەوەیە کاتێک سیستەمێک ببێتە پێوانە بۆ مامۆستا و بیکاتە کۆیلەی قوتابی بە ناوی سیستەمی نوێ، ئەوا زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێ.

کاتێک مامۆستا هەڕەشەی کوشتنی لێدەکرێ و بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی پێیدەڵێ تا هەفتەیەکی دیکە مەیەوە بۆ قوتابخانە و مۆبایلەکەت دابخە، چونکە چەند قوتابییەک لە وانەکەت دەرنەچوون! کاتێک دایک و باوک و کەسوکاری قوتابی دێن قسە و جنێو بە مامۆستا دەدەن و لەبەر چاوی منداڵەکەیان هەڕەشەی لێدەکەن و پێیدەڵێن "شکاتت لێدەکەین جارێکی دیکە وا بکەی"! کە مامۆستاکەی تەنیا چەند جارێک زیاتر نووسینەوەی پێکردبوو لە بابەتێک لە جیاتی ئەوەی پێیان باش بێت و بڵێن ئەوە سزایەکی زۆر زانستی و بەجێیە بۆ زیاتر دەست راهاتن و بەهێزتربوونی رێنووسی منداڵەکانمان.

زۆرن دەردەسەرییەکانی مامۆستایان و نموونەش زۆرن وەک ئەوەی کە ئێستا چەندین مامۆستا بە دەستی قوتابی خۆیان لێیان دراوە. لە هەموو ئەمانە سەیرتر ئەوەیە لەم ماوانەی رابردوودا سەرپەرشتیارێکی کارگێڕی بەڕێز لە سنووری یەکێک لە پەروەردەکانی هەولێر لە سەردانێکی ئاسایی خۆیدا کۆبوونەوەیەکی بە مامۆستایانی قوتابخانەیەک کردبوو، ئەوەندەی من زانیبێتم مامۆستا لە دەرەوەی سیستەمی پەروەردەدا نییە، کەچی ئەو سەرپەرشتیارە بە بڕیارێکی رەهای خۆی دوای ئەوەی زۆر بە ناخۆشی قسەی بۆ کردین، هیچی بۆ مامۆستا نەهێشتەوە و گوتی "مامۆستا هیچ نییە، هەر لە سیستەمی پەروەردەدا نییە". بۆیە ئێستا وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن دەبێ ناوی بگۆڕێ بۆ وەزارەتی نە پەروەردە و نە فێرکردن، چونکە هەموو مافێکی لە مامۆستا سەندووەتەوە چ وەک کەسێکی پەروەردەکار، چ وەک کەسێکی فێرکار.

لە هەمووش سەیرتر ئەوەیە ئێستا ئەگەر قوتابی کێشەیەکی لەگەڵماڵەوە هەبوو، یان هەر کێشەیەکی دیکەی لابەلای هەبێ خۆی دەسووتێنێ یان خۆی دەخنکێنێ و دەیخاتە ئەستۆی مامۆستا، چونکە قوتابیانیش باش دەزانن و درکیان بەوە کردووە کە لە مامۆستا بێخاوەنتر نییە.

جگە لەمانەش لەکاتی دانانی نمرەکاندا سەرپەرشتیارەکان دەبنە خاوەن نمرە و تاقیکردنەوە و پێمان دەڵێن چەند تاقیکردنەوەتان پێدەکرێ بیکەن لە 20 نمرەی نووسینەکە، وەک ئەوەی هەر مامۆستایەک تەنیا یەک یان دوو گرووپی 15 قوتابی هەبێ وەک سیستەمی سویدی و پاشان هەر مامۆستایەک ژووری خۆی هەبێ تا بە باشترین شێوە کاری خۆی تێدا بکات، ئەوان وا دەزانن مامۆستا ئامێرێکە ئینجا لە 15 نمرەی زارەکی و بەشداریکردنی رۆژانەی قوتابی چ مامۆستایەک دەتوانێ لە 8 نمرە کەمتر دابنێ، ئەوا کێشە بۆخۆی دروست دەکات تووشی زۆر قسە و سەرزەنشتی سەرپەرشتیار دەبن، ئەم نمرەیەش نمرەی دەرچوونە ئەگەر قوتابییەکە شایانی دەرچوونیش نەبێ. جارێک سەرپەرشتیاری بابەتەکەی من هات و لە وانەیەکم دانیشت و سەیری چۆنیەتی وانە گوتنەوەکەمی کرد، پاشان گوتی رەخنەم لە وانە گوتنەوەکەت نییە و بگرە زۆر باشی. کەچی دوایی لەسەر کاغەزی هەڵسەنگاندنی ساڵانەکەم بەتێبینی نووسیبووی (رێژەی دەرچووانت بەرز بکەوە) وەک ئەوەی من کارگەم هەبێ و ئەو داوای بەرهەمی زۆرترم لێبکات.

دوایین قسەم ئەوەیە ئەرێ یەکێتی مامۆستایان کارتان چییە ئەگەر نەتوانن داکۆکییەک لەو هەموو مامۆستا و ئەندامەتان بکەن؟ ئایا کارتان تەنیا ئابوونە وەرگرتنە و ماوە ماوەش وەکو نرخی کاڵا ئابوونەکەش زیاد بکەن! جگە لەوەش بە مەرج دەمانکەن بە ئەندام، ئابوونەمان دا ئەندامین، ئەگەر نا هیچ!

ڕووداو هەمەجۆر
ژمارە (304) دووشەممە 2014/4/7

## کاتژمێرەکەی سەدام حوسێن لە دوبەیە



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

پێشـانگایەکی کەلوپەلی گرانبەها و دەگمەن، بەتایبەت کاتژمێری دەسـتی سـەرۆکەکان لە دوبەی بە رووی گەشتیاراندا کرایەوە، کاتژمێرەکەی دەستی سەدام حوسێنیش یەکێک بوو لەوانە.

لەو پێشانگایەدا کاتژمێری دەستی هەریەک لە موعەممەر قەزافی و شای پێشووی ئێران و چەند سەرۆکێکی دیکەی جیهان نمایش کرابوون. کاتژمێرەکەی دەستی سەدام لە ساڵی 1980 لە زێڕ دروستکراوە.

## بەهجەت یەحیا و کامکاران کۆنسێرت دەکەن




**میوا سەڵاح**
**ڕووداو- هەولێر**

بەمەبەسـتی یارمەتیدانـی تووشبووانی نەخۆشیی شێرپەنجە، هونەرمەنـد بەهجـەت یەحیـا بـە هاوکاری گرووپی میوزیکی کامکاران دوو کۆنسێرت لە هەولێر و سلێمانی ساز دەکات.

بڕیارە کۆنسێرتی یەکەم لە ڕۆژی 2014/5/1 لـە هۆڵی شـاری جوان لە سـلێمانی سـاز بکرێت. هەروەها ڕۆژی 5/3 هەمـان کۆنسـێرت لـە هۆڵی مامۆستا سـەعد عەبدوڵڵا لە شـاری هەولێر بەڕێوەبچێت. داهاتی ئـەو کۆنسـێرتەش دەبەخشـرێتە تووشبووانی نەخۆشیی شێرپەنجە لە کوردستان.

هونەرمەنـد بەهجـەت یەحیـا چەند مانگێک پێش ئێسـتا نوێترین ئەلبوومی خـۆی بڵاوکردەوە، لەگەڵ ئەوەشدا نوێترین ڤیدیۆ کلیپی خۆی بەناوی دڵێکی سپی بڵاوکردەوە.

## کچی کافرۆش نمایش دەکرێت



**ئەڤین سەڵاح**
**ڕووداو- هەولێر**

فیلمی کچی کافرۆش سـەرجەم کارەکانی تـەواو بـووە و ئامادەیە بۆ سـەر شاشەی سـینەماکان کە هەردوو هونەرمەند (گۆران دڵشاد و سنوور ئالانی) ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینن. تەنیـا کەریم، دەرهێنەری ئەو فلیمە لەوبارەیەوە بە (ڕووداو)ی گوت "لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕێککەوتووین و ئێستا سەرپشکم لە بڵاوکردنەوەی فیلمەکە، بۆیە ئێستا لەگەڵ ستاف لە گفتوگۆداین کە ئەم فیلمە کەی نمایش بکەین".

تەنیـا گوتیشـی "ڕەنگـە لـە ناوەڕاسـتی ئـەم مانگـە لـە سـینەماکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک پێشـانبدرێ، یان لە یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان".

کچـی کافـرۆش فیلمێکـی سـینەمایی داسـتانی ڕۆمانسییە، ماوەکـەی 90 خولەکـە و بەرهەمـی وەزارەتی ڕۆشـنبیری و بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێرە.

## مێسکی ( BACK STAGE ) بەرهەمدێنێ



**ڕووداو- هەلێر**

دەرهێنـەر کاروان مێسـکی سـەرقاڵی بەرهەمهێنانـی فیلمێکە بەنـاوی (BACK STAGE) کە ماوەکەی 28 خولەکە.

کاروان سەبارەت بەو فیلمە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیانـد "فیلمەکـە باس لـە چۆنیەتی دەرهێنانـی فیلم دەکات کە چەند قورسـە و سـتافی فیلمەکـە چەند پێـوەی ماندوو دەبن".

هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە دەخوازێت فیلمەکەی ببێتە جێی ڕەزامەندی بینەران و لە کاری دەرهێنانی فیلم تێبگەن.

## پەرواز حوسێن بەشداری فێستیڤاڵی جەرەش دەکات



**ڕووداو- هەولێر**

کچە گۆرانیبێژی کورد پەرواز حوسـێن، بە فەرمی لەلایەن بەڕێوەبەری فێسـتیڤاڵی جەرەش داوەت دەکرێت. گۆران سـاڵح هاوسـەری پەرواز بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە سـەردانی دواییمان بۆ ئوردن، دوای پێشکەشـکردنی کۆنسـێرتێکی سەرکەوتوو کە بەڕێوەبەری فێستیڤاڵی جەرەش و وەزیری ڕۆشنبیری ئوردنیش ئامادەی بوون، زۆر سەرسـام بوون بە دەنگی پەرواز، بۆیە بڕیاریان دا وەک گۆرانیبێژێک بەشـداری ئەو فێستیڤاڵە بەناوبانگە بکات کە ساڵانە لەو وڵاتە بەڕێوەدەچێت". هەروەها گوتیشی "ساڵانە چەند هونەرمەندێکی بەناوبانگی عەرەب بۆ ئەو فێستیڤاڵە داوەت دەکرێن کە لە 8 گۆرانیبێژ زیاتر نابێت، یەکەمجاریشـە کوردێک بەشـداری ئەو فێستیڤاڵە بکات". فێسـتیڤاڵی جەرەش هەموو سـاڵێک لە مانگی تەمموز لە شاری جەرەش بەڕێوەدەچێت کە شـارێکی شـوێنەوارییە و جگە لە گۆرانی، شـیعر و سـەما و شانۆگەریشی تێدا ساز دەکرێ.

## ئەلبوومەکەی لی دنێ هەمەڕەنگە



**ڕووداو- هەولێر**

دوای چوار ساڵ کارکردن، گرووپی لی دنێ ئەلبوومێکی گۆرانی بەناوی هەمەڕەنگ بڵاوکردەوە کە لە 13 تراک پێکهاتووە.

گارە سـازکار، سـەرۆکی گرووپەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "نزیکەی 4 سـاڵ خەریکـی ئەم بەرهەمـە بووین تا تەواومان کرد، مەبەستیشـمان لە هەڵبژاردنی ناوی ئەلبوومەکە ئەوە بوو کە بە هەموو سـتایل و زمانێک گۆرانیمان گوتوون، وەک ئینگلیزی، کوردی (زاراوەی سـۆرانی و بادینی)، لەگەڵ ئەوەشدا شێوازی فۆلکلۆر و ڕاپ و پۆپمان تێکەڵ کردووە". دەربارەی ئەوەی تا چەند توانیویانە لەو تێکەڵکردنە ڕەسـەنایەتی گۆرانی و میلـۆدی کوردی بپارێزن، گارە گوتی "من هیچ دەسـتکاری میلۆدی و تێکسـتی گۆرانی کوردی ناکەم، بەڵکو تەنیا جوانکاری بۆ دەکەم و لەگەڵ ستایلەکانی دیکە میکسی دەکەین".

## مانۆ خەلیل فیلمی پەڕەسێلکە دروست دەکات




**میوا سەڵاح**
**ڕووداو- هەولێر**

دەرهێنـەری کـورد مانـۆ خەلیل ئێسـتا لە کوردسـتان سەرقاڵی وێنەگرتنی نوێترین فیلمی خۆیەتـی بەناوی "پەڕەسـێلکە". ئـەو فیلمە لە چاوی مرۆڤێکی ئەورپییەوە کوردسـتان نیشان دەدات. پەسـار فایـەق، بەرپرسـی ڕاگەیاندنی فیلمی پەڕەسێلکە دەربارەی ئەم فیلمە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "فیلمەکە چیرۆکی گەنجێکی کورد دەگێڕێتەوە کە 30 ساڵ لەمەوبەر چووەتە سویسرا و لـەوێ لەگـەڵ کچێکی سویسـری بووەتـە هەڤژیـن، بـەڵام دوای گەڕانەوەی بۆ کوردسـتان ون دەبێت و هیـچ هەواڵێـک لـە بارەیەوە نازانرێت".

پەسـار گوتیشـی "چیرۆکـی ئـەم فیلمـە چەند سـاڵێک بـەر لە ئێسـتا نووسـراوە و وەک سـیناریۆ ئامادەکراوە، پێشـتر خەڵاتی یەکەمی یەکێتیی نووسەرانی سویسـرای بەدەسـتهێناوە، بەڵام بۆ بەرهەمهێنانـی فیلمەکە لـەڕووی تەکنیکییەوە پشـت بە سـینەماکار و تەکنیککاری دەرەوەی کوردسـتان دەبەستین". ئەم فیلمە لە سیناریۆ و دەرهێنان و بەرهەمهێنانی دەرهێنەری کوردی خۆرئاوای کوردسـتان مانـۆ خەلیلە، لە کۆتایی ئەمسـاڵدا کارەکانـی تەواو دەبێت و لە سـاڵی 2015 نمایـش دەکرێت، ماوەکەی نزیکەی 100 خولەک دەبێت.

## ئاڤان جەمال چاوەڕێی سپۆنسەرە



**ئەڤین سەڵاح**
**ڕووداو- هەولێر**


هونەرمەنـدی گۆرانیبێژ ئاڤان جەمال سـێ بەرهەمـی ئامادەیە بە ناوەکانی (بێ من مەڕۆ، ماڵئاوایـی و دڵبرینـم) و بەنیـازە کلیپیان بۆ بکات، بەڵام چاوەڕێی سپۆنسەرە.

ئاڤـان دەربـارەی ئـەو سـێ بەرهەمـە بە (ڕووداو)ی گـوت" گۆرانـی (بێ مـن مەڕۆ) لە ئـاوازی بورهـان موفتـی زادەیـە و تێکسـتی مەولەوی فارسە، توانا حەمە خورشیدیش کاری موزیکی بۆ کردووە.

هەروەهـا گۆرانـی (ماڵئاوایـی) لە ئـاواز و موزیکی خەلیل عەبدوڵڵایەو تێکسـتی سیمین چایچییە و گۆرانی "دڵبرین"یش کە بەشێوەزاری کرمانجیە، لە تێکستی ئیمان بۆتانییە و ئاواز و کاری موزیکی لەلایەن فەرهاد حەمە سـاڵحەوە بۆ کراوە.

## بەختی ڕووداو

**ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی** ayarfalak@hotmail.com



**کاوڕ**
بەهۆی ئەوەی کارەکانت زۆر دواکەوتوون هەست بەخەمباری دەکەیت، پـاش ئەم هەفتەیە دەتوانی گۆڕێک بدەیتە بەرخۆت بـۆ جێبەجێکردنیـان. هەرچەندە شـتەکان تـووڕەت بکەن تۆ هەوڵ بدە زیاتر هێمن بە.

**گا**
دڵتەنگ مەبە بەوەی هەنگاوێک ناگاتە ئەنجام و کاتەکەی بەسـەردەچێت، چەندیـن پرۆژەی باشـتر هەیە کـە دەتوانی خۆتـی بۆ ئامـادە بکەیت. بەدڵخۆشـی و گەشـبینییەوە بۆ هەرکارێک بچیت ئەنجامی باشتر دەبێت.

**جمک**
سـەرجەم هەنگاوەکانت باشن، بێ دوودڵی بڕیاریان لەسەر بـدە و دوایـان مەخە. پەیوەندی سـۆزداری چەند دڵخۆشـت دەکات ئەوەنـدەش گرفتی هەیە. گۆڕانکارییەکانی چواردەورت خێراتربوون و تۆش کەمێک پەلە بکە.

**قرژاڵ**
دڵخۆشی لە جووڵە و تێگەیشتنە لەچواردەور، بەڵام بەشی خۆی دڵتەنگیشـت دەکات. کاتێکی باشـت هەیە، هەوڵەکانت بەگەڕبخە، یەکێک لەگەورەترین هەنگاوەکانت بەرەو سەرکەوتن دەڕوات، بۆیە زیاتر خۆتی بۆ ماندوو بکە.

**شێر**
لەم مانگەدا هەست بەکرانەوەی زیاتر دەکەن. لەکارەکەتان بڕیـاری کتوپڕ مەدەن، لەڕۆتین و دووبارەبوونەوەی شـتەکان بێـزارن. نائارامییەکانـی دەروونت هێوردەبنـەوە، هەرچەندە هەنگاوەکان خاون، بەڵام دۆخەکە بەویستی تۆ بەڕێوەدەچێت.

**گوڵەگەنم**
کاتێکـی باشـە بۆ ئـەوەی ئەرکـە زۆرەکانی سەرشـانت ڕاپەڕێنـی، بەتایبەتی ئەوانەی چەند جارێکـە دوایاندەخەی. ئەم کاتە کاتی بەختەوەریتە، بۆیە دەست بە هەر پرۆژەیەکی گەورە بکەیت بەرەو سەرکەوتن دەڕوات.

**تەرازوو**
پـاش ئەم هەفتەیە هەندێک گەشـبینیت بۆ دەگەڕێتەوە و دەتوانـی بڕیارێکـی نـوێ بدەیت. بەربەسـت و گرفتەکان تێکدەشـکێن. پەڕەیەکـی تـازە لەژیانـت هەڵـدەرەوە و بەرنامەیەکی باشتر بۆ داهاتوو دیاری بکە.

**دووپشک**
هیـچ بڕیارێـک مـەدەن ئەگـەر بەتـەواوی بیرتـان لـێ نەکردبێتـەوە. هەسـت بەئارامییەکـی زۆری دەروونی دەکەن و تەندروسـتیتان باش دەبێت. ئـەو کارانەی زۆر دوادەکەون ئەنجامی زۆر گەورەش بەدەستدێنن.

**کەوان**
بەهـۆی دیـدار و پەیوەندییەکانتانەوە ڕێکەوتی کەسـانێک دەکەن کە دەبێتە مایەی دڵخۆشی.
کارەکان ئێجـگار زیادیـان کـردووە، بـەڵام لەبـەر ئەوەی دڵنیایت ئەنجامەکان باش دەبن هەست بەماندووبوون ناکەیت.

**کارژۆڵە**
ئـاگاداری قسـەکانت بە بۆئەوەی دواتـر داوای لێبووردن نەکەیت. بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکان دەبێت بڕە پارەیەکی زۆر خـەرج بکـەن، کارەکان ڕەوتێکـی باشـیان وەرگرتووە، هەریەکەیان بەشێوازێک بەڕێوە دەچێت.

**سەتڵ**
واباشە بڕوابەخۆبوون لەدەست نەدەیت. کاتێکی زێڕینە بۆ دەسـتپێکردنەوەی ئەو پرۆژانەی دواکەوتـوون. بیرکردنەوە و هەوڵەکانتان لەباری دەسـکەوت و دەرامەت چڕبکەنەوە بەخت هاوکارییەکی باشتان دەکات.

**نەهەنگ**
چەنـد هەلێکی باشـتان بـۆ هەڵدەکەوێ. بەهـۆی بوونی ڤینـۆس لەبورجەکەتـان هەسـت بەخۆشـییەکی زۆردەکەن، چونکـە هەواڵێکـی خۆشـتان پێـدەگات. کاتێکـی باشـە بۆ کارەکان، هەسـت بەهیوایەکـی نوێ دەکەیـت، بەخت دەبێتە هاوڕێیەکی باش.

**بەکشتی:**

لەم هەفتەیەوە ڤینۆسی خۆشەویستی دەچێتە بورجی نەهەنگ، ئیتر سۆزداری ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لەژیانی هەر یەکێکمان، ئەگەر پێشتر بەسادەیی بیرمان لەکەسێک کردبێتەوە، ئێستا ڕەگ لەناخماندا دادەکوتێ. بۆ هەموو بابەتەکانی دیکەش بە سۆزەوە بڕیار دەدەین، تەنانەت لەدۆخە سیاسیەکانیشدا، هەر لەم کاتەشدا مارس لەگەڕانەوەیدایە کە بەئاسانی کار لەهەستەکانمان دەکرێت یان بەشتێکی سادە هەڵدەچین. لەم کاتەدا بەزیادەوە لە توانامان دەڕوانین، نابێت بەڵێنێک بدەین کە لە داهاتوودا ناتوانین پابەندی بین.

# لە ڕۆژئاوای کوردستان نەوتی خاو دەکوڵێنن



**کارل دۆت**

**ڕووداو- ڕمێلان**

پیشەسازیی نەوت لە ناوچەی ڕمێلانی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا (ڕۆژئاوای کوردستان) خەریکە بە تەواوی لە کارکردن رادەوەستێت. چەند پاڵاوگەیەک دروستکراون، بەڵام بەرهەمەکانی ئەو پاڵاوگانە بە ئەستەم خواستی نێوخۆیی پڕدەکەنەوە، بۆیە ئێستا دانیشتووانی ناوچەکە ڕوویان لە ئەڵتەرناتیڤی دیکە کردووەتەوە.

مەلکی هانا، کریستیانێکی سوورییە، بەرپرسی دەرهێنانی نەوتە لە ناوچەی ڕمێلانی دەوڵەمەند بە نەوت. ئێستا کێڵگە نەوتییەکانی ڕمێلان لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی ئۆتۆنۆمی کوردییە بە ناوی حکومەتی کانتۆنی جزیرە کە لەلایەن پارتی یەکێتی دیموکراتی PYDی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستانەوە دامەزراوە.

هەرچەندە هانا و هەموو کارمەندانی دیکە بەپێی بڕیار و ڕاسپاردەکانی بەرپرسانی کانتۆنی جزیرە دەجوڵێنەوە، بەڵام مووچەکانیان هێشتا لە دیمەشق وەردەگرن. هانا دەڵێت "ئێمە خەڵکی پێویستمان بە شارەزایی پێویستەوە هەیە تا ئێرە بەڕێوەببەین."

جاران، پێش ئەوەی کە بۆڕیە نەوتەکان بەهۆی شەڕ و تێکدانەوە لەناوبچن، نەوتی ڕمێلان دەنێردرایە پاڵاوگەکانی حمس و بانیاس. بەڵام ئێستا ئەمبارەکانی نەوت لە جزیرە ماوەیەکی دوور و درێژە بە پڕی ماونەتەوە.

هانا هەروەها بە (ڕووداو)ی گوت "یەکێک لە کێشەکان ئەوەیە کە کاتێک ئامێرەکانمان دەشکێن، ناتوانین چاکیان بکەینەوە. ئەوەش لەبەرئەوەیە کە ناتوانین هیچ پارچەیەکی یەدەگمان دەستبکەوێت لێرە".

لە کۆی ئەو 1350 بیرە نەوتەی لە ناوچەی ڕمێلان هەن، ئێستا تەنیا 30 لەو بیرانە کاردەکەن و نەوتیان لێدەردەهێنرێت. پێش جەنگ توانای بەرهەمهێنان لەو بیرە نەوتانە 180 هەزار بەرمیل نەوت بوو لە ڕۆژێکدا، بەڵام ئێستا ئاستی بەرهەمهێنان بۆ 10 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا دابەزیوە.

پاڵاوگەی بچوک دروستکراون بۆ ئەوەی داواکاری هاووڵاتی و پێویستییە سەربازییەکانی پێ پڕبکەنەوە، بەڵام ئەو پاڵاوگانە دەتوانن تەنیا 6000 هەزار بەرمیل نەوت بپاڵێون لە ڕۆژێکدا.

لە بەنزینخانەکاندا نرخی پەترۆڵ بە 30 لیرەی سووری (20 سەنت) بۆ هەر لیترێک دیاریکراوە. ئەو نرخەش لە نرخی پێش جەنگ کەمترە. بەڵام تانکەری بەنزینخانەکان نزیکەی هەموو دەمەکان بەتاڵن. خواستی سەر پترۆڵ زۆر لە بەرهەمهێنانی پترۆڵ بەرزترە.

لەبەر ئەوە سووتەمەنی کواڵێتی نزم لەلایەن عەرەبەکانەوە و لەسەر جادەکان دەفرۆشرێت. نرخی ئێستای پترۆڵ 65 لیرەی سوورییە بۆ هەر لیترێک. بەڵام ساڵی ڕابردوو نرخی پترۆڵ دوو قات و بگرە سێ قاتیش بووەوە. ئەو پترۆڵەی کە لەسەر جادەکان دەفرۆشرێت دەبێتە هۆی پەکخستنی مەکینەی ئۆتۆمبیلەکان، بەڵام ئێستا بژاردەی دیکە لەبەردەست نییە.

## نەوت بە کوڵاندن دەپاڵێون

لە ناوچەی ڕمێلان و لە گوندە عەرەبنشینەکانی وەکو گوندی گر هۆک و عەلی ئاغا نەوت بە ڕێگەی دیکە دەپاڵێورێت. لەوێ کرێکارەکان بەرمیلە نەوت دەخەنە سەر ئاگر و نەوتە خاوەکە گەرم دەکەن تا چینێکی گاز و بەنزین بەسەر دەکەوێت و ئینجا دەکرێتە دەبە یان بوتڵی پلاستیکییەوە.

ئەم شێوازی بەرهەمهێنانی نەوتە کاریگەی خراپی لەسەر ژینگە و تەندروستی کرێکارەکان هەیە. کرێکارەکان بە درێژایی ڕۆژ دووکەڵ و هەڵمی نەوتەکە هەڵدەمژن. جگە لە پەڕۆیەک بەدەوری دەمیاندا هیچ شێوازێکی دیکەی خۆپارێزی بەکارناهێنن. ئەوە جگە لەوەی هەموو ساتێک مەترسی ئەوە هەیە کە بەرمیلەکان بتەقنەوە.

# سەروەختی دروێنە و دابەشکردنی داهاتی نەوت



**د. قەیوان سیوەیلی***

لەڕووی سەرچاوە سروشتییەکانی وزەوە، بەپێی دوا ئاماری BP، لەساڵی 2013دا یەدەگی سروشتیی عێراق بەبێ یەدەگی هەرێمی کوردستان، بە زیاتر لە 150 ملیار بەرمیل نەوتی خاوی هەرزانی ئامادە بۆ بەرهەمهێنان مەزەندە دەکرێت. بەهەمان شێوەش یەدەگی غازی سروشتی ئامادە بۆ بەرهەمهێنان بە نزیکەی 4 تریلیۆن مەتر سێجا مەزەندە دەکرێت.

وڵاتەکانی نێو ئۆرگانی ئۆپێک بڕی 80%ی گشت یەدەگی وزەی جیهان لەخۆدەگرن و لەهەمان کاتیشدا ڕۆژانە نزیکەی 40%ی نەوتی خاوی جیهان بەرهەمدێنن. عێراق وەکو ئەندامێکی کاریگەری نێو ئەم ئۆرگانە ڕۆژانە نزیکەی 4 ملیۆن بەرمیل نەوتی خاو هەناردەی بازاڕەکانی جیهان دەکات و لە خوار عەرەبستانی سعودیەوە لە ترۆپی لیستی هەناردەکردنی نەوتی خاوی نێو ئۆرگانی ئۆپێک جێگەی بەرچاوی خۆی هەیە.

عێراق ئێستا یەکێکە لەو تاکە ناوچانەی سەر ڕووی زەوی کە ڕووپێوی زانستی بۆ گشت ناوچەکانی نەکراوە و بڕی سەرچاوەی سامانی سروشتیی نەوتی خاو و غازە سروشتییەکەی بە بڕێکی گەلێک زۆرتر لەوەی لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا دەخەمڵێنرێت، بۆیە گشت کۆمپانیاکانی نەوتی جیهان لە شەڕدان بۆ ئەوەی بەشی خۆیان لەو کێکە بەرکەوێت.

نرخی تێچووی هەر بەرمیلێک بۆ بەدواداگەڕان (ڕووپێوکردن) و بەرهەمهێنانی نەوتی خاوی عێراق وەکو زۆربەی وڵاتەکانی سەر کەنداوی فارسی لەچاو وڵاتەکانی دیکەی نێو ئۆرگانی ئۆپێک و دەرەوەی ئۆرگانی ئۆپێک زۆر کەمە.

مێژووی پەرەپێدانی کێڵگەکانی نەوت لە عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1909 کە خاکی ئەمڕۆی عێراق بە هەرسێ ولایەتەکانی مووسڵ و بەغدا و بەسرەوە بەشێک بوو لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. پاش دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی تورکی (TPC Turkish Petroleum Company) ، بە هاوکاری بەریتانییەکان دەست بە کاری بەدواداگەڕانی نەوت لە دەڤەری شاخەسوور (نەفتخانە و خانەقین) کراو بەسەرکەوتوویی کۆمەڵە کێڵگەیەکی نەوت لە ناوچەی نەفتخانە دۆزرایەوە. ئەڵمانەکانیش کە سەرقاڵی لێدانی هێڵی ئاسنینی نێوان بەرلین- بەغدا بوون، خوازیاری بەشداریکردن بوون لە هەڵمەتی بەدواداگەڕانی نەوت لە ولایەتی موسڵ.

لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا گشت کارەکانی بەدواداگەڕانی نەوت لە عێراقدا ڕاگیرا، پاشان لە دوای جەنگ هەمان کۆمپانیای تورکی TPC وەکو دەستکەوتێکی شەڕ بەسەر براوەکاندا دابەشکراو لە ساڵی 1925 کاری بەدواداگەڕان و دەرهێنانی نەوت لە عێراقدا دەستپێکردەوە، بەڵام ئەمجارە کۆمپانیاکە لەژێر ناوی کۆمپانیای نەوتی عێراقی (IPC Iraq Petroleum Company) کاری دەکرد و 5%ی ئەم کۆمپانیایە درا بە گولبەنکینی بەناوبانگ. لە بەرواری 1927/10/14 کێڵگەی بابەگوڕگوڕ لە دەڤەری کەرکووک دۆزرایەوە.

کۆمپانیای IPC کەوتە ژێر خاوەندارێتی کۆمەڵە کۆمپانیایەکی نەوتی گەورەی جیهانی، ئەم کۆمپانیایەش لە ناوچەی بەسرە کۆمپانیای (BPC (Basra Petroleum Companyی دامەزراند. کۆمپانیای IPC دەستی بەسەر گشت ناوچەکانی عێراقدا زاڵ کرد و کێڵگە زەبەلاحەکانی نەوتی کەرکووک و ڕومێلەی دۆزییەوە. لەم بەروارە بەدواوە بە بیرۆکەی بایکۆتی نەوت غاز، کێڵگە دۆزراوەکانی نێو جوگرافیای هەرێمی کوردستان (کۆرمۆر، چەمچەماڵ، خورمەڵە، دەڤەری گەرمیان و تەقتەق...) پاش دۆزینەوەیان و لێدانی بیر بەکۆنکرێت دادەپۆشرانەوە.

پاشان لە ساڵی 1964، حکومەتی ئەوکاتی عێراق کۆمپانیای INOC((Iraq National Oil Company دامەزراند.

لەساڵی 1958، پاش کودەتای قاسم کێشەی ڕامیاری و ئابووری ڕاستەوخۆ کەوتە نێو کاربەدەستانی وڵات و کۆمپانیا زلهێزەکان، هەر لە ئەنجامی ئەو کێشانەش بوو کە دەستی کۆمپانیا بیانییەکان و ئینگلیزەکان هەنگاو بە هەنگاو کورتکرایەوە تا لە ساڵی 1972 کۆمپانیای IPC بۆ خاوەندارێتی عێراق گەڕایەوە و خۆماڵی کرا و گشت تواناکانی درا بە کۆمپانیایەکی خۆماڵی بەناوی ICOO- Iraqi Company for Oil Operations. بەشێوەیەکی گشتی، عێراق بەهۆی وەزارەتی نەوت و بە تەنیا و مۆنۆپۆل، لەساڵی 1975ەوە تا 2003 بە شێوەیەکی سەربەخۆ کاری گەڕان و ناردنەدەرەوەی نەوتی لەدەستی خۆیدا هێشتبووەوە. ئەم خۆماڵیکردنە بووە فاکتەرێک بۆ خوڵقاندنی کادیری عێراقی و کۆمەڵە کۆمپانیایەکی مەزنی عێراقی بۆ کاری بەدواگەڕان، وەبەرهێنان، گواستنەوە و بەبازاڕکردن کە ئێستاش لەلایەن خەڵکانێکی عێراقی گەلێک شارەزاوە بەڕێوەدەچن.

وەکو ڕووداوێکی ڕامیاری و ئابووریی مەزنی نێو جیهانی وزە، لە نۆڤەمبەری 1960دا لە شاری بەغدا ئۆرگانی ئۆپێک (OPEC) بەبەشداریی ڕاستەوخۆی عێراق، ئێران، سعودیە، کوێت و ڤەنزوێلا دامەزرا.

گۆڕانکارییە سیاسییەکانی نێو عێراق، بەتایبەتی شەڕەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی وەک ئێران لەساڵی 1980 و کوێت لەساڵی 1990 و پاشان لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەساڵی 2003، کاریگەرییەکی مەزنی لەسەر هەڵچوون و دابەزینی نرخی نەوتی خاوی جیهانی هەبوو، هەروەها ڕاستەوخۆ بووە هۆی دارمانی کەرتی نەوت لەم وڵاتەدا.

لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام لە ساڵی 2003دا، داواکاریی کۆمپانیاکانی بواری نەوت بۆ واژووکردنی گرێبەستی نەوت و غاز لەگەڵ حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان سەری هەڵدایەوە، ئەمەش بەڵگەی سەلمێنراوی ئەو ڕاستیانەن کە ئێستا بە لێکدانەوەی ڕاستی نەمانی نەوت (Peak Oil)، گەیشتن بە سەرچاوەی هەرزانی هایدرۆکاربۆنییەکان، بەتایبەتی نەوتی خاو و غازی سروشتی لەسەر ڕووی زەوی زۆر دژوار بووە، چونکە تەنیا عێراق مابووەوە کە بخرێتە ژێر کۆنترۆڵی گرێبەستی کۆمپانیا نەوتییە جیهانییەکان. بڕی 10%ی گشت سامانی سروشتی جیهان کە لەنێو عێراقدایە، دەرهێنانی نەوتی هەرزان لە عێراقدا ئەو بابەتە بەڵگە نەویستەیە کە گشت جیهانی پیشەسازی و وزە بە گرنگییەوە لێی دەڕوانن.

سەرەتا لەسەردەمی هەردوو ئیدارەی (هەولێر و سلێمانی) و پاشان لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی یەکگرتوودا واتە لەساڵی 2004 بەدواوە، بە چڕی کاربەدەستانی سیاسی وڵات چوارچێوەی جوگرافی هەرێمی کوردستانیان بەسەر کۆمەڵە بلۆکێکدا دابەشکرد و هەوڵی هێنانی کۆمپانیاکانی نەوت و غازیان دا لە ژێر ناوی گرێبەستی دابەشکردنی داهات (PSA).

لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەدامیشەوە سیاسەتی عێراق لەسەر هەمان ڕێڕەوی جاران زۆر بە هێواشی بەرەوپێش دەچوو، بەڵام لە ساڵی 2004 بەدواوە سیاسەتی ڕاکێشانی کۆمەڵە کۆمپانیایەکی زۆر بۆ پەرەپێدان و بووژاندنەوەی ژێرخانی نەوت و غازی سروشتی لە هەرێمی کوردستاندا یەکێک بووە لە کارە گرنگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. هەربۆیەش لەبری هێشتنەوەی هەرێمی کوردستان بە بلۆکێکی مەزن، هەوڵدراوە بەسەر کۆمەڵە بلۆکێکدا دابەش بکرێت.

لێرە بەدواوە بە دوو سیاسەتی جیاواز حکومەتی مەرکەزی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان پەرەیان بە بووژاندنەوەی ژێرخانی وڵات دا. گرێبەستی خزمەتگوزاری (TSA) و گرێبەستی دابەشکردنی داهات (PSA) لەو هەنگاوە بەرچاوە جیاوازانەی بووژاندنەوەی کەرتی نەوتی نێوان هەرێم و حکومەتی ناوەندین. حکومەتی عێراق بەهەمان نەفەسی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکان هەوڵی بەناوەندیکردنی سیاسەتی نەوت و غازی داو مەیلی هێشتنەوەی بەڕێوەبردنی ئەم کەرتە لەدەستی ناوەند بەزەقی دیارە.

لە مانگی ئۆکتۆبەری 2005 دا گشت پێکهاتە گرنگەکانی عێراق بە شیعە، سوننە و کوردەوە توانییان لەسەر دەستوورێک بۆ گەلی عێراق ڕێکبکەون کە لەلایەن زۆرینەی خەڵکی عێراقەوە پەسەند کرا. لەو دەستوورەدا ماددەکانی 111 و 112 بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ باسی نەوت و غاز دەکەن و هەروەها هەرێمی کوردستانیش وەکو هەرێمێکی فیدراڵ بەفەرمی ناسێندرا.

بەندەکانی تایبەت بە نەوت و غاز لە دەستووری عێراقدا لەلایەن هەر پێکهاتەیەک بەگوێرەی میزاج و ئارەزووی سیاسی تەفسیری بۆ دەکرێت، بۆیە لێکتێگەیشتن لەسەر یاسایەکی گشتی بۆ پەرەپێدانی نەوت و غازی گشت عێراق بووە کارێکی ئەستەم.

بەهۆی ئەم لێکنەگەیشتنەوە، ڕەشنووسی یاسای نەوت و غازی ساڵی 2007 پەسەند نەکرا، بەڵام لە 2007/7/23دا یاسای وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە پارلەمانی هەرێمی کوردستان بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا. سەرەڕای کەموکوڕییەکانی و جێبەجێنەکردنی گشت بەندەکانی ئەم یاسایە تا ئێستا، بەڵام ئەم یاسایە هەنگاوێکی مەزن بوو بۆ شکاندنی بایکۆتی 100 ساڵەی حکومەتەکانی ناوەندیی عێراق دژ بە بووژاندنەوەی ژێرخانی نەوت و غاز لە هەرێمی کوردستان.

تا ئێستاش نەتوانراوە یاسایەکی هاوبەش بۆ پەرەپێدانی نەوت و غاز لە عێراقدا دەربکرێت. جگە لە هەرێمی کوردستان، پەرەپێدانی نەوت و غاز لە ناوچەکانی دیکەی عێراق بە یاساکانی کۆن بەڕێوەدەچن.

بەپێی بڵاوکراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو لێکدانەوانەی بۆ 60 کێڵگەی دۆزراوەی غازی سروشتی و نەوتی خاوی هەرێمی کوردستان کراون، یەدەگی هەرێمی کوردستان (50 (BB ملیار بەرمیل نەوت و (TCM) دوو تریلیۆن مەترسێجا غازی سروشتییە و تائێستا 50 گرێبەستی نەوتی لەگەڵ کۆمپانیاکانی ئەو بوارە واژوو کردووە. ئێستا لە جیهانی وزەدا بە تامەزرۆیی و سەرنجەوە بەدواداچوون بۆ دۆزینەوەی کێڵگەکانی نەوت و غاز لە هەرێمی کوردستان دەکرێت و هەرێمی کوردستان یەکێکە لە ناوچە ناودارەکانی سەر نەخشەی وزەی جیهان کە بە بەردەوامی هەواڵی دۆزینەوەی سەرچاوە نوێیەکانی هایدرۆکاربۆنی دەگاتە بازاڕەکانی بۆرسەی نەوت و غاز و پشکی کۆمپانیا جیهانییە بەشداربووەکانی هەردەم لە هەڵکشاندایە.

2009/6/1، هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ بەڕێژەی 60 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا لەڕێگەی بۆڕی نەوتی کەرکووک جەیهانەوە بەشداری لە هەناردەکردنی نەوتی خاو دەکات لە ڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆوە بۆ بازاڕەکانی جیهان، ئەم ڕووداوە گرنگییەکی مەزنی ئابووری و ڕامیاری هەبوو بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام بەداخەوە پاش چەند مانگێک بەهۆی نەگەڕانەوەی پارەی تێچووی کۆمپانیاکانی نەوت، پرۆسەی هەناردەکردن ڕاگیرا.

پاشان بودجەی 2013 لەلایەن پارلەمانی عێراقەوە بەبێ بەشداری هەرێمی کوردستان پەسەند دەکرێت و لەو بودجەیەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان ناچار دەکرێت بە هەناردەکردنی 250 هەزار بەمیل نەوت لە ڕۆژێکدا لەڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆ، ئەگەرنا دەبێت بڕی ئەو پارەیە لە بودجەی هەرێمی کوردستان ببڕدرێت. بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو مەرجە قبووڵ ناکات.

بەپێی ڕاگەیێنراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، توانای دەرهێنانی ئێستای هەرێمی کوردستان نزیکەی 400 هەزار بەرمیل نەوتی خاوە لە ڕۆژێکدا و تا ساڵی 2015 توانای دەرهێنان و گواستنەوەی یەک ملیۆن بەرمیل نەوتی خاوی دەبێت بۆ بازاڕەکانی دەرەوە، بە تەریبیش حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرنامەیدایە ئەگەر گشت پێداویستی گواستنەوەو وێستگە نوێیەکانی غازی سروشتی بنیات بنرێن، ئەوا تا ساڵی 2017 بیرۆکەی هەناردەکردنی غازی سروشتیش دەگاتە قۆناغی پراکتیکی.

ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بەبێ بەشداری وەزیرە کوردەکان لە پرۆژەی بودجەی 2014دا ئەوەی سەپاند کە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژانە 400 هەزار بەرمیل نەوتی خاو لەڕێگەی سۆمۆوە هەناردەی بازاڕەکانی جیهان بکات، بە پێچەوانەوە حکومەتی ناوەندی ناچار دەبێت لە بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان ببڕێت.

ئەم پرۆژە یاسایە لە سەرەتای ساڵی 2014 وە بووە هۆی بارگرژی لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا چونکە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێداگیری دەکات لەسەر فرۆشتنی نەوتی خاو لەڕێگەی کۆمپانیای کۆمۆ.

لە 2014/3/20دا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەیی خۆی بۆ بەشداریکردن لە هەناردەکردنی نەوت بەڕێژەی 100 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا لەڕێی کۆمپانیای سۆمۆ و وەک دەستپێشخەرییەک بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی ناوەندی ڕاگەیاند.

ئێستاش بە تێڕامان لە قۆناغەکانی مێژووی نەوتی عێراق ئەو بابەتە زەق دەبێتەوە کە هەرێمی کوردستان کۆمەڵە هەنگاوێکی بەرچاوی بڕیوە لە ڕاستای ڕووپێوکردنی ناوچەکانی ژێر ڕکێفی خۆی و شکاندنی بایکۆتی 100 ساڵەی بووژاندنەوەی کەرتی نەوت و غاز لە هەرێمی کوردستان. زۆر مەحاڵە جارێکی دیکە هەنگاو بەرەو دواوە بنێتەوە، بەڵام لێرەدا لەبەر ڕۆشنایی کێشەکانی ناوەند و هەرێمی کوردستان دەگەڕێمەوە بۆ پەندێکی پێشینانی کوردی کە دەڵێت شەڕ لە شێف و ئاشتیش لە خەرمان، واتە هەرێمی کوردستان لەکاتی بەبلۆککردنی دەڤەرەکانی شەڕی خۆی کرد، ئێستاش کاتی دروێنەو دابەشکردنی داهاتە، بۆیە پێویستی بەوەیە کە لەگەڵ ناوەند لە ڕاستای چەسپاندنی مافی خۆیدا هەوڵی ئاشتی و گەڕاندنەوەی داهاتی نەوت بۆ خەڵکی وڵات بدات، واتە فرۆشتنی نەوت چ لەڕێی ڕاستەوخۆ (کۆمۆ) یاخود فرۆشتن لەڕێی سۆمۆ، بە مەزەندەی بەندە لە وڵاتێکی دیموکرات و فیدراڵدا هیچ جیاوازییەکیان نییە.

***شارەزا لە بواری وزە**



# خۆراکی لە قوتونراو هەڕەشەیە بۆ سەر تەندروستیت

**سەروەر سالار و چۆمان مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

زۆربەی ئەو خواردن و خۆراکانەی پێشتر بە دەستی کابانی کورد ئامادە دەکران ئێستا بە ئامادەکراوی لە مارکێتەکان هەن و بازاڕیشیان گەرمە، بەڵام زۆر لە هاووڵاتیان نازانن بەکارهێنانی خواردنی لە قوتونراو زیانی هەیە یان قازانج.

بە بڕوای ئاسان فەهمی، 33 ساڵ، هۆکاری زۆر بەکارهێنانی خۆراکی لە قوتونراو ئەوەیە کە "خەڵکی ئێستا زۆر سەرقاڵن و نپرژێنە سەر ئەوەی هەموو ژەمێک خواردن ئامادە بکەن، بۆیە ناچارن خواردنی لە قوتونراو بخۆن".

سەلما حەمەرەشیدی 52 ساڵانیش دەڵێت "ئەم خواردنانە زۆرن و خەڵکیش زۆر بەکاریان دەهێنن، هەرچەندە دکتۆرەکانیش دەڵێن زیان لە تەندروستی دەدەن".

ژیانی جەنجاڵی ئەم سەردەمە و نەبوونی کات بۆ ئامادەکردنی خواردنی فرێش، وایکردووە مرۆڤ بەدوای ئاڵتەرناتیڤێکدا بگەڕێت کە بە کەمترین کات خۆراکی خۆی ئامادە بکات.

بەڵام ئەم کارئاسانییەی خواردنی قوتو بێبەرامبەر نییە و پێدەچێت گێڕانەوەی کات، لەسەر حیسابی باری تەندروستی بەکارهێنەرەکانی بێت.

دکتۆر هێمن محەممەد مستەفا، پزیشکی پسپۆڕی هەناوی بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت "خواردنی لەقوتونراو بۆ ئەوەی تێکنەچێت و بۆ ماوەیەکی زۆر بمێنێتەوە، ماددەی پارێزەری تێدەکرێت، کە هەندێک لەمانە ڕێگا خۆشدەکەن بۆ تووشبوون بە چەند جۆرێکی شێرپەنجە، لەوانە شێرپەنجەی گەدە و سورێنچک".

ماددە پارێزەرەکان لە ڕێگەی قەدەغەکردنی گەشەکردنی بەکتریا و کەڕوو لە خۆراکدا، ئەگەری تووشبوون بە چەندین نەخۆشیی گوازراوەی وەک گرانەتا و سکچوون و ژەهراوییبوون بە خۆراک دەگرن، بەڵام توێژینەوەکان سەلماندوویانە لەگەڵ ئەم سوودەیاندا، هەندێک لە ماددە پارێزەرەکان لەڕێگەی چەند کارلێکێکی نەخوازراوەوە لە جەستەدا، ڕێگا خۆشدەکەن بۆ تووشبوون بە شێرپەنجە.

لە سەدەی هەژدەهەم و سەردەمی جەنگەکانی ناپلیۆندا، دەوڵەتی فەرەنسا خەڵاتێکی 12000 فرانکی پێشنیارکرد بۆ هەرکەسێک کە بتوانێت بەڕێگایەکی هەرزان بڕێکی زۆری خۆراک بپارێزێت بێ ئەوەی خراپ ببن، چونکە بە سەختی دەتوانرا خواردن لە هەموو وەرزەکاندا بگەیەنرێتە سەربازانی فەرەنسا کە بە جیهاندا بڵاو ببوونەوە. نیکۆلا ئاپێخ لە ساڵی 1806 دا لەقوتونانی خۆراکی داهێنا و بووە خاوەنی خەڵاتەکە.

جگە لە ماددە پارێزەرەکان، ئەو تەنەکەیەی خۆراکەکەی تێدا هەڵدەگیرێت، دەکرێت ببێتە هۆکاری نەخۆشکەوتن. دکتۆر هێمن دەڵێت "لە تەنەکەی هەڵگرتنی خۆراکەکەدا، ماددەکانی وەک نایترایتی تێدایە، کە بەهۆی کۆنتاکتی درێژخایەنی خۆراکەکە لەگەڵ تەنەکەکە، دەکرێت بۆ نێو خۆراکەکە بگوازرێنەوە، خواردنی ئەم ماددەیە هۆکارێکی ڕێگاخۆشکەرە بۆ تووشبوون بە شێرپەنجە".

جگە لە نایترایت ماددەگەلی زیانبەخشی دیکەی وەک قورقوشم و بیسفینۆڵی پێدەچێت بگوازرێنەوە بۆ نێو خۆراکەکە، ئەنجامی ئەمەش ژەهراوییبوون بە قورقوشم و تێکچوونی ڕژێنی هۆرمۆنەکانە.

وەک ئەو پزیشکە گوتی، هەرچەندە کەمتر ڕوودەدات، هەندێکجار میکرۆبی بۆچیولینۆم لەناو خۆراکەکەدا گەشە دەکات و لەکاتی خواردنیدا مرۆڤ تووشی ژەهراوییبوون دەکات و هەندێکجار کاریگەری خراپ دەکاتە سەر هەستە دەمارەکانی مرۆڤ و کارەساتی تەندروستی لێدەکەوێتەوە.

هەندێکجار بۆ ڕێگاگرتن لە خراپبوونی خۆراکی نێو قوتووەکە، بڕێکی زۆری خوێی چێشتی تێدەکرێت. سەلمێنراوە زیادەڕەوی کردن لە خواردنی خوێی چێشتدا ڕێگا خۆشدەکات بۆ بەرزبوونەوەی فشاری خوێن.

بەگشتی تەمەنی خۆراکی قوتونراو لەنێوان 1 تاوەکو 5 ساڵ دایە، هەرچەندە هەندێک ماددە هەیە خۆراک بۆ ماوەی 30 ساڵ دەپارێزن. تەنانەت لە ساڵی 1974 پشکنین بۆ خۆراکێکی لە قوتونراو کرا کە ساڵی 1865 لە قوتونرابوو، ئەوەی سەرسوڕهێنەربوو تاقیکردنەوەکان گوتیان هێشتا ئەو خۆراکە بە کەڵکی خواردن دێت.

دکتۆر هێمن ئامۆژگاری هاووڵاتیان دەکات ئەگەر هەر ناشتوانن تەنیا پشت بە خۆراکی فرێش و سروشتی ببەستن، کاتێک خۆراکی قوتو بەکاردێنن، ڕووبکەنە ئەو جۆرانەی تەمەنی ماددە پارێزەرەکانیان کورتە و ماوەیەکی کورتتر هەیە لە نێوان کاتی دروستکردن و بەسەرچوونیاندا.



ژمارەیان 700 منداڵە

# ئۆتیزم لە کوردستان ڕووی لە زیادبوونە

**سەروەر سالار**
**ڕووداو- سلێمانی**

پسپۆڕان و پزیشکان هۆشداری دەدەن لەوەی ژمارەی تووشبووانی ئۆتیزم ڕووی لە زیادییە و تائێستا وەک پێویست گرنگییان پێنادرێت و خۆیان و خێزانەکانیان لە بارێکی ناهەمواردا دەژین.

ئۆتیزم حاڵەتێکە کە تێیدا لایەنی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیکردنی منداڵ وەک پێویست گەشە ناکات و پێویستی بە پلانێکی تایبەت و چاودێریکردنێکی وردتر هەیە لەچاو کەسانی ئاسایی، نیشانەکانی لە دەوروبەری تەمەنی 3 ساڵی دەردەکەون.

دکتۆر ڕێبوار حەمە غەریب، پزیشکی پسپۆڕی دەروونی باسی نیشانەکانی ئەو نەخۆشییە دەکات و دەڵێت "ئەم منداڵانە لەڕووی جەستەییەوە گەشەیان ئاساییە، بەڵام لە سێ ڕووی سەرەکییەوە گەشەیان دەوەستێت، ئەوانیش: قسەکردن، لایەنی کۆمەڵایەتی و مامەڵە لەگەڵ کەسانی دی و ڕەفتاری سەیر و تایبەت.

د.ڕێبوار گوتیشی "دایکی وریا لە تەمەنێکی زووەوە هەست دەکات منداڵەکەی جیاوازە، بۆ نموونە منداڵەکە چاو نابڕێتە چاوی دایکی، ئاماژە جەستەییەکانی وەک پێویست نییە لەکاتی دڵخۆشی یان هەبوونی ئازار و خەمباری".

منداڵانی تووشبووی ئۆتیزم لەڕووی ڕەفتاری کەسی و کۆمەڵایەتییەوە جیاوازن لە منداڵانی هاوتەمەنیان.

دکتۆر کۆیان زاهیر، پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی منداڵان بە (ڕووداو)ی گوت "ئەم منداڵانە ئارەزووی یاریکردن ناکەن لەگەڵ منداڵانی دی، کە خۆیشیان یاری دەکەن بەشێوەیەکی جیاواز دەیکەن. بۆ نموونە کاتێک بووکەڵەیەکی دەدەیتێ، تەنیا یاری بە پەلێکی بووکەکە دەکات، یان تەنیا خەریکی یەک تایەی ئۆتۆمبێلە".

وەک د.کۆیان گوتی "هەندێک بزوتنی نائاسایی دیکەشیان هەیە، وەک ئەوەی ماوەیەکی زۆر جوڵەیەکی تایبەت دووبارە دەکاتەوە، یان بە شتێکەوە دەیگرێت و لێی دەبێتە دڵەڕاوکێ و وازی لێناهێنێ".

لە گوتارێکدا کە لە بەشی ناوەندی توێژینەوە دەروونی و پەروەردەییەکانی زانکۆی بەغدا بڵاوکراوەتەوە، هاتووە، د.عماد عەبدولڕەحمان ساڵح بەڕێوەبەری نووسینگەی ڕاوێژکارییە دەروونییەکانی زانکۆی بەغدا ئاشکرای کردووە کە تا ئێستا لە سەرتاسەری عێراقدا 7000 منداڵ وەک تووشبووی ئۆتیزم لە سەنتەرە تایبەتمەندەکانی ئەو بوارەدا تۆمارکراون. ژمارەی ئەو سەنتەرانە 16 سەنتەرە لە تەواوی عێراقدا.

بە گوتەی ڕەحمان عەلی، بەڕێوەبەری سەنتەری تایبەت بە منداڵانی ئۆتیزم لە سلێمانی "لە هەرێمی کوردستاندا نزیکەی 700 منداڵ وەک تووشبووی ئۆتیزم دەستنیشان کراون، کە 200 منداڵیان لە سلێمانین".

سەنتەرەکەی ڕەحمان لە ساڵی 2009 دامەزراوە و دەزگایەکی حکومییە و سەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییە و وەک ئەو گوتی بەپێی ڕێنمایی ستانداردی جیهانی کاردەکەن.

ڕەحمان عەلی بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت "ئەو منداڵانەی وەک تووشبووی ئۆتیزم دەستنیشان دەکرێن، هەفتانە 2-3 ڕۆژ لە سەنتەرەکە ڕاهێنانیان پێدەکرێت".

تا ئێستا دەرمان و چارەسەرێکی بنەڕەتی نییە ئەم منداڵانە وەک منداڵانی ئاسایی لێبکاتەوە، بەڵام وەک پزیشکە پسپۆڕە دەروونییەکە گوتی "ڕاهێنانیان پێدەکرێت تا چالاکییە ئاساییەکانی ژیانی ڕۆژانەیان ڕاپەڕێنن و فێر بکرێن توندوتیژی بەرامبەر کەسانی دی بەکارنەهێنن".

د.ڕێبوار دەڵێت، هەندێک چارەسەری پزیشکی ئێستا لە قۆناغی توێژینەوەدان و پێدەچێت لە ئایندەدا ببنە بەشێک لە پرۆسەی چارەسەری "وەک پێدانی ماددەی ئۆمێگا3 کە لە چەوری ماسیدا هەیە، هەروەها لە ڕێگەی تەکنۆلۆجیای پێشکەوتووی پزیشکی قەدەخانەکان چارەسەری ئەم منداڵانە بکرێت".

لە ڕاپۆرتێکی وێبسایتی (مۆنیتەر)دا ئاماژە بە دۆخی خراپی خێزانی تووشبووانی ئۆتیزم کراوە لە عێراقدا، کە تەنیا سەنتەری ئەهلی هەیە بۆ وەرگرتنی ئەو منداڵانە و بەمجۆرە خێزانە هەژارەکان ناتوانن منداڵەکانیان بخەنە سەنتەرەکان. هەروەها حکومەتی عێراقیش هاریکاری ماددی خێزانەکان ناکات.

بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا دۆخەکە هەندێک باشترە، چونکە وەک ڕەحمان گوتی "وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی سەنتەری تایبەتی ئۆتیزمەوە بە خۆڕایی ڕاهێنان بە منداڵەکان دەکات و ئاسانکاری بۆ دایک و باوکیان دەکات".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، هەر منداڵێک لەلایەن لیژنەی پسپۆڕی حکومییەوە وەک تووشبووی ئۆتیزم دەستنیشان بکرێت، ئەوا دایک یان باوکی بە مووچەی تەواوەوە مۆڵەتیان پێدەدرێت، ئەگەر خێزانەکە دوو منداڵی ئۆتیزمیان هەبێت ئەوا دایک و باوکیشی مۆڵەت و مووچەی تەواویان پێدەدرێت. وەک ڕەحمان گوتی "بیر لەوەش کراوەتەوە ئەو دایکانەی ژنی ماڵەوەن و منداڵی ئۆتیزمیان هەیە، مووچەیەکی تایبەتیان بۆ ببڕدرێتەوە".





دکتۆر ئیکرام حوسێن

## فریای فریاکەوتنی سلێمانی بکەون

لە یەکەی چاودێریی ورد، دوو کارمەندی بەڕێز دانیشتبوون، گوتم نەخۆشێکمان هەیە پێویستی بەم شوێنە هەیە، یەکێکیان گوتی، شوێنمان نییە. بەو هیوایەی چارەیەکیان لابێت، لێم پرسین ئەی چی بکەین؟ ئەوی دیکەیان گوتی مەگەر بە پێوە بوەستێ.

ئەوە حاڵی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانییە بە دەست زۆریی نەخۆشەوە، ئەو پارێزگایەی مانگی پێشوو لە نێو پارێزگاکانی عێراقدا بە باشترین دەستنیشان کرا لەڕووی تەندروستییەوە.

هەرگیز گومانم نییە لەوەی خزمەتگوزاری تەندروستی لە سلێمانی باشترە لە هەولێر، هەر لە ددان کێشانێکەوە کە دەڵێن کێشانی ددانێک لە هەولێر نزیکەی 500 هەزار لەسەر حکومەت دەکەوێت، تا دەگاتە نەخۆشییەکانی دڵ، بەڵام ئەگەر نەخۆشێک پێویستی بە چاودێریی ورد هەبێت، دەبێت چی بکات؟

لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، بەراورد بە بچووکیی شوێنەکە و زۆریی ژمارەی دانیشتووان، خزمەتێکی گەورە پێشکەش دەکرێت، بۆ نەخۆشەکەی ئێمەش لە ماوەیەکی کەمدا پزیشکی نەشتەرگەری و بێهۆشکار و تیمی نەشتەرگەری ئامادەبوون، بەڵام ئەگەر نەخۆشێک پێش نەشتەرگەری پێویستی بە چاودێریی ورد هەبێت، یەکەی چاودێری وردیش پڕی بێت لەو نەخۆشانەی پێویستیان پێیەتی، لەو کاتەدا چۆن پزیشکی بێهۆشکار بتوانێت بڕیاری نەشتەرگەری بدات؟

لەڕووی زانستییەوە ژمارەی قەرەوێڵەکانی چاودێریی ورد زیاترە لەوەی پێویستە لە نەخۆشخانەیەکدا هەبێت، دەبێت بۆ هەر نەخۆشخانەیەکی 100 قەرەوێڵەیی 10 قەرەوێڵەی چاودێریی ورد هەبێت. لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن 13 قەرەوێڵەی چاودێریی ورد هەیە لە 70 قەرەوێڵە، بەڵام بۆچی لە نیوەشەودا نەشتەرگەریی نەخۆشێک پەکیدەکەوێت بۆ چاودێریی ورد؟

13 قەرەوێڵەکەی چاودێریی ورد بە تەنها بۆ نەخۆشەکانی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی نەشتەرگەری سلێمانی نین، بەڵکو ئەو 13 قەرەوێڵەیە بۆ زیاتر لە یەک ملیۆن و 500 هەزار کەسە، بۆ نەخۆشخانەکانی شەهید ئاسۆ و سووتان و جەڵتەی مێشک و شێرپەنجەو بۆ پارێزگای هەڵەبجەو کەلار و کفری و دەربەندیخان و سەیدسادق و پێنجوێن و قەڵادزێ و ڕانیەن، ئەوە جگە لە نەخۆشی پارێزگاکانی دیکەی عێراق.

2 ساڵ پێش ئێستا وتارێکم نووسی لەبارەی ئەوەی کە سلێمانی پێویستی بەپەلەی بە نەخۆشخانەیەکی دیکەی فریاکەوتن هەیە، لە کاتێکدا نەخۆشخانەکەی ئێستا لە چەقی شاردایەو خەڵک و ئەمبولانسەکان بە زەحمەت دەیگەنێ، بەڵام بە خۆشی بێت وا ئەم کابینەیەش بەسەرچوو هێشتا سلێمانی نەخۆشخانەیەکی فریاکەوتنی بە نسیب نەبوو، بەڕێز وەزیری پێشووی تەندروستی، سەرۆکی بەشی نەشتەرگەری بوو، بەڕێز وەزیری ئێستای تەندروستیش پێشتر بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتن بووەو دواتریش بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی، تۆ بڵێی ئەوان نەزانن خەڵکی چەند پێویستیان بە نەخۆشخانەی فریاکەوتن هەیە، یان نەزانن تیمە پزیشکییەکانی نەخۆشخانەی ئێستای فریاکەوتن چەند ماندوون و چەند فشاریان لەسەرە؟

بێگومان زانیویانە و دەزانن، هەر وەزیری تەندروستیش دەربکەوێت لە هەواڵەکاندا یان بەردی بناغە دادەنێت یان بینای نوێ دەکاتەوە، تۆ بڵێی کەی یەکێ لەو بینایانە ببنە نسیبی نەخۆشخانەیەکی نوێی فریاکەوتن لە سلێمانی؟

# هەواڵ و زانیاری تەندروستی

## هەتاوی بەرەبەیان قەڵەوی کەمدەکاتەوە

**ڕووداو- فۆکس نیوز**

توێژینەوەیەکی نوێ دەڵێت بەرکەوتنی تیشکی هەتاو لە سەرەتای خۆرهەڵاتندا و بەشێوەیەکی ڕێکوپێک، کێشی جەستە ڕێکدەخات. بەپێی گوتەی ئەنجامدەرانی توێژینەوەکە، هەر یەک کاژێر دواکەوتن لەوەی تیشکی هەتاوت بەربکەوێت، هاوکۆلکەی بارستەی جەستە بە بڕی 1،28 زیاد دەکات. توێژەران داوایان کردووە لەمەودوا باڵەخانەی خوێندنگا و فەرمانگە و کارخانەکان پەنجەرەی زیاتریان تێدا دروست بکرێت تا خوێندکار و فەرمانبەران لە تیشکی هەتاوی بەیانیان بێبەش نەبن.



## ئایا پشت تەقاندن زیانی هەیە؟



**ڕووداو- فۆکس نیوز**

لە بەشی تەندروستی فۆکس نیوزدا ئەم پرسیارە کراوە و بەمجۆرە وەڵامدراوەتەوە:

پشت تەقاندن زیانێکی کتوپڕ و گەورە لە پشت نادات، بەڵام ئەگەر پشت تەقاندن بکرێتە خوو بەشێوەیەکی دووبارە بووەوە بیکەیت، ئەوا لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و بەشێوەیەکی لەسەرخۆ زیان لە جومگەکان بەگشتی و جومگەی نێوان بڕبڕەکانی پشت دەدات. چونکە لە چواردەوری جومگەکاندا ژێ و بەستەر و شانەی نەرمی دیکە هەیە، پشت تەقاندنی زۆر وردە وردە ئەم شانانە پچڕانی ورد وردیان تێدەکەوێت و بە دووبارەبوونەوەی زۆری پشت تەقاندن پچڕانەکان زیاد دەکەن و بەهێزیی جومگەکان وەک پێویست ناهێڵێت.

## دەرمانێک تەمەنی تووشبووانی شێرپەنجە درێژدەکاتەوە



**ڕووداو – RT**

زانا بەریتانییەکان دەرمانێکی نوێیان بەرهەمهێناوە کە دەتوانێت تەمەنی ئەو کەسانەی نەخۆشیی شێرپەنجەیان هەیە وحاڵەتەکانیشیان زۆر خراپە، درێژ بکاتەوە.

بەگوێرەی ئەو تاقیکردنەوانەی کە لەسەر دەرمانەکە کراون، دەرکەوتووە ئەم دەرمانە دەورەی پرۆتینی تیرۆزین کیناز دەدات و چالاکی کەمدەکاتەوە، کە ئەم پرۆتینە وەک هاندەری خانە شێرپەنجەییەکان کاردەکات و ئەگەر چالاکییەکانی ئەم پرۆتینەش بوەستێندرێت، خانە شێرپەنجەییەکە دەمرێت بەبێ ئەوەی خانە ساخەکان زیانیان پێبگات.

لە ساڵی 2012 بۆ یەکەمجار ئەم دەرمانە لەسەر 4 کەس کە نەخۆشی شێرپەنجەیان هەبوو تاقیکرایەوە و ئەنجامەکەش لەوەی چاوەڕوان دەکرا باشتر بوو، لەبەرئەوەی دوای بەکارهێنانی دەرمانەکە بۆ ڕۆژی دواتر نەخۆشەکان هەستیان بە باشبوون کرد و بەهۆی ئەم ئەنجامەش زانایان بڕیاریان دا دەرمانەکە لەسەر 30 نەخۆشی دیکە تاقیبکەنەوە.

ئێستا زاناکان دەڵێن "ئەم دەرمانە دەبێتە هۆی درێژبوونی تەمەنی ئەو کەسانەی کە حاڵەتەکەیان زۆر تێکچووە و هیچ هیوایەکیان بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەیان نەماوە و ڕێگە ئاساییەکانی چارەسەری نەخۆشییەکە سوودی نییە بۆیان".

هەروەها دەڵێن "ئەم دەرمانە شێرپەنجە چارەسەر ناکات، بەڵکو حاڵەتی تەندروستی نەخۆشەکە کە بەهۆی شێرپەنجەوە زۆر تێکچووە، باشتر دەکات".

# مەلا مستەفام لە ڕێگەی کوردێکی جۆرجیاوە ناسی

نادری کەریـم (نادری نـادرۆڤ) ئەکادیمیکار و پڕۆفیسـۆر، یەکێکە لـە زاناکانی پترۆ- کیمیاوی لەسـەر ئاسـتی جیهان. ئەندامی کۆمەڵەی گەلانی کازاخستانە.

لەسـاڵی 1993 بووەتە ئەندامی هەمیشەیی ئەکادیمیای زانایانی نەتەوەیی کازاخسـتان. نادرۆڤ، کە خاوەنی چەندین خەڵاتـی ناوخۆیی و جیهانییە، لەلایەن حکومەتی فەرەنسـاوە نازناوی "مارشـاڵی زانسـت"ی پێبەخشـراوە. نادرۆڤ تاوەکو ئێسـتا نزیکەی 950 گوتاری زانسـتی نووسـیوە. خاوەن 250 داهێنانـی زانسـتییە، 35 کتێبی بڵاوکردووەتەوە و لە سـاڵی 1996ەوە سەرنووسەری گۆڤاری (پترۆڵ و گاز)ە.

ئەو هەڤپەیڤینەی لەگەڵ نادرۆڤ کراوە مێژووەکەی بۆ 2 ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. نادرۆڤ لەم بەشەی ئەو هەڤپەیڤینەدا باسی ناسـینی مەلا مستەفا بارزانی لە مۆسـکۆ، بارودۆخی کورد لە یەکێتی سۆڤیەت و ئاوارەبوونیان دەکات.

هەڤپەیڤین: ساڵحێ کەڤربڕی

بەشی یەکەم

### دەزگای هەواڵگری یەکێتی سۆڤیەت برای من و 39 کوردی دیکەی لە خۆڕایی گوللەباران کرد



نادر نادرۆڤ، مارشاڵی زانست و باوکی پەترۆڵ و گاز بۆ (ڕووداو):

**ڕووداو: نـادری کەریـم یانیش نادری نادرۆڤ کێیە؟**

**نـادرۆڤ:** من نادری کەریم، سـاڵی 1932 لە گوندی قیقاچ سـەر بە نەخچیڤـان لەدایکبووم. باپیـرم نـادری ئەحمـەد، پێیاندەگـوت حاجی نادر. باب و باپیرانمان لە شـاری وانی باکووری کوردسـتانەوە هاتوون. لە ساڵی 1920 تاوەکو 1925 دەوڵەتی تورکیا زۆر کوردی زیندانی کردن کە یەکێکیان باپیری من بوو. باپیرم کاتی خۆی بەپێ چووەتە حەج.

باوکم، کەریمی حاجی نادر لە نێو خەڵک بە ئاغای بەشکا و کەریم ئاغا بانگ دەکرا. باوکم لە تەمەنی گەنجێتیدا لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە لە عەشیرەتەکەی بەهۆی زوڵمی تورکەکانەوە کۆچ دەکەن و دێنە لێوارەکانی ڕووباری ئاراس. دواتر دەچنە ناوچەی نەخچیڤان کە ئێسـتا دەکەوێتە نێو سنووری ئازەربایجان. لەوێ گوندێک دروست دەکەن و ناویشی دەکەنە (قیقاچ). هەر کەسێک لەبـەر زوڵمی تورکیا هەڵدەهـات دەچووە ئەوێ و گوندێکی دروسـت دەکرد. ئەوەی من باسـی دەکەم لە نێوان ساڵانی 1925-1926 دایە.

**ڕووداو: باسـی دوای شکستی شۆڕشی شێخ سەعید دەکەیت، وا نییە؟**

**نادرۆڤ:** بەڵێ دوای شکسـتی شێخ سەعید. خۆی لە خۆیدا هۆکارێکیش شەڕی شێخ سەعید بـوو کە چەندین خێڵ و عەشـیرەتی گەورە بەو شـێوەیە دەربەدەربوون و مـاڵ و حاڵی خۆیان جێهێشت و پەرتەوازەی دونیابوون. من لە مانگی یەکی سـاڵی 1932 لەنێو سـەرما لەدایکبووم. سـاڵی 1936 باوکـم کۆچـی دوایـی کـرد. خێزانەکەمـان 6 کەس بوون، سـاڵی 1937 لە گوندی قیقاچەوە ڕاگوازراین بۆ کازاخستان.

### زۆربەی کوردی سۆڤیەت بەهۆی شۆڕشی شێخ سەعیدەوە دەربەدەر بوون

### تاوەکو ساڵی 1956 بۆم نەبوو لە گوندەکەی خۆم دەربچم

**ڕووداو: ڕاگواسـتنی سـاڵی 1937ت بەبیـر دێت؟**

**نـادرۆڤ:** لێرە 3 جۆر کورد هەن. بەشـێکی سـاڵی 1937 لـە ئەرمەنسـتان و نەخچیڤانەوە ڕاگوازراون. بەشێکیشـیان ساڵی 1944 هاتوون کە کوردی جۆرجیان. بەشـێکیش دوای سـاڵی 1990 واتە دوای شەڕی قەرەباخ هاتوون. ڕۆژانی ڕاگواسـتنەکە زۆر ناخـۆش و دژوار و قـورس بوون. قسـەیەک هەیە لەنێو کورد لەبارەی ئەو ڕۆژانە کە دەڵێ "دایک منداڵی خۆی فڕێ دەدا". ئێمە نزیکەی دوو مانگ بەڕێوەبووین. زۆر کەس لەنێو فارگۆنی شـەمەندەفەردا بەهۆی برسێتی و سـەرماوە مـردن. زۆر ناخـۆش بوو، بەقسـە ناگوترێت.

**ڕووداو: هۆکاری ڕاگواستنتان چی بوو، پێیان دەگوتن لەبەر چییە؟**

**نـادرۆڤ:** نەخێـرا! هۆکارەکـەی بـە ئێمـە نەدەگوتـرا. تەنیـا دەیانگـوت کەلوپەلەکانتان کۆبکەنـەوە، ئاژەڵەکانتـان بفرۆشـن، تاوەکـو 24 کاژێـری دیکە ئامادەبـن، دەتانگوازینەوە و دەتانبەینە شوێنێکی دیکە.

**ڕووداو: نەشتاندەزانی بۆ کوێتان دەبەن؟**

**نادرۆڤ:** نەخێر. بەبیرم دێت لە سـۆڤیەتەوە هاتـن و ئێمەیـان فرێدایـە نێـو ئۆتۆمبێـل و شـەمەندەفەرە کۆنـەکان کـە ئاژەڵیـان پێدەگواستەوە، هێنراینە وێستگەی شەمەندەفەر. ئەوەی من باسـی دەکەم، پایزی سـاڵی 1937 بوو.

سـواری شـەمەندەفەر کراین. هەر 4 خێزان دەخرانـە نێو یـەک کابینـەوە. دوای دوو مانگ ئێمەیـان هێنایە ئێرە. شـارێک کە پێی دەڵێن تـاراس، ئەوکات پێیدەگوترا میرزۆیان. ئێمەیان لـەوێ دابەزاند. لەوێشـەوە سـواری ئۆتۆمبێلی گواسـتنەوەی ئاژەڵ کراین کە مانگی تشـرینی دووەم بـوو. زیاتـر لە نیو مەتر بەفـر باریبوو. سـەرمایەک بوو دایـک منداڵی خـۆی فڕێدەدا! ئێمەیـان هێنایـە شـاری تاراس. لە شـوێنێک دایانبەزاندیـن و گوتیان: ئێوە ئیتر لێرە دەژین. سەرەتا لە نێو ڕەشماڵ دەژیاین، دواتر لە خشت و قوڕ خانوویان بۆ دروستکردین.

سـاڵی 1938 پۆلیـس و دەزگای (KGB) هاتنـە نێو چـادرەکان و گوتیـان "خاوەنی ماڵ کێیـە؟" بـرای گـەورەم، عەبدوڵـڵا تـازە ژنی هێنابوو. خوشکە گەورەکەشم کە شووی کردبوو، چادرەکەیـان لەتەنیشـت چـادری ئێمـە بوو. عەبدوڵڵای برام هەستایەوە و گوتی: من خاوەنی ماڵـم. ئەوانیش پێیانگوت: بەپێشـمان کەوە با بڕۆین. بەهەمانشـێوە چوونە ماڵی خوشـکم و مێردی ئەویشـیان لەگەڵ خۆیان برد. ئەو شەوە هەمـوو خـاوەن ماڵێکیـان دەستبەسـەرکرد و بردیانن. خاوەنی 3-4 ماڵ ئەو شـەوە چووبوونە نێـو باخەکانیان بۆ ئاودان، ئەوان ڕزگاریان بوو. دەستبەسەرەکان برانە چیمکەنت. ئێمە دوای دوو ڕۆژ ئەوەمـان زانی. بەڵام دواتـر ئاگامان لێیان نەما. تاوەکو گەورە بووم و بوومە پرۆفیسۆریش هەمیشـە پرسیاری براگەورەکەم دەکرد و کوڕی خوشکیشم هەمیشە پرسیاری چارەنووسی باوکی دەکرد. ئەوان لە یەک شەودا 40 پیاویان لەگەڵ خۆیان برد.

تاوەکو ساڵی 1993، واتە دوای جیابوونەوەی کازاخسـتان لە یەکێتی سـۆڤیەت و ڕاگەیاندنی سـەربەخۆیی، نـوور سـوڵتان نەزاربایـەڤ، سـەرکۆماری کازاخسـتان بڕیـاری لێبووردنـی دەرکرد بۆ کوردی ساڵانی 1937، 1944 و 1950 کـە هاتوونەتە ئـەو وڵاتە. دوای ئـەو بڕیارەش دیسـانەوە نووسراوێکم نووسـی و گوتم "براکەم چی بەسـەر هاتووە؟" بانگی دەزگای پێشـووی (KGB)یانکـردم و بەڵگـە و دۆکیومێنتیـان هێنان کە لە بارەگای پێشووی (KGB) بوون و تاوەکـو ئەوکاتە کەس نەیبینیبوون. بەڵام دوای 1994 ڕێگەیان پێدان ئەو بەڵگەنامانە ببینین و ئاگاداری چارەنووسی قوربانییەکانمان بین.

بەپێـی ئـەو بەڵگەنامانـە دوو پرسـیاریان لـە براکـەم کـردووە. **یـەک:** پێیانگوتـووە سـیخوڕی تورکیـای. **دووەم:** پێیانگوتـووە تـۆ دژی دروسـتکردنی کۆلخۆز و سـۆلخۆزیت (واتە دروسـتکردنی گوند و شـارەکان لەسـەر سیستەمی کۆمۆنیستی)، بەڵام ئەو تۆمەتەکانی ڕەتکردبووەوە. بـرام نەخوێندەوار بوو، ئەمەش ئەوە پێشـاندەدات کە خۆیان ئـەو ئیفادەیەیان دروسـتکردووە. براکـەم ئەوکاتـە تەمەنی 25-26 سـاڵ بـوو. بەپێی هەمـان بەڵگەنامە دوای دوو ڕۆژ براکـەم ئـەو تۆمەتانەی قبووڵ کردووە و گوتوویەتـی "بەڵـێ من سـیخوڕی تورکیام. هەروەها زۆر کەس دژی کۆلخۆز و سۆلخۆز بوون، بۆیە منیش دژایەتیم کردووە."

من ئەو بەڵگانەم بینین کە بێگومان ڕاست نین و بۆ خۆیان ئەو بەڵگەنامانەیان دروسـتکردوون بـۆ کوشـتنیان. دوای ئەو ئیفادەیـەش ئەو 40 پیـاوە گوللەباران کـراون. ئەوان سـاڵی 1938 دەستبەسـەرکران و لە مـاوەی 3 ڕۆژدا بەهۆی ئیفادەی درۆ تۆمەتبارکران و بە ویسـتی خۆیان دادگاییـان دەکەن و دەیانکوژن. ئەو شـوێنەی کـە لێی نێژراون نزیکی چیمکەنتە کە لەوێ زۆر خەڵکی دیکەش نەفیکراون و کوژراون.

**ڕووداو: لەسەر ئەم مەسەلەیە دەوڵەت داوای لێبووردنی لە ئێوە کرد؟**

**نادرۆڤ:** بەڵێ داوای لێبووردنیان کرد. بەڵام شـتێکی دیکـە هەیـە. هەسـتمدەکرد دەوڵەت لە مێـژە لێبووردنـی دەرکردووە. بەڵام سـاڵی 1993 هەسـتمپێکرد کە دوای ئەو بەروارە تازە لێبووردنەکە کەوتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

**ڕووداو: بێجگـە لـەو قەدەغـەکاری و زوڵـم و زۆرەی لە سـەرتان هەبـوو، لەبواری خوێندن و ژیانـی زانستیشـتان زۆر بەربەسـتیان بۆ تۆ دروستکردووە؟**

**نادرۆڤ:** ڕاسـت دەڵێی، دیارە تاوەکو ساڵی 1956 مافـی ئـەوەم نەبوو لە گونـدی خۆمان دەربچـم بـۆ گوندێکی دیکـە. ڕاسـتە ئێمە لە زیندانـدا نەبووین. بـەڵام دەتوانی بڵێی ئەوەش زیندان بوو! ناوی گوندەکەمان بودیۆند بوو ئێستا ناوی بووە بە ئاستاند. ساڵی 1948 قوتابخانەم تەواوکـرد بـە زمانـی کازاخی و ویسـتم بچمە پەیمانگـە. گوتیان مافی ئەوەت نییە لەو گوندە بچیتە دەرێ! ئەوەبوو لە گوند مامەوە. ئەوکاتە هێشتا ستالین لە ژیاندابوو. نامەیەکم بۆ ستالین نووسـی و تێیدا گوتم "گوناحم چییە؟ ئێمەتان نەفیکردووە. بەڵام تاوەکو ئێسـتا نازانین بۆچی دوورخراوینـەوە. ئێمەتان دوورخسـتەوە قەیدی ناکات، بەڵام بۆچی ڕێگەم پێنادەن بخوێنم؟".

**ڕووداو: وەڵامی تۆیان دایەوە؟**

**نادرۆڤ:** بەڵێ، گوتیان مافی خوێندنت هەیە. بەڵام لـە دەرەوەی پایتەختـەکان! واتە بێجگە لە پایتەختەکانی یەکێتی سـۆڤیەت دەتوانم لە شـارەکانی دیکە بەردەوامی بـە خوێندن بدەم. بـەڵام ئەوکاتە پەیمانگە و زانکۆ لە شـارەکاندا نەبوون. ئەوکاتە بێجگە لە پایتەختەکان تەنیا لە شاری قزلئۆردو پەیمانگەی مامۆستایان هەبوو. هیچ ڕێگایەکم لەبەردەم نەما، ئەوەبوو کاغەزەکانم ڕەوانـەی قزلئۆردو کردن کە ئەوکاتە پایتەختی کازاخسـتان بـوو. دیـارە دوای دروسـتبوونی یەکێتی سۆڤیەت، ئەرێنبورگ دەکەنە پایتەختی کازاخسـتان کە شـاری ڕووسـەکانە و دوورە لە کەلتووری کازاخەکان. دواتر گوتیان ئەرێنبورگ زۆر دوورە. تەنانـەت بۆ کازاخییەکانیش دوورە. بۆیە ئێمە قزلئۆردو دەکەینە پایتەخت. قزلئۆردو دەکەنە پایتەخت و تاوەکو سـاڵی 1929 وەکو پایتەخـت دەمێنێتـەوە. قزلئـۆردو دەکەوێتـە باکووری کازاخسـتان لە نزیک سـیبیریا. دوای ساڵی 1929 ئاڵمائاتا دەکەنە پایتەخت. کاتێک قزلئـۆردو پایتەخت بـوو، پەیمانگەیـان لەوێ دروستکردبوو.

**ڕووداو: لە قزلئۆردو قبوڵکرای بۆ خوێندن؟**

**نـادرۆڤ:** بەڵـێ قبوڵکـرام، بـەڵام چ قبوڵکردنێـک؟ ئـەوان ئەوەنـدە بـە ئاسـانی دەسـتوورت نادەنـێ. هەر بۆیە ئەوسـاڵە بەبێ خوێندن مامەوە. سـاڵی دواتر واتە ساڵی 1949 هەواڵـم بۆ هات کە دەتوانم دەسـت بە خوێندن بکەم. دەبێ بچمە تاقیکردنەوە، بەڵام دەستوورم نییـە و دەبـێ دەسـتوور وەربگـرم. کاغـەزی قبوڵکردنەکـەم بـرد و چوومـە لای بەرپرسـی گوندەکە بۆ ئەوەی دەستووری چوون بۆ خوێندن لە قزلئۆردوم بداتێ.

بەرپرسـی گوندەکە ئەو کاغـەزەی ڕەوانەی ناحیە کرد، ناحیـەش ڕەوانەی ئاڵمائاتای کرد، ئاڵمائاتاش ڕەوانەی مۆسـکۆی کرد و مۆسـکۆ قبوڵـی کـرد و دەسـتوورەکە ڕۆژی 22ی ئابی 1949 گەیشـتە دەسـتم، واتـە دوو ڕۆژ دوای وادەی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان کە دەبووایە ڕۆژی 20ی مانـگ تاقیکردنـەوە بکەم. ئێسـتا چـی بکەم؟ براکانم گوتیان بڕۆ هیچ نەبێت ئەو شارانە دەبینیت. ئەوەبوو ڕۆیشتم و 26ی مانگ گەیشتمە ئەوێ.

چوومـە لای سـکرتێری پەیمانگەکـە بـۆ پێشکەشـکردنی کاغەزەکانـم و پێمگـوت: بۆ تاقیکردنـەوە هاتـووم. سـەری بەرزکـردەوە و پێکەنـی و گوتـی: کوا مێشـکت؟ ئـەوە کاتی تاقیکردنەوەیـە؟ منیـش شـەرم دەکـەم بڵێم بۆچـی دواکەوتووم. چوومـە لای بەڕێوەبەرەکە و ئەویش لە پشـوودابوو و کەسـێکی کۆری لە جێگای بوو. من مەسـەلەی خـۆم بۆ گێڕایەوە. گوتـی: مـن لە ڕەوشـی تۆ تێدەگـەم. ئێمەش وەکو تۆیـن. ئێمەش سـاڵی 1937 لە کۆریاوە نەفیکراویـن. مـن دەسـتوورت دەدەمـێ. ئەو جوامێـرە چاکەیەکی گەورەی لەگەڵ من کرد کە لە سـەردەمی ستالیندا کارێکی وا ئاسان نەبوو، بەڵام گوتی: من ناونیشـانی ماڵی مامۆستاکانت دەدەمـێ، دەبێ بچیە ماڵـی هەموویان و پێیان بڵێی کـە بەڕێوەبەر بانگتـان دەکات. کە هاتن مـن باسـی تۆیان بـۆ دەکـەم. ئەوەبوو منیش ڕۆیشـتم گـەڕەک بـە گـەڕەک، گوند بـە گوند بـەدوای مامۆسـتاکاندا گـەڕام بۆ ئـەوەی بێنە قوتابخانەکـە. مامۆسـتاکانیش یـەک بـە یەک هاتـن و منیـش تاقیکردنەوەکانـم ئەنجامدان و تێیدا سـەرکەوتم. بۆ ماوەی 4 سـاڵ لە شـاری قزلئۆردو خوێندم، بەڵام دەستووری ئەوەم نەبوو لەو شـارۆچکەیە بچمە دەرێ. دوای تەواوکردنی قوتابخانە، ڕەوانەی شاری چۆلاکتاویان کردم کە شـارێکی بچووک بوو ئێسـتا پێیدەڵێن کاراتاو، دەکەوێتە نزیک قاشـقابولاخ. سـاڵی 1953 بۆ ماوەی 3 سـاڵ لەوێ بوومە مامۆستای کیمیا و توانیم لەژێر قەرزی دەوڵەت بێمە دەرەوە، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا مافی ئەوەم نەبوو لەو شـارە بچمە دەرێ.

ساڵی 1953 خرۆشۆڤ بووە سەرۆکی یەکێتی سـۆڤیەت. ئەو بڕیاری دا مامۆستاکان ئازادبن و ڕەخنەی لە سـتالین گرت و گوتی: مامۆستاکان منداڵانمان پەروەردە دەکەن، بەڵام ئێمە ڕێگەیان پێنادەیـن لە گوندێکـەوە بچنە گوندێکی دیکە. بەمشـێوەیە ڕەوشی ناڵەباری مامۆستایان نەما. لەسەر پاسـپۆرتەکانمان مۆرکرابوو کە هەڵگری پاسـپۆرتەکە بـۆی نییە لـە گوندەکـە بچێتە دەرەوە. دوای دەرچوونی ئەم بڕیارە، پاسپۆرتی نوێـم دەرکـرد کە مۆری لەسـەر نەبـوو. ئیدی ڕوومکردە مۆسکۆ.

لەوێوە هاتمە ئاڵمائاتا بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی بەرزتر وەربگرم. گوتیان: ئێمە تەنیا کەسێکمان پێویستە و دەمانەوێ کەسێکی کازاخی وەربگرین. دەتوانی کاغەزەکانت پێشـکەش بکەیت، بەڵام شانسی وەرگرتنت نییە. چوومە شاری بیشکەک و لەوێـش هەمـان شـتیان گوت. گوتـم من نە کازاخی و نە قیرغیزیم. بەدوای زانستدا دەگەڕێم.

### بە ستالینم گوت بۆچی ڕێگەمان پێنادەن بخوێنین

### بەداخەوە تەنیا یەکجار مەلا مستەفا بارزانیم بینی

ئـەرێ پێم ناڵێن بۆ کوێ بچم؟ گوتیان: بڕۆ بۆ مۆسکۆ، منیش گەڕامەوە مۆسکۆ. ساڵی 1956 دەستمکرد بە خوێندنی باڵا لە زانکۆی مۆسکۆ و سەرقاڵی نامەی دکتۆرا بووم.

**ڕووداو: لەوانەیـە تۆ یەکەمین کورد بیت کە لە مۆسکۆ دەستت کردبێت بە خوێندنی باڵا...**

**نادرۆڤ:** بەڵێ ڕاستە من یەکەمین کوردم! من زۆر بەختەوەرم..

سـەرەتا بەدوای ئەوەدا گەڕام بزانم کورد لە مۆسـکۆ هەن یان نا. چوومە پەرتووکخانەیەک بەنـاوی لینین کـە زۆر گەورەیە. لە سـۆڤیەت هەرکەسـێ بیـەوێ شـتێک فێرببێـت، یـان پەرتووکێـک بخوێنێتەوە دەچێتە ئەوێ. منیش چوومە ئەوێ و بەشی پەرتووکی کوردیم بینی. زۆر نەبـوون تەنیـا 10 تاوەکـو 15 پەرتووکی کوردی لەسەر کورد هەبوو.

**ڕووداو: چ پەرتووک بوون، بەبیرت دێت؟**

**نادرۆڤ:** پەرتووکی کوردی سـۆڤیەت بوون. پەرتووکـی حەجیـێ جندی، قەناتـێ کوردۆ و جاسمێ جەلیل لەوێ هەبوون. سەیرمکرد ژنێکی ڕووسی لەوێ دانیشتبوو، پرسیارم لێکرد کە ئایا کورد دێنە ئێرە؟ گوتی: جاربەجار هەندێک کورد لە ئەرمەنسـتان و جۆرجیاوە دێـن. ئینجا لێم پرسی ئایا کورد لە مۆسکۆ هەیە؟ گوتی: تەنیا یەک کورد لە مۆسکۆ هەیە. گوتم: کێیە؟ گوتی: "کۆلۆسـێ شـەڕۆ" بەڵام نازانم خەڵکی کوێیە. تەنیا ئـەوەی دەزانی کە لە مۆسـکۆ دەژێت و هەندێکجار دێتە پەرتووکخانەکە بۆ خوێندنەوەی کتێـب. گوتم: ناونیشـان و تەلەفۆنی نازانیت؟ گوتـی: نا. گوتم: دەتوانی ئەگەر ئەمجارە هات ژمارەی تەلەفۆنیم بۆ وەربگریت؟. گوتی: باشە، بەسەرچاو.

کـە چوومـەوە کتێبخانەکە ژنەکـە ژمارەی تەلەفۆنـی لێوەرگرتبوو. تەلەفۆم بۆ کۆلۆسـێ شـەڕۆ کرد و بە زمانی ڕووسـی سـڵاوم کرد و هەواڵیم پرسـی. گوتی: کوردیت؟ گوتم: بەڵێ. گوتی: کەواتە بە کوردی قسە بکەم، با دەنگی کوردی بەم تەلەفۆنەی مۆسکۆدا دەنگبداتەوە.

کۆلۆس کوردی جۆرجیا بوو کاری پارێزەری دەکـرد، لە من بەتەمەنتربـوو. ڕۆژێکیان گوتی کوردێکـی دیکەش لێـرە هەیە. بـەڵام کوردی سـۆڤیەت نییـە، بەڵکو کـوردی عێراقە، ناوی مستەفا بارزانییە.

بە کۆلۆسـم گوت دەمەوێ ئەو کوردە ببینم. گوتی: باشـە. مـن ئەوکات ناوبانگی مسـتەفا بارزانیـم نەبیسـتبوو. ڕۆژێکیـان لە شـوێنێک دانیشـتبووین تەلەفۆنێـک بـۆ کۆلـۆس هات، پەیوەندیکەر مسـتەفا بارزانی بوو. هەستم کرد کەسـێکی گەورەیە، چونکە کۆلۆس بە ڕێزێکی زۆرەوە قسـەی لەگەڵ دەکـرد. دواتر تەلەفۆنی دایە دەستم، سڵاوی کرد و هەواڵی پرسیم، دوای ئەوەی تەلەفۆنەکەمان قەپاتکرد، تەلەفۆنی ئەوم لە کۆلۆس وەرگرت و دوای چەند ڕۆژێک بۆ خۆم تەلەفۆنم بۆ کرد و پێمگوت دەمەوێ بێیمە لات.

گوتی: فەرموو وەرە.

**ڕووداو: لەگەڵ بارزانی باسی چیتان کرد؟**

**نـادرۆڤ:** ئەوکات لە شـوقەیەکدا دەژیا. بە کورتی باسی ڕەوشـی خۆم و ڕاگوێزانی کوردم بـۆ کـرد. ئەویش باسـی خۆی کـرد و گوتی: ئێمە بۆ ڕزگاری کورد کاردەکەین. ئێمە کوردی عێراقیـن و سـاڵی 1947 هاتووینەتـە ئێـرە. سـەرەتا لە تاشـقەنتی پایتەختی ئۆزبەکستان بووین. ئێستاش بەشـێکمان لە مۆسکۆ دەژین و دەخوێنین. زۆر قسـەمان لەگەڵ یەکدی کرد. دواتر ئیزنم لێوەرگرت و ڕۆیشتم.

مانگـی ئەیلولـی سـاڵی 1958 کۆلـۆس گەڕایەوە تبلیسـی و منیش پشـووم وەرگرت. لە ئەرمەنسـتان خاڵێکـم هەبوو بەنـاوی نادۆ مەحمـودۆڤ. پلـە و پۆسـتی باشـی هەبوو. دایکـم گوتی کە هاتی لە یەریڤانـەوە بگەڕێوە و بزانـە ڕەوشـی نـادۆ چۆنـە؟ منیـش گوتم: سەرەتا دەچمە تبلیسی کۆلۆس دەبینم. چوومە تبلیسی، چەند ڕۆژێک لە ماڵی کۆلۆس مامەوە. دواتر پێمگـوت دەچمە یەریڤان. گوتی: منیش دێـم. ئەوەبوو پێکەوە چوویـن و چەند ڕۆژێک لـەوێ ماینـەوە. هەموو قسـە و باسـەکانمان لەسەر مسـتەفا بارزانی و پێشمەرگەکانی بوو. نـادۆ مەحمـودۆڤ گوتی: چەنـد ڕۆژ لەمەوبەر مستەفا بارزانی هاتبووە یەریڤان. لە دەوروبەری چیـای ئەلەگەز دیـداری لەگەڵ کـوردی ئەوێ کردبوو. ئەو بە سەرسـوڕمانەوە باسـی بارزانی دەکرد. هاوسەری نادۆ مەحمودۆڤیش کە ژنێکی ئەرمەن بـوو دەیگوت زۆر کوردم بینیوە، بەڵام کەسی وەکو مەلا مستەفام نەبینیوە. کەسێکی وڵاتپەروەر بوو، ئازابوو، ڕۆشنبیر و زانابوو.

بەداخەوە تەنیا یەکجار مستەفا بارزانیم بینی. تەنیا ئەو جارەی لە مۆسکۆ بینیم. دواتر بیستم کە کوردی عێراق لە دژی دەوڵەت شەڕ دەکەن. ئەوکاتـە لەناخی خۆمدا دەمگـوت دەبووایە لە مۆسکۆ چەندین جار سەردانی بارزانیم بکردایە. هەسـتم بە شـەرم دەکرد کە تەنیـا یەک جار بینیبووم.



فازڵ نەجیب

# پێکهێنانی حکومەت یان هەڵوەشاندنەوەی گۆڕان

لە دوای هەڵبژاردنی ساڵی (2009)ی پەرلەمانی کوردستان، دەتوانرا ئەو حکومەتە نیشتمانییەی زیاتر لە شەش مانگە باس دەکرێت، پێکبێت، بەڵام لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی ئەو کارە نەکرا:

1. یەکێتی و پارتی بە هەموو باوەڕیانەوە پێیانوابوو بزووتنەوەی گۆڕان سواری شەپۆلی ناڕازیبوونێکی کاتی بووەو وەک لافاوی بەهار، پاش هەندێ چاو سوورکردنەوەو نانبڕین و ئیغراکردن، بڵاوەی پێدەکەن و کادیر و هەوادارانی وەک چۆلەکەکانی ژێر ساجەکەی سابیری مامە حەمەساڵە، هەرزوو هەڵدەفڕن.

2. گۆڕان بڕیاری دابوو بەشداری حکومەت نەکات. چەند جارێک لە بەڕێز نەوشیروان مستەفام بیستووە ئامانجی ئەوان لەو چوار ساڵەی ئۆپۆزسیۆنبوون، دروستکردنی هێڵێکی پان و روون و ئاشکرایە بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن لەیەکتری و هۆشیارکردنەوەی خەڵک و حکومەت لەوەی ئۆپۆزسیۆن چییەو دەبێت چۆن بێت.

پاش چوار ساڵ و سێ هەڵبژاردن، کەسە دەستڕۆیشتووەکانی یەکێتی و پارتی بۆیان دەرکەوت کە گۆڕان لافاو نییە، ئەم راستییەیان لە میدیاکانەوە دەگوت، بەڵام هێشتا نائومێد نەبوون لەوەی لە وێستگەیەکی دیکەدا تەڵە بۆ گۆڕان بنێنەوە، ئەویش بابەتی پێکهێنانی حکومەت بوو.

بڕیاری پێشوەختەی گۆڕان بۆ بەشداریی لە حکومەت، لای یەکێتی و پارتی، بەتایبەت پارتی، وەک هەلێکی ئاڵتوونی مامەڵەی لەگەڵ کرا بۆئەوەی دەستی دەستی بە گفتوگۆ و بەڵێنەکان بکەن و تووشی ئیحباتیان بکەن. پارتی ئەو کارەی لەپێناوی دوو ئامانجدا دەکرد: شکاندنی غروری گۆڕان لەپێشچاوی دوو حیزبە ئیسلامییە ئۆپۆزسیۆنەکە. نزمکردنەوەی ئاستی چاوەڕوانیی خەڵک لە گۆڕان.

کەسە دەستڕۆیشتووەکانی ناو پارتی لەو کارەیاندا تارادەیەک سەرکەوتوو بوون، چونکە هەندێک لە سەرکردە خۆشباوەڕەکانی یەکگرتوویان خستە گومانەوە لە گۆڕان. لەو کاتەی پارتی وەفدێکی دیاریکردبوو بۆ گفتوگۆی پێکهێنانی حکومەت، جارجاریش لەڕێی ئەو سەرکردانەی لە گفتوگۆکاندا نەبوون، کۆبوونەوەیان لەگەڵ لایەنە ئیسلامییەکان دەکرد بۆ ئەوەی بەرەی ئۆپۆزسیۆن لێکهەڵبوەشێننەوەو پێگەی گۆڕان لەگفتوگۆکان لاواز بکەن. واتە پارتی دوو وەفدی هەبوو، یەکێکیان بەئاشکرا گفتوگۆی دەکرد بۆ پێکهێنانی حکومەت و ئەوی دیکەیان بەنهێنی و لەبن دیواردا سەرکردەکانی دەبینی و کاری دەکرد بۆ هەڵوەشانەوەی بەرەی گۆڕان و لاوازکردنی، هەر ئەوەش هۆکاری راستەقینەی دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتە.

پلانی هەڵوەشانەوەی گۆڕان یان سووککردن و بچووککردنەوەی، عەقڵی زۆربەی سەرکردەکانی پارتی داگیرکردووەو ئەوەندەی بەو خەیاڵەوە سیاسەت دەکەن، نیو ئەوەندە بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نیشتمانی کاریان بکردایە لە دوو مانگی دوای هەڵبژاردنەکە حکومەت پێکدەهات.

هەندێک سەرکردەی گۆڕان و میدیاکەیان زۆر ئاسان کەوتنە تەڵەی پارتی بەوەی تۆمەتی دواخستنی پێکهێنانی حکومەتیان دەخستە پاڵ یەکێتی. راستە یەکێتی یەک دەنگ نین، بەڵام لەو دۆخەشدا نین بتوانن شەش مانگ پرۆسەی سیاسی پەکبخەن.

---

ئەدیب ئەلمەکلومی

## دۆخی دژواری ژنان

# پرۆسەی ئیفلیجکردنی کۆمەڵگە لە بەردەم پێشکەوتن و داهێنان

تەقلید، لەمپەر و کۆسپی گەورەی بەردەم داهێنانە، سەرەتا تەوقدانی ئەم ئەڵقە کۆنکرێتیانەی تەقالید و عاداتی کۆنی (باب و باپیران) لەپێناو سەروەربوونی ئینسان و رزگارکردنی لە "تەوری تەلمود" و کڕنۆشبردنی بۆ بتەکان و کۆیلایەتیی ئینسان بۆ ئینسان، پەیام بووە.

خودی ئاین، شۆڕش و کۆششە. شۆڕشە بەسەر تەقالید و (ما وجدنا عليه آباءنا وأجدادنا). ئەم ئایەتانە مەشق و راهێنان بە مرۆڤ دەکەن لەپێناو ئازادی و سەروەربوونی بەوەی گەر کەسێک دوو رۆژی وەک یەک وابێ ئەوە خەسارەتمەندە و دۆڕاوە لە کۆڕی ژیان و تۆراوە لە بووژانەوەی فیکر و بنیاتنانی عەقڵ و چوونەوە نێو باوەشی تەلمودە.

تێکستەکان، دژ بە ئایدیای (ئابائیەکان) شەڕی فیکری و رۆشنبیریيان راگەیاند لەپێناو بنیاتنانی تاکێکی تەندروست و سەربەخۆ و ئازا و ئازاد لە کۆت و قەید و بەند و "عورفە باوەکان" و رزگارکردنی کۆمەڵگە بەیەکجاری لە پاشکۆیی و کۆیلەیی و تەقلیدگەری. ئەم رۆشناییە، نیعمەتێکی گەورەی ئیلاهی بوو لەوان سەردەمان بۆ ئاشتبوونەوەی (عەقڵ و خود) ئینجا ئاشناکردنەوەیان بە خودا کە خۆی لە فۆرمی (وحملها الانسان)دا بەیان کرد وەک ئاوازێکی هێورکەرەوەی گەردوونی و سەرمەدی.

ئەو (ئەمانەتە) سەمفۆنیایەکی گەردوونی بوو بە گوێی ئینسانیەت چرپا بۆ ستۆپکردن و بەخۆداچوونەوە و لە بێژینگدانی عەقڵەکان و راستکردنەوەی مەفاهیمە خوزەعبەلیەکانی وەک (تعدد الإله) و (تعدد الأديان) و (تعدد المصادر) و هەڵوەستەکردن لەسەر مەفهومگەلی "مەبەستدار" لە چەشنی (حمال الأوجه) و (ظهور المهدي) و (عودة المسيح) و (خروج الدجال) و، سەرەڕای رەجمکردن و خەتەنەکردنی کچان و کوڕان و پێشێلکردنی مافی ئافرەت کە لە بنەڕەتدا مافی مرۆڤە بە مەفهومە قورئانییەکەی کە لە ئاوازی (إقرأ) و وروژاندنی پرسی (وإذا المَوْءُودَةُ سُئِلَتْ بأي ذنب قتلتْ)دا جارێکی دیکە بەرگی ئینسانیەتی بەبەردا کرایەوە و پرسیاری لەسەر وروژێنرا! ئەو ئایەتە، سەرسوڕمێنە! چونکە پرسیار ئاراستەی قوربانیەکە دەکات نەک جەللاد، سەیرە! ئەمە لوتکەی ریسوابوون و بێقیمەتی و بێئەرزشیی جەللادەکانە لە قیامەتدا کە تەنانەت بۆ پرسیارکردنیش رووبەڕوو ناکرێنەوە لەبەر تراژیدی و قێزەونیی کارەکە (زیندەبەچاڵکردنی کچ لە سەردەمی جاهیلیەتدا!) کەواتە قسەکردن لەسەر (مافی ژن) قسەکردنە لەسەر (بەهای مرۆڤ). بۆیە پێشێلکردنی مافی ئافرەت، یەکسانە بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، بەپێچەوانەوەش. لە قورئاندا هێڵی جیاکاری لەسەر بنەمای (رەگەز) تووڕدراوە. کە قورئان دەڵێ (وخلق منها زوجها) ئەمە قسەکردنە لە یەک شت، لە یەک سەرچاوە، ئەویش نەفسی ئینسانە لە ماف و ئەرکەکانیدا. لێرەوە مەحەکی جیاوازی بۆ داهێنان و کۆششە نەک بۆ (خیلقەت و رەگەز).

جا هەر جیاکارییەک لەسەر ئەم ئەساسەوە بێت ئەوە رووخاندنی بناغە و تێکشکاندنی (داینەمۆی کۆمەڵگە)یە وەک فاکتەرێکی بەهێز بۆ گەشەسەندنی شارستانیەت و پێگەیاندنی تاکی تەندروست و کارامە لە پرۆسەی ژیار و پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا.

با ئەم دوو شتە لەیەک جیابکرێنەوە و تێکەڵ بەیەک نەکرێن: ئیسلام وەک پەیامێکی ئینسانی ئاسمانی جیایە لە سلوکی ئێمەمانان و هەڵسوکەوتی تاک و عورف و دابی کۆمەڵگە و بیرو فیکری موسڵمانان، چونکە ئێمە نمایندەی دین نین بە حەقیقەت! بە بڕوای من، دین یەک نوێنەری هەیە ئەویش (پەیامە پیرۆزەکانی خودان بەتایبەتی قورئان) کە پڕیەتی لە جوانی و داهێنان، سەرسوڕهێنەرە بە حیواراتی عیرفانی و خیتاباتی عەقڵانی و فیکری ئینسانیەت و ئاشتی و پێکەوە ژیان. جا ئێمە تا چەند بەم تەوجیهات و ئیرشادات و تەعالیمانەوە پابەندین، لەوەدا هەر یەکەمان ئازاد و سەربەستین تا سەر ئێسقان.

کە بانگەواز بۆ ئازادی ژنان دەکرێ لێرە و لەوێ، بەتایبەتی لە کوردستان، زۆربەیان بەبۆچوونی من، لەخشتەبردن و خۆڵکردنە چاو و فریودانی خودی ژنە! من تێناگەم و نازانم مەبەستیان لە کام سەربەخۆیی و ئازادییە، ئەو ئازادییەی (خانمی سەعد زەغلول) لە میسر رێکلامی بۆ دەکرد، کاتێک لە مەیدانی ئازادی/ شوناسی راپەڕین و شوێنگەی شۆڕش و میحوەری گۆڕانکارییەکان/ پۆشاک و لەچکەکان خرانە ژێر پێڵاوی ژنان؟! یان ئەو ئیستیغلالکردنەی کە لەژێر دروشمی ئازادی و بەرجەستەکردنی مافەکانی ژن لەناو حەرەمی زانکۆکان و کایەکانی هونەری و پەروەردە و فێرکردن و میدیا دەیبینین! کە لە حەقیقەتدا "دەعارەیەکی موقەننەعە" نە زیاتر! یان ئەو داهێنانەی غەرب کە لە رۆژی (8ی مارس)دا مەراسیمەکانی بەڕێوەدەچن بەناوی رۆژی ئازادیی ژنان، کە جگە لە ئیستیغلالکردنی ژن و گەیشتن بە نوزهەی نەزوات شتێکی دیکە نییە لێرەدا! لەبەرامبەردا هێزێک هەیە وەک پەرچەکردارێک زیاتر درێژە بە (جلی بیابان) و جەهالەتی وەهابیەت و دۆگمای فیکری کەهەنوتی سعودیە و تەپوتۆزی تالیبان و "موتعە" بازانی پراگماتیەتی ئایەتوڵڵاکان دەدات. ئەوان هەناردەی دەکەن و ئەمانیش تەنزیری بۆ دەکەن. بەمجۆرە درێژە بە بەرگ و رەنگ و دەنگ و نەمەتی ژیانی رەگەزپەرستی دەدەن. بەڵێ ئەوان رەواجی پێدەدەن تا پەرە دەدات بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی کە مەبەست لێی ترازانی ژنانە لە بەها بەرزەکان و تەواوی جومگە و تێگە و پێگەکانی ژیان کە وەک دومیە و موهەرێج دێنەبەرچاو، ئەوانی فیکر کەهەنوتیش کە بە ریوایاتی تەلمود بیرو هۆشیان گۆشکراوە، لەناو "کفنی رەشی ژنە زیندووەکان"دا نای دوا مۆدێلی سەربەستی بۆ ئازادیی ژنان دەژەنن! ئاخر ژن عەقڵ و قەڵەم و بۆچوونە، تەفکیرە، ئایەتی زینەت و گوڵە جوانە بۆنخۆشەکەی خودایە لەسەر زەوی. پێویستە مەزن و میهرەبانانە قەدر و حورمەتی بگیرێت. دەبێ وەک قوتابخانەیەک کە وانەکانی ژیانی تێدا دەخوێنرێ ئەکتیڤ بکرێ و خۆی خۆی پەرە بە بەهرەکانی بدات، ئەگینا نموونەی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و شارستانی و مرۆییانە هەرەس دەهێنێت و قوتابیان و فێرکارانیش لەناو فارگۆنی ئەم شەمەندەفەرە مەعریفییەدا بە توندی دووچاری قەیران و دواکەوتن و پوکانەوە دەبن. بۆیە تێکشکانی ژن یەکسانە بە تێکشکانی کۆمەڵگە،

> دەبێت ئەو حەقیقەتە چاک بزانین کە نە حیجاب.. نە سفور شارستانیەت و پێشکەوتن و ئازادی بۆ کۆمەڵگە فەراهەم ناهێنن

> نەگبەتی و خەفەتی هەرە گەورەی ئێمەی موسڵمان ئەوەیە کە بە بیری مردووەکان شەنوکەوی باسە نوێیەکان دەکەین

بەپێچەوانەوەش رۆشنبیربوونی ژن یەکسانە بە رۆشنبیربوونی کۆمەڵگە، چونکە رۆشنبیربوونی ژن لەکۆمەڵگەدا پێوەرە بۆ پێشکەوتنی گەل و نەتەوە و شارستانیەتەکان.

رای من لێرەدا، نە بابەتی فێمینیزم (النسویە/ feminisme) و نە هەیمەنەی پیاو و بیری نێرسالاری (التسلط الذكوري)، مەحەلیان لە وەحی ئیلاهی و عەقڵ و واقیعدا نییە، چونکە ژن و پیاو هەردووکیان پێویستیان بە یەکە و تەواوکەری یەکترن نا لەبەر نەقس و بوونی خەلەل لە یەکێکیان، بەڵکو لەبەر باشترکردن و جوانترکردنی ژینی ئەوی دیکە بۆ گەیشتن بە لوتکەی کامەرانی و بەختەوەری.

لە ئەڵقەی پێشوودا تیشکم خستە سەر چەند ریوایەتێکی تەلمودی کە لە (بوخاری و موسلیم- بەهەشتی ئیسرائیلیات)دا هاتوون و لە دونیای وتاربێژ و ئەمیرەکاندا بەرگی قودسیەتیان بەبەرداکراوە.

سەردەمانێک ئەم تەلمودە چەکی دەستی سوڵتان و واعیزەکان بوو بۆ شەرعیەتدان و تێرکردنی نەزەواتەکانیان!.

واعیزەکان، گەورەترین بەڵگەی شەرعییان ئەم فیکرە تەلمودییە مەلعونە بوو بۆ سەرکوتکردن و پێشێلکردنی مافەکان و تەسخیرکردنی کەنیزەکان بۆ هەوەسە شەهوانییەکانی سوڵتان.

ئەوان درێغییان نەکرد لە جێبەجێکردنی ئەم ئەدایەدا. چیرۆکی قازی ئەبو یوسف، قوتابیە "هەڵگەڕاوە"کەی موجتەهید و بیرمەندی گەورەی موسڵمانان ئەبو حەنیفە لەگەڵ خەلیفەی عەباسی (هارون رەشید)دا نموونەیەکی بەرچاوی ئەم باسەن: سەرنجی "تاریخی خولەفای سیوتی" بدەن، لەوێدا باسی هەوەسی جنسیی خەلیفەکان دەکات، بەتایبەتی هارون رەشید کە بووەتە وێردی سەر زوبانی رۆشنبیرانی شەرق و غەرب، تەنانەت لە دراما و فیلمەکانیشدا رۆڵی "پاڵەوان" بە هارون دراوە. بەهەمانشێوە "بەغدادی و ئیبنولجەوزی"یش ئیشارەتیان پێداوە.

سیوتی بۆمان دەگێڕێتەوە کە خەلیفە هارون شەیدای کەنیزەیەک دەبێت لەکۆندا حەڵاڵی باوکی بووە، بەڵام ئایەتی ((ولا تنكحوا ما نكح آباؤكم من النساء)) رێگر دەبێت لەبەردەم شەبەقیەتی هاروندا، بیری خەلیفە لەوەدا دەبێت چۆن حەڵاڵی بکات! بەدوای قازی ئەبو یوسف دەنێرێ بۆ فەتوادان لەپێناو ئۆقرەگرتنی دڵی بریندداری ئەویندار! جەنابی قازی فەتوایەک دەردەکات و کەنیزەکە بۆ هارون حەڵاڵ دەکات بە فێڵێک لە فێڵە باوەکانی "فیقهی حیەل" کە بابێکە لە ئەبوابی فیقهی و لە زانکۆ دینییەکانیش وەک وانە دەخوێنرێ. بەمشێوەیە هەر کاتێک دڵی (پاشا رەشید) بکەوتایەتە لێدان، بانگی قازی ئەبو یوسفی دەکرد بۆ فەتوادان و چارەسەرکردنی کێشە نەهەمیەکانی و رزگارکردنی لەو قەیرانە!

لە چیرۆکێکی دیکەدا (سیوتی) باسی دەکات هارون رەشید بە ئەبو یوسف دەڵێت: "کەنیزەیەکم کڕیوە، (ئێستا) دەمەوێ بچمە لای پێش پاکبوونەوەی" (واتە پێش ئەوەی عیددەی کەنیزەکە تەواو بێت و بزانێت کە دووگیانە یان نا!) بۆیە بە موفتی دەڵێ: "چارم چییە و حیلە شەرعییەک"! ئەبو یوسف، ئەو نەهەم و قەیرانەشی بۆ حەل و تەمشیە دەکات! پێویست بە (سەرد) ناکات، دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوە ئیشارەت پێدراوەکان وەک (تاریخی مونتەزەمی ئیبن ئەلجەوزی، تاریخی بەغدادی/ عەللامە خەتیب بەغدادی، تاریخی بیدایە و نیهایەی ئیبن کەسیر، لەگەڵ تاریخی خولەفای سیوتی). متمانەم بەم چیرۆکە مێژووییانە نییە، لێ تەنیا وەک ناقیلێک بۆ ئاشنایەتی پەیداکردن هێناومەتەوە تا بزانن چی لەناو سیرە و توراس و کتێبە مێژوویی و ریوایاتەکانی تەلمودا بەیان کراوە.

خەلیفەکان بەرامبەر بە قورئان، حەیران و دەستەوسان بوون، چییان پێنەدەکرا، گەرنا بە کەیف و "سەیف"یان دەستکاری ئایەتەکانیان دەکرد! ئەوان قورئانیان بە بەربەست و لەمپەری گەورەی بەردەم نەهەم و غروور و توغیان و بوغرایی نەفسیان دادەنا! چاک لە مانا و فەحوای ئایەتەکان دەگەیشتن و دەیانزانی یەکسانی و دادپەروەریی قورئان مانای چی دەگەیەنێت، بۆیە تا حەددێک توانییان لەڕێگەی ئەم ریوایاتە تەلمودییە بەناو "نەبەوی"یانەوە سنوور بۆ قورئان بکێشن و بەربنە گیانی ئینسانەکان. لێ ئەوان عاجز بوون لەوەی بتوانن بە ئەرکی کرێتی گۆڕینی قورئان و دەستکاریکردنی پیتێکی هەڵبستن، چونکە کارێکی ئابڕووبەرانە بوو، لەلایەکی دیکەشەوە دەیانزانی خودا وەعدی پاراستنی کتێبەکەی داوە، بۆیە پەنایان بۆ چەندین رێچکە و رێباز و دامەزراندنی زانستی جۆربەجۆر برد بۆ تەوزیفکردن و ملکەچکردنی دەقەکان لەپێناو تەماع و تەمەتوع و مەرامی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییان، تەنانەت عەسکەریش، بۆ فراوانکردنی سنووری سووری دەسەڵاتیان.

بابەتی (ناسیخ و مەنسوخ) بۆ وێنە یەکێک بووە لەو بەناو زانستانەی کە لە رێگەیەوە شەرعیەت درا بە سەدان و هەزاران ئەحکام لەچەشنی هێرشکردنە سەر گەلان و حوکمی مورتەد و رەجمکردنی ئافرەتی بەمێرد لەکاتی زیناکردن و بە کۆیلەکردنی دیلەکان لە پیاوان و ژنان لەکاتی جەنگدا و...هتد. بۆ ئەم مەغزایانە چەندین بەناو حوکمی شەرعی و زانستی فیقهی سەریانهەڵدا و هاتنەکایەوە کە لە راستیدا لە خەنجەرێکی ژەهراوی بەولاوە شتێکی دیکە نەبوون بۆ خاسیرەی ئیسلام. ئەم بابەتە دوورو درێژە و لە داهاتوودا بۆی دەگەڕێینەوە گەر تەمەن رێگەی دا.

کاتێک باس لە یەکسانیی ژن لەگەڵ پیاودا دەبێتە تەوەر و بابەت، ئەوە خوێندنەوەی جیا، فۆرمی جیا، رای جیا، ئەزموون و رەوتی جیا سەرهەڵدەدەن. هاوکات نرخ و ئەرزشی بەهاکانیش نە لە یەکسانیی رەها و نە لە خێزان و نە لە تاک، بەڵکو لە دادپەروەری و تێخوێندنەوەی ژیرانەدایە بۆ دۆخی ژن و ئەرک و مافەکانی کە تێیدا ئەدوارەکان دابەشکراون لەسەر ئەرزی واقیع. بۆیە پەیوەستبوونی یەکسانی بە عەدالەتەوە، زەروورەتێکی حەتمیە بۆ تێپەڕاندنی قۆناغی مێژوویی و کەلتووری باو و رەوتە جوداخوازەکان لەپێناو بەرهەمهێنانی فیکری رۆشنگەری و بەختەوەری زیاتری ژنان. کەواتە ئازادی و بەختەوەری و رۆشنگەریی ژن لە بەشداریکردنی و پاراستنی سەنگیدایە نەک لە پەراوێزخستنی و پەڕاندنی لە کۆڕی خەبات. مەیدانخوازیی ژن، واتە بەرهەڵستی و بەرەنگاری بۆ ستاندنی ماف و بەدەستهێنانی داخوازییەکانی بە سەلماندنی توانست و بەهرەکان. دەبێت بەم چەشنە بێتە مەیدان نەک لە چاوەڕوانیی گۆدۆیەکدا بێت کە بە خۆزگە و هیواوە بڕوانێتە ئاسۆی دژواری. بەهەمان شێوە گەشەسەندنی شارستانیەت و پرسی پێشکەوتنی مرۆڤ گەر هیممەتی ژنی لەگەڵدا نەبێت سێکتەرەکانی ژیان لەپێشکەوتن دەوەستن.

دەبێ ئەم هەلومەرجە بسازێ، بەڵکو دەبێ ژن خۆی دروستی بکات و بیسازێنێ. دەبێ ئافرەت، ئەوینی ئەو دایکە پەرۆشەی هەمیشە لەبەرچاو بێت کە بۆ مەلۆتکەکەی دەیبەخشێت و دەینوێنێت. ئەو، هەموو دەم ژیانی لە مەترسیدایە لەپێناو کۆرپەکەی، بەڵکو هەندێجار لێی غافڵ دەبێت و کۆرپەکەی لەبیر دەچێت، بەڵام ئەو بە گریان دایکی ئاگادار دەکاتەوە بۆ پاراستنی لە برسێتی و پێداویستییەکانی، بەڵێ بە گریان! پێموانییە ژن ئەوەندە بێهێز و بێتوانا و بێ دەسەڵات بێت لە ستاندنی مافەکانی.

لێرەدا مەبەستم لە چەمکی یەکسانی، دادگەرییە، چونکە (یەکسانیی رەها) جۆرە ستەمێک لەخۆدەگرێت گەر بە ویژدانەوە لێی وردبینەوە، ئەمەش مانای کیماسی ناگەیەنێت دەرحەق بە ئافرەت، بەڵکو زیاتر بە جەوهەر و شکۆدارکردنیەتی. گەر خوێندنەوەیەکی خێرا بۆ مافەکانی ژن لەپەیمانە نێودەوڵەتیەکاندا بکەین، دەبینین جەخت و سووربوون لە یەکسانیی ژن لەگەڵ پیاودا لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا لە دەق و کۆنسێپتەکاندا هەستی پێکراوە: (باری کەسێتی، مافە مەدەنی و سیاسی و ئابوورییەکان). هەر دەرچوونێکیش لەم بنەمایانە گوزارشتە لە رەگەزپەرستی و جیاکاری دژ بە ژنان و ستەم لێکردنیان. ئەم یەکسانییە ئەنجام و دەستکەوتێکی سروشتی کەلتووری رۆژئاوایە کە پاشماوەی دروشمە هەرە زەقەکانی شۆڕشی ئیتاڵیا و فەڕەنسان، ئەو وڵاتەی کە بوو بەبناغەی شارستانیەتی رۆژئاوا بۆ مافەکانی مرۆڤ و تێیدا (ئازادیی تاک) بوو بە سەرچاوە. لەگەڵ ئەو داکۆکی و چەسپاندنەش، گەر (یەکسانی) پەیوەست نەکرێ بە (عەدالەتەوە) ئەوە بەرەو ستەمکاری و نادادی پەل دەهاوێ. ئەم خاڵەیە کە فەجوەی نێوان ئیسلامی تێکست و ئیسلامی تاریخی و پرەنسیپەکانی رۆژئاوای بۆ مافەکانی ژن فراوانتر کرد.

بێگومان ئەرشیفی فیقهی و کەڵەکەبوونی ریوایاتیش بە تێپەڕینی زەمەن مۆرکی نەگۆڕ وەردەگرن و دەبنە عەقڵی دەستەجەمعی لەناو کۆمەڵگەدا، دواتر بەرگی موقەددەسبوونیان بە بەردا دەکرێ، بۆیە کاری چاکسازی و چارەسەرکردنی کێشە و قەیرانەکان دژوارتر دەکات و بگرە دەچنە خانەی ئەستەمەوە. هەربۆیە سیستەمە شمولییەکان بەدرێژایی مێژوویان، پێویستیان بە توندوتیژی و بیری توندڕەوی هەبووە وەک پاساوێک بۆ مانەوەیان لەسەر کورسی بۆ درێژەدان بە مەرامەکانیان لە گشت کایەکاندا. بۆیە لای ئەوان بیری چاکسازی لە فیکری دینیدا هەمیشە رەتکراوەیە.

تەشریعاتی ئیلاهی، رەهەندو راڤەی تایبەتی خۆی لەمەڕ دۆزی ژن و کێشەکانی باری کەسێتی و ئەرک و مافەکانی وەک پرەنسیپ و هێڵە گشتییەکان دیاری کردووە.

ئێمە دەمانەوێ ئەو پارادۆکس و تێکگیرانەی (فیقهی) و (فیکری ئەحزابی دینی) و بیری سەلەفیەتی نوێی متوربەکراو بە ئەرشیفی بەساڵاچووی (تەلمود) لەگەڵ رەهەندە مرۆڤایەتییەکانی قورئان بخەینەڕوو لەمەڕ چەندان مەسەلە و بابەتگەلی گرینگ و هەستیار. بێگومان چاکسازی لە فیکری دینیدا وەک ئاو و هەوایە بۆ ئینسان. ئینجا رێخۆشکەرە بۆ چاکسازیی سیاسی کە لەوێوە پردێکی موحکەم و پەیوەندییەکی توندوتۆڵ شانبەشانی چاکسازی کۆمەڵایەتی فەراهەم دێت. بۆ لادانی ئەم کەلێنە و نەهێشتنی ئەو کۆسپ و سەقفە کۆنکرێتیانەی چەندین سەدەیە مرۆڤیان بە هیلاک بردووە، پێویستە جوانەمەردەکان بێنە مەیدان و بە تیشکی هزریان ئەم مەعمەعە فیکرییە بڕەوێننەوە و (فەوزای رەگەزی) بە (فیقهی نێرگزی) جێگۆڕکێ بکەن و شەڕ بە خاڵەکان لەسەر رەوشی وشەکان نەفرۆشن وەک ئەوانەی کە لەژیاندا هەر خەریکی خۆگونجاندن و ئاڵوگۆڕی فیکرن بە گونجاندن و سازاندن لەگەڵ رووداوەکاندا.

دەبێت ئەو حەقیقەتە چاک بزانین کە نە حیجاب (مەفهومی حیجاب لە قورئاندا واتایەکی جیای هەیە لەو مەفهومە باوەی موسڵمانان، مەبەست لە حیجاب، حاجز/ ستارە/ پەردەیە/ وەک بەربەستێک لە نێوان دوو کەسدا کە دەبێتە مانیع لە بینینی ئەوی دیکە، نەک شێوەی ئەو پۆشاکە باوەی ئێستا) نە سفور (مەبەست لە جلی فاشیۆن مۆدێلەکانە)، شارستانیەت و پێشکەوتن و ئازادی بۆ کۆمەڵگە و میللەتەکانیان فەراهەم ناهێنن، بەڵکو ئەوە عەقڵ و داهێنانە، داهێنانی عەقڵە لە هەردووکیان ئەو ئەرکە لە ئەستۆ دەگرێ.

نەگبەتی و خەفەتی هەرە گەورەی ئێمەی موسڵمان ئەوەیە کە بە بیری مردووەکان شەنوکەوی باسە نوێیەکان دەکەین و بەبیری ئەوان فیکر دەکەینەوە و لەناو دەقە مێژووییەکاندا هەناسە بڕکێی فیکرەکانمانە.

لە ئەڵقەکانی پێشوودا تیشکم خستە سەر هەندێک لەو خوزەعبەلاتانە. لێرەدا بەهۆی ئەو دەقە ترسناک و دروستکراوانەوە چەندان فەتوای غەریب و خەتەرناک بوونەتە بەرهەم و خوانی رۆژانەی گفتوگۆی فیکرو بیرکردنەوە کە ئافرەتیان بەم ریوایەتانە کردە قوربانی بیری نێرینە و بێبەشیان کرد لە زۆر شت، تەنانەت لە ئەرکە ئاینییەکانیشی بێبەش کرا بە پاساوی (سووڕی مانگانە!) کە لەداهاتوودا تاوتووی ئەم مەسەلەیەش دەکەین و بۆی دەگەڕێینەوە و تیشکی دەخەینە سەر بە ئایەتی قورئان. ئەم چەوتی و لار و لوێری و خراپ حاڵیبوونە و تێگەیشتنە سەقەتانە، روون و راست دەکەینەوە بە تەقویماتی قورئانی وەک حەکەم.

ئەمەش ستەمێکی دیکەی فیقهی نێرسالارییە کە لە ژن کراوە لەمێژوودا و ئێستاش باجەکەی دەدەن بە پاساوی هەبوونی بەناو "فەرموودەی پێغەمبەر". ئاخر کە (ستەم) تەمەنی درێژ بوو، دەرگای کاولکاری دەخاتە سەر پشت وەک ئیبن خەلدون لە (پێشەکی)یەکەیدا ئاماژەی بۆ دەکات. موسڵمانان زۆر بەخەستی و توندی، بە گەنج و پیر و لاویەوە، گیرۆدەی ئەم (فیقهی نیسفی ئەسفەلە) و بیرە ستەمکارییە بوونە...

**ماویەتی.**



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# ئەرێ کەی واز دێنن؟

لە کاتێکدا تەنگژەی سیاسی لە عێراقدا گەیشتووەتە لووتکە و سەرکردەکانی کورد یەک لە دوای یەک لە ریپۆرتاژ و دیمانەکانیاندا لەگەڵ کەناڵە عەرەبییەکان نائومێدیی خۆیان لە باشتربوونی ڕەوشی عێراق دەردەبڕن، کوردی داماو وەک ئەوەی نە بای دیبێت و نە باران، خەریکی شاییلۆغانە بۆ ئەوەی نوێنەر ڕەوانەی بەغدا بکات! مەبەست هەڵبژاردنی پەرلەمانییە لە عێراق. لافیتە و پۆستەری کاندیدەکان (ئەگەرچی دیارە پۆستەر گەورەکان لە پێشترەوە دیاری کراون کە دەچنە پەرلەمان) سەرانسەری کوردستانی تەنیوە، کوردستانێک کەوا چەندین مانگە بەدەست بێ مووچەیی و نانبڕینی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەناڵێنێ و پەرلەمانەکەشی هیچی لەدەست نایەت.

ئەساسەن ئەگەر کەمێک بگەڕێینەوە دواوە، دەبینین لە 10 ساڵی ڕابردوودا هێزی نوێنەرایەتیی سیاسی و پەرلەمانیی کورد، هێزێکی بچووک و ناکاریگەر بووە. تەنانەت یەک بڕیاری سیاسیی گرنگ نییە کە ئەگەر لە کوردستانەوە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان تەدەخولی تێدا نەکردبێت، بە نوێنەرانی کورد لە بەغدا جێگیر کرابێت. کورد نوێنەرایەتییەکی زۆر شکڵی و بێمانای لە بەغدا هەیە و ناشیەوێ دان بەوەدا بنێت کە دەسەڵاتی بەسەر هیچدا نەماوە.

ئەمڕۆ کورد بیانەوێ و نەیانەوێ بوونەتە بەشێک لەو شەرعیەتەی کە مالیکی پێویستی پێیە تا لە هەڵبژاردنی عێراقیدا دەستیبکەوێت و سەیرتر ئەوەیە کورد کارتێکی بەدەستەوەیە کە تا ئەو ڕۆژەی لەدەستی دابێت و بەکاری نەهێنێت، هیچ قیمەتێکی نییە. ئەگەر مەبەست لە بەشداری لە هەڵبژاردنەکان، ناردنی هەندێک خەڵک بێت (کە بەداخەوە دیسان هی وایان تێدایە عەرەبی نازانن) بۆ بەغدا و لێرە حیزبەکان لەکۆڵ خۆیانیان بکەنەوە، ئەوە لۆژیک نییە. کارتی بایکۆت، کارتێک بوو کە دەبووایە ئەمڕۆ بە بەکارهێنانی لەلایەن کوردەوە تێکڕای پرۆسەی سیاسیی عێراق ببردرێتە ژێر پرسیارەوە. سەرۆک وەزیرانێک کە بێ پەروا ئامادەی مساوەمە نییە و تا دەڕوا دیکتاتۆرتر و تاکڕەوتر دەبێ، شایەنی ئەوە نییە کورد یاریدەدەری بن لە دووبارە گەیشتنەوەی بە دەسەڵات. چونکە تەنانەت ئەگەر مالیکیش بۆ خولی سێیەم نەیەتەوە سەرکار (کە ئەوە زۆر زەحمەتە لە مالیکی بوەشێتەوە دەستبەرداری پۆست بێت) ئەوەی دوای ئەو دێت، قەت ناتوانێ لە مالیکی باشتر بێت.

بۆیە بینینی ئەو هەموو هاشوهوش و پارە خەرجکردنە لەو کاتەیدا کە فەرمانبەری ماڵوێران ڕۆژژمێری دەکات بۆ شاد بوون بە مووچەیەک کە هەقی خۆیەتی، نەک هەر زیادەیە بگرە زۆریش بێ مانایە. هەقە پێش ئەوەی خەڵک بچێتە سەر سندووقی دەنگدان (کە لە یاسای هەڵبژاردنیشدا دیتمان چۆن گورزێکیان لە دەنگدەرانی کورد دا) لە خۆی بپرسێت، بۆ دەنگ دەدەم؟ یان ئەوە گریمان دەنگم دا، ئەوەی دەچێتە بەغدا چی پێدەکرێت؟ ئەوانەی پێشتر ناردمانە بەغدا چییان پێکرا؟ کە دەنگدەر بتوانێ ئەو پرسیارانە وەڵام بداتەوە، ئیتر دەنگ نادات. لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا، سەرباری ئەوەی کە حیزبە سیاسییە کوردستانییەکان نەیانتوانی ئەو کارتە زێڕینەی پێیدەڵێن بایکۆت لە دژی پرۆسەی سیاسیی عێراق بەکاری بێنن، هەقە خەڵکی کوردستان خۆی ئەو کارتی بایکۆتە بەکاربێنێ و بە دەسەڵاتدارانی عێراقی و ئەمریکا بڵێت کە کورد متمانەی بە عێراق و پێکهاتە سیاسییە (ناشەرعییە)کەی نەماوە. بۆیەش (ناشەرعی) چونکە، یەک حیزب و تەنانەت یەک کەسە کە حوکمی وڵاتێک بەناوی عێراق دەکات و خەون بە قادسیەکەی سەددام و ئومولمەعاریکەکەیەوە دەبینێت. کورد بە بەشدارینەکردن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقیدا، دەتوانن ئەو ڕۆژە بکەن بە ریفراندۆمێک بۆ مانەوە یان نەمانەوە لەگەڵ عێراقدا.



ناسر باباخانی

# شەماڵێک لە باشوورەوە بەرەو ڕۆژهەڵات!

ئاماژەیەکی نۆستالۆژیک: ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو کە قوتابی دواناوەندی بووم، زۆر جاران نیوەڕۆیان کە بۆ فراوێن بەرەو ماڵ دەبوومەوە هەموومان لەسەر سفرە کۆدەبووینەوە. دایکم قابلەمە شۆرباوە بەتام و بۆنەکەی لە تەنیشت خۆی دادەنا و بەشی هەر کاممانی (سێ برا و دوو خوشک) لە قاپەکەمان دەکرد، بابم ڕادیۆکەی لەلای خۆی دادەنا.. بڕێکی دەست تێوەردەدا.. پاشان.. شمشاڵەکەی قالە مەڕە... چەند ئایەتێک لە قورئان بە دەنگی عەبدولباست... دواتر: ئێرە دەنگی کوردستانی ئێرانە! بێدەنگی باڵی بەسەر سفرەکەماندا دەکێشا... ئیتر ئەوان سەردەمان ڕووم لە هەر شوێنێک کردبوایە زایەڵەی ئەو دەنگە لە گوێمدا دەلەرییەوە... نەوەی ئێمە گۆشکراوی ئەم ڕادیۆیە بوو... ئەمە تەنیا سۆزێکی ڕۆمانسیانە نەبوو کە لە گۆشەنیگایەکی ئێگزیستانسیالیستییەوە گوزارە لە دڵەڕاوکێکانی تاکەکانی کۆمەڵگا بکا، بەڵکو گوتارێکی ئاوێتەی حزوور بوو کە باڵی بەسەر تەواوی کەلێن و قوژبنی کۆمەڵگادا کێشابوو.

***

پێموایە بۆ هەموو لایەک ئاشکرایە کە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا چۆناوچۆنە و ئێستا بەرەو چ ئاقارێک دەڕوا. کێشە ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان بڕستیان لە خەڵک بڕیوە و لە هەموو کاتێک زیاتر بە شێوەیەکی جیددی هەڕەشەی نکۆڵی لە شوناس و ناسنامەی نەتەوایەتی لەسەرە. کۆمەڵگایەکی داخراو کە لە هەموو مافە سەرەتاییەکانی ئینسانی بێبەش کراوە.

خەڵکی ئەم بەشەی کوردستان بە داخەوە لە هەمان کاتدا کە لە دۆخێکی خەسیودا ژیان دەبنەسەر، هەر لە دەیەی نەوەدەکانەوە کە قرمەی چەکی هێزی پێشمەرگە وەستاوە، تووشی نائومێدی بوون. کە دەڵێم وەستانی قرمەی چەک مەبەستم تەنیا خەباتی چەکداری نییە، بەڵکو ئاماژەم بە نەبوونی گوتارێکە (دواتر باس لەم غیابە- نەبوون- بێدەنگی لەهەمبەر حزوور- بوون- دەکەم) کە لە کۆتایی حەفتاکان تا سەرەتای نەوەدەکان گوتاری زاڵ بوو بەسەر کۆمەڵگادا، گوتارێک کە تەنانەت تەواوی ڕەهەندەکانی ژیانی تاکەکەسی و بنەماڵەییشی تەنیبوو.

دەستەواژەکانی ئەم گوتارە ببوو بە قەڵای بەرخودانی نەتەوەیی. ئەم گوتارە، گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەیی بوو، گوتارێک کە گرێدراوی "حزوور" بوو! حزوور بە واتای بوون بە واتای دەنگ!

***

ئێرە دەنگی کوردستانی ئێرانە! ئەم ڕستە بە ڕواڵەت ساکارە کە بە دەنگی وێژەرە بە توناکەی ڕادیۆی دەنگی کوردستان بڵاودەبووەوە وەها گوڕوتینێکی خستبووە ورەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە کە وەک تاقە سەرچاوەی باوەڕپێکراو بۆ ساتێکیش لە خەڵک دانەبڕا و بەردەوام لە ناو ماڵ، دووکان، کووچە و مەزرا، کوورەخانە و...هتد حزووری هەبوو. پتەوترین پردی پەیوەندی لە نێوان کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بەهێزترین حیزبی سیاسی ئەوان سەردەمان، پەیوەندییەکی ئۆرگانیک و زیندوو لەگەڵ کۆمەڵگا، پەیوەندییەک لەسەر بنەمای باوەڕ و کوردایەتییەکی بە کردەوە.

> **خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەست بەمە دەکا کە خەباتی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات چیتر ناتوانێ وەک سەردەمی ساڵانی 1980 - 1990 بێت**

تەنیا و تەنیا ئەم ڕادیۆیە بوو کە تەنانەت ئێستاشی لەگەڵدابێ سەرەڕای پێشکەوتی زانستی و تەکنیکی لە بواری ڕاگەیاندندا وەک کەناڵە ماهوارەییەکان، وێبسایتەکان و...هتد، هیچ کام لەم ئامرازانە نەیانتوانی جێگەی ئەم ڕادیۆیە پڕبکەنەوە! بێگومان هەروەک ئاماژەم پێکرد هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم "حزوور"ەی پێشمەرگەی کوردستان لە پانتایی جوگرافیای ڕۆژهەڵاتدا. ئەم بوونە لەڕاستیدا بوونی نەتەوەیەکی ستەملێکراو بوو و سەلمێنەری ئەو ڕاستییە بوو کە ئەم نەتەوەیە سەرەڕای نکۆڵی و ئاسیمیلەی دەسەڵات بوونی هەیە. هێما فیزیکییەکانی ئەم بوونە پێشمەرگەکانی کوردستان بوون و شەپۆلەکانی ڕادیۆی دەنگی کوردستان تەواوکەری ئەم هێمایە بوو. واتە حزووری پێشمەرگەی کوردستان و ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران گوزارەیان لە بزووتنەوەیەک دەکرد کە تێکڕای خەڵکی کوردستانی لەخۆدەگرت.

هۆکارەکانی حزوور بۆ غیاب واتە لە بوونەوە بۆ نەبوون، لە دەنگەوە بۆ بێدەنگی کە دواجار بووە هۆی ئەوەی گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەیی تووشی بنبەستێکی ستراتیژیکی درێژخایەن بێ (بۆ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان) زۆرن، بەڵام ڕەنگە بتوانین بەخێرایی لە چەند هۆکارێکدا پۆلێنبەندییان بکەین وەک:

نەبوونی ڕێبەرایەتییەکی کاریزماتیک، مەودا گرتنی ڕووناکبیرانی ناوخۆ لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی دەرەوەی وڵات بە تایبەتی و دواکەوتنی حیزبەکان لە کۆمەڵگا بە گشتی، نەبوونی پەیوەندییەکی ئەوتۆ لەگەڵ کوردی نیشتەجێی دەرەوەی سنووری کوردستان تەنانەت لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی باکوور و ڕۆژئاوا، کزی و لاوازیی ڕاگەیاندنی کوردی تا نزمترین ئاستی خۆی کە تەنانەت نەیانتوانی ڕۆڵی ڕادیۆکەی جاران ببینن، ناوچەگەرایی وەک پەتایەکی ماڵوێرانکەر، هەندێ کێشەی تاکەکەسی و ئەخلاقیی تاقمێک کە تا ئاستی نەتەوەیی بەرز کرانەوە تەنیا بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسی کە لە ئاکامدا بوونە لەمپەری دیالۆگ و لێکتێگەیشتن و دواجار بەرهەمهێنانی فەرهەنگێکی سیاسی نادیموکراتیک، لەکەناری ئەمانەوە گەشەی سیاسی لە باشوور و باکووری کوردستان وەک دوو گوتاری شوێندانەر کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لایەنگری خۆی پەیدا کرد. هەروەها ئەو بارودۆخەی کە لە باشووری کوردستان وەک دەسکەوتێکی نەتەوەیی وەدیهات و پاراستنی ئەم دەسکەوتە وەک بایەخێکی نەتەوەیی سەیر کرا. ئەمە کۆی ئەو خاڵانە بوون کە بارودۆخێکی وەک ئەمڕۆیان بۆ حیزبەکان خوڵقاندووە.

ئیتر وردە وردە دابڕانێکی گەورە لە نێوان کۆمەڵانی خەڵک و پێشمەرگەدا ساز بوو، ئیدی ڕادیۆش نەیتوانی ئەم کارکردەی کە پێشتر هەیبوو سەرلەنوێ بخاتەوەگەڕ، چون لەڕاستیدا ئەمە زۆریش ئاسایی بوو، واتە پێشمەرگەیەک لەگۆڕێدا نەبوو نە لە شار و نە لە دێهات تا وەک هێما و ڕەمزی نەتەوەیی درێژە بەم گوتارە بدات. ئەم بۆشاییە ڕادیۆشی پەکخست. دیارە دەکرێ لە زۆر لایەنەوە پاساوی ئەوە بێنینەوە کە بڵێین ئێستاش گوتاری نەتەوەخوازی بە تەواوی کەموکوڕییەکانیەوە هەیە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەمە کەمتر بەرهەمی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و زیاتر گوتارێکی بەرگریخوازانەیە لەهەنبەر گوتاری نەتەوەی باڵادەست کە حەولی سڕینەوەی شوناسی نەتەوایەتی دەدا.

خەڵکی کوردستان لە ڕۆژهەڵات بە تێکڕایی هەست بەمە دەکا کە خەباتی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چیتر ناتوانێ وەک سەردەمی ساڵانی 1980 - 1990 بێت و تازە بە جۆرێ خووی بەم غیابەوە گرتووە. ئەم وەچەیەی دەگاتێ لەگەڵ هێماکانی گوتاری ئەوان سەردەمان نامۆیە، هەربۆیە هیوادارە لە نەبوونی پێشمەرگەی کوردستان لە پانتایی جوگرافیای وڵاتدا، ئەڵتەرناتیڤێکی دیکە بتوانێ گوتارە زاڵەکەی دەیەی هەشتا و نەوەد پڕبکاتەوە، بەڵام بە هۆی ئەو هۆکارانەی باسمکردن حیزبەکانی ڕۆژهەڵات تا ئێستا نەیتوانیوە بەدیلێک بۆ ئەم گوتارەی گۆڕین بدۆزنەوە.

***

ئەو گوتارەی وەک گوتاری بێدەنگی باسی لێوەدەکەین، خۆی لە خۆیدا دەستەواژەیەکی دژوازە و ڕاستەوخۆ هەستی پێناکرێ، بەڵام زۆر جاران هەندێ ڕووداو لەمیانەی غیابدا شرۆڤە دەکرێن، ئێمە بۆ دەڵێین غیابی گوتاری نەتەوەیی؟ ئەم غیابە مانادارە، چون هەر شتێک کاتێک بوونی هەیە کە غیابێکی ڕێژەیی هەبێ، کەوابوو ئەم غیابە، ئەم نەبوونە، ئەم بێدەنگییەی ئێستا زۆر مانادارە، چون پێشتر حزوور و بوونێک هەبووە، بۆ هەستکردن بە پڕیی پەرداخێک دەبێ بزانی بەتاڵبوون چییە؟ کەوابوو ڕاستە گوتاری نەتەوەیی نەماوە، بەڵام بێگومان گوتاری بێدەنگی وەک ئەودیوی دراوەکە بوونی هەیە.

ڕەنگە گوتاری گۆڕین سەرلەنوێ بە فۆرمی پێشووەوە سەرهەڵنەداتەوە، چون ئەو هۆکارانەی ئاماژەم پێکردن لەمپەرن لەسەر ڕێی سازبوونەوەی و لەلایەکی دیکەوە هاوکێشە سیاسییەکانی کۆماری ئیسلامی و ناوچەکەش هەواڵی بارینی بارانیان پێ نییە! بەڵام گوتاری بێدەنگی کە باڵی کێشاوە بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە باوەڕی من گوتارێکی زیندووە و وەک ژیلەمۆی بن خۆڵەمێشە و نەرمەبایەکی پێویستە بۆ گەشانەوە. ئەمەش مسۆگەر نابێ مەگەر بە سازدانی گوتارێکی هاوبەشی سەرجەم هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە دواجار ئەم گوتارە هاوبەشە دەبێ ڕەگئاژۆ بکاتە ناوخۆی وڵاتەوە. ئەگەر وتە بەناوبانگەکەی دکتۆر قاسملوو وەبیربێنینەوە کە دەیگوت: ئێمە حیزبێکی مەسئوولین، با ئەم بەرپرسیارێتیە دیسان هەر بکەوێتە ئەستۆی میراتگرانی ئەو شەهیدە، واتە هەردوو باڵی حیزبی دیموکرات. خەڵک چاوەڕوانن... با ئەم شەماڵە لە باشوورەوە بەرەو ڕۆژهەڵات هەڵبکات!



قەرەنی قادری

# هەڵبژاردن، هاووڵاتیان و ڕاگەیاندن

لە 2014/4/30دا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی عێراق و نوێنەران بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەچێت. دوو هەڵبژاردنی گرینگ لە دوو یەکەی سیاسیدا، بێشک ئەرکی کەرەسەکانی ڕاگەیاندن قورس و ئاڵۆز دەکات. هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش لە کاتێکدا بەڕێوەدەچێت کە هەرێمی کوردستان هەر ئێستا دەستەویەخەیە دەگەڵ بەغدا تا کێشە هەنووکەییەکانی چارەسەر بکات. حکومەتی داهاتوو لە عێراقدا چۆن دەبێت، دەوری کورد لە حکومەتی داهاتووی عێراق و لە هاوپەیمانییەکاندا چۆن دەبێت، لەو پرسە گرینگانەن کە ئەو هەڵبژاردنە دەبێ وەڵامی بۆ ئەوانەش هەبێت.

بێگومان لەو دوو هەڵبژاردنەدا، دەوری کەرەسەکانی ڕاگەیاندن هەم گرینگن و هەمیش جێی سەرنجن. چونکە هاووڵاتیان تەنیا بە ڕێگەی کەرەسەکانی ڕاگەیاندنەوەیە کە دەتوانن ئاگاداری بەرنامە، دروشم و پاڵێوراوەکان ببنەوە.

ئەوە کەرەسەکانی ڕاگەیاندنن دەوری ئاڵقەی نێوان حیزبە سیاسییەکان و هاووڵاتیان دەگێڕن. ڕاکێشانی هەرچی زیاتری هاووڵاتیان بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان، لە یەکەم هەنگاودا یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی ڕاگەیاندن. ڕاگەیاندن دەتوانێت ئەم ئەرکە بەڕێوەبەرێت، ئەویش بەڕێگای ئاگادارکردنەوەیان لە مافی دیموکراتیکی خۆیان کە چۆن بەڕێگەی سیاسیی هێمنانە کێشەکان یەکلا بکەنەوە.

پێویستە ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بەوپەڕی بەرپرسیارێتییەوە زانیاریی پێویست بە هاووڵاتیان بگەیێنێت. لە پێشەوەی گشت زانیارییەکان، یاساکانی هەڵبژاردن و پێشێلکردنی یاساکانە کە دەبێ هاووڵاتیان بیزانن، هەروەها لە پرۆژە و پلانی ئەو حیزبە سیاسییانەی کە بۆیان هەیە پاڵێوراویان هەبێت، ئاگادار بکرێنەوە.

شیکردنەوەی دروشمەکان و پرسیار دروستکردن لە بەرامبەر هەر دروشمێکدا، یەکێکە لە کارە هەرە باشەکانی ڕاگەیاندن کە دەبێ لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا ڕەچاوی بکات. هەر دروشمێک هەڵگری کۆمەڵێک واتایە کە پاڵێوراو یان لیستێک بۆ گەیشتن بە دەسەڵات ڕایدەگەیێنێت. بەشداریی ڕاگەیاندن لە ڕەوتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بەو مانایەیە، پاڵێوراوان دەرفەتی ئەوەیان پێ بدرێت کە پرۆژە و پلانەکانیان بە باشی ڕابگەیێنن، هەروەها هاووڵاتیانیش زانیاری پێویستیان دەستبکەوێت.

پێکهێنانی دەرفەت بۆ کارناسان و لێکۆڵەران بۆ لێکۆڵینەوەی دروشم و پرۆژەکان، یارمەتییەکی باش بە دەنگدەران دەدات تا زانیارییەکی باش لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بەدەستبێنن. ئەم کارەی ڕاگەیاندن یارمەتییەکی باش بە بڕیاردان دەدات و چاوەڕوانییەکی ماقوولیش لە توانای دەسەڵاتی داهاتوو پێکدێنێ.

لە یەکێک لە بەندەکانی بەرنامەی ڕێکخراوی "ئاسایش و هاوکاریی ئەورووپا" بۆ "هەڵبژاردنی ئازاد و ڕەوا"دا هاتووە: "بۆ ئەوەی دیموکراسی پێشبکەوێت و پەرەبگرێت، دەبێ هاووڵاتیان زانیاری پێویستیان بۆ هەڵبژاردنی پاڵێوراوان بەدەست بگات". هەروەها "دەسپێڕاگەیشتنی حیزبە سیاسییەکان بە کەرەسەکانی ڕاگەیاندن، ئەویش بەبێ هەڵاواردن، بە کارێکی پێویست دەزانێت".

ئاشکرایە کە ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی ڕۆڵی سەرەکی لە پێکهێنانی ڕای گشتیدا دەگێڕێت. دیارە لە هەر وڵاتێکدا بەپێی تایبەتمەندی، ڕۆڵی یەک کەرەسە یان چەند کەرەسەیەک بەرز دەبێتەوە. لە وڵاتی ئێمەدا تەلەفزیۆن و ڕادیۆ دەوری سەرەکی دەگێڕن. دەستپێڕاگەیشتنی بەرامبەری لیست و پاڵێوراوان بە کەرەسەکانی ڕاگەیاندن، ڕەوتی هەڵبژاردن باشتر و هێمنتر دەکەن و بەدیموکراتیکردنیش قووڵتر دەکەنەوە.

بەڵام بەپێی ئەوەی کە زۆربەی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان خۆیان خاوەنی ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتین و هەر بە گوێرەی سامان و قەبارەیان جیاوازییان هەیە، چەشنێک نادادپەروەری دێنێتە کایەوە. بێشک ئەمەش کاریگەری لەسەر گەیاندنی پەیام و دروشمەکان لەناو هاووڵاتیاندا دەبێت.

چێکردنی هاوسەنگی لەنێوان حیزب و بەرنامەکانیان لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن لە ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتیدا کارێکی قورسە، بەڵام دەبێ بکرێت. تەلەفزیۆنی (ڕووداو) دەتوانێت ئەم دەورە بگێڕێت، نەتەنیا بە بەشداریی ئەوان، بەڵکو لەڕێگەی شارەزایان و کارناسانی کاروباری هەڵبژاردن و توێژەرە سیاسییەکانەوە، تیشک بخاتە سەر بەرنامە و دروشمی حیزبەکان.

یارمەتی و ڕێنوێنی پەیامنێران، ڕۆژنامەوانان و خاوەنانی ڕاگەیاندن بۆ ڕەچاوکردنی هاوسەنگی لە نووسینی ڕاپۆرتدا، هەروەها دوورکەوتنەوە لە نووسینی دنەدەرانە. بەرگرتن بە بڵاوکردنەوەی دەنگۆ، یەکێکە لە ئەرکە گرینگەکانی ڕاگەیاندن کە پێویستە ڕەچاو بکرێت.

- لەڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوەیە کە هاووڵاتیان زانیاری سەبارەت بە پلانی سیاسیی پاڵێوراوەکان بەدەستدێنن. لەم نێوەدا تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و تا ڕادەیەکی بەرچاویش ڕۆژنامەکان شوێنی سەرەکییان هەیە. بەپێی ئەوەی کە تەلەفزیۆن بە دەنگ، پیت و وێنەوە، کارتێکەریی لەناو هاووڵاتیاندا بەرچاوترە، بەرپرسیارێتی ئەم دەزگایە قورسترە.

- پێکهێنانی مێزگرد سەبارەت بە پلان و پرۆژەکان دەوری گرینگ دەگێڕێت. یەکێک لە تایبەتمەندیی مێزگردەکان ئەوەیە کە لیست و پاڵێوراوان بەشێوەیەکی یەکسان، هەروەها پێکەوە لە کەرەسەکانی ڕاگەیاندندا بەشدار دەبن. لە لایەکی دیکەشەوە، ئەم ڕووبەڕوو دانیشتنە دەتوانێت کەشوهەوایەکی هێمن و دۆستانە پێکبێنێ.

- گرینگیدان بە بەرنامەی لیست و هاوپەیمانەکان، گرینگترە لەوەی کە بایەخ بە ناکۆکیی نێوان لیستەکان بدرێت. لە پلەی یەکەمدا، پێویستە بایەخ بە بەرنامەی لیست و گرووپەکان بدرێت، دووەم شوێن بە جیاوازییەکان بدرێت.

- پێکهێنانی کەشوهەوای هێمن و دوور لە گرژی بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان و پارێزگاکان، هەروەها پاراستنی ئەم کەشوهەوایە، بەشێکی دەکەوێتە سەرشانی ڕاگەیاندن. کەشوهەوای هێمن و هەڵبژاردن، پێکەوە مانا دەدەن.

لە جیهانی ئەمڕۆدا، ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی (ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، چاپەمەنی و ئینتەرنێت) بەشێکی جیانەکراوەیە لە دیموکراسی و هەڵبژاردن، هەروەها بەشێکن لە مافی مرۆڤ، چونکە هاووڵاتیان بەڕێگەی ئەو کەرەسانەوەیە کە دەتوانن باشترین بڕیاری خۆیان بدەن. بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکان بەباشی بەڕێوەبچن، پێویستە کەرەسەکانی ڕاگەیاندن بە وردترین شێوە زانیاری بە هاووڵاتیان بگەیێنن.



ئەیوب نووری *

## ڕووداوی ئینگلیزی دەنگی کورد بۆ هەموو جیهان

# گەورەترین دەزگاکانی جیهان سوودیان لە ڕووداو وەرگرتووە

ڕووداوی ئینگلیزی یەکێکە لە پایە سەرەکییەکانی تۆڕی میدیایی ڕووداو. ئامانجی بەشی ئینگلیزی ڕووداو هەمان ئامانج و بەرنامەی بەشەکانی دیکەیە بەشێوەیەکی گشتی: گەیاندنی هەواڵ و زانیاری بەشێوەیەکی دروست، بێلایەن و بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی کاری ڕۆژنامەڤانی. پەیوەندییەکی بەهێز و گشتگیر هەیە لەنێوان ڕووداوی ئینگلیزی، تەلەڤزیۆن، پۆرتاڵ، ڕۆژنامە و ڕادیۆی ڕووداو کە کۆڵەگەکانی ئەم تۆڕە پێکدەهێنن.

بەڵام لەگەڵ ئەو ڕاستییەشدا، فۆکەسی ڕووداوی ئینگلیزی، ئەم بەشەی لەکۆی بەشەکانی دیکەی ڕووداو جیاکردووەتەوە. تارگێتی سەرەکی ڕووداوی ئینگلیزی جیهانی دەرەوەیە. لەڕێی بڵاوکردنەوەی بابەتی سیاسی و ئابووری و کەلتوورییەوە. ڕووداوی ئینگلیزی بووەتە پەنجەرەیەکی واڵا کە جیهان لەڕێگەیەوە ئاگاداری کوردستانە. لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و بۆچوون و ستوونی جۆراوجۆرەوە، دنیای دەرەوە بە یەک کلیک، بە چاوپێداخشانێکی خێرا بە پۆرتاڵەکەدا، دەزانن لە کوردستان چی دەگوزەرێت. ڕووداوی ئینگلیزی تەنیا دەنگێک نییە بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵکو بە لەبەرچاوگرتنی باڵانس لەڕووماڵکردندا، لەهەرچوار پارچەی کوردستانەوە بابەت و زانیاری کۆدەکاتەوەو لەسەر نەخشەی پۆرتاڵەکەی پێشکەشی جیهانی دەکات.

ڕووداوی ئینگلیزی بەختەوەرە بەوەی دەسترەسی هەیە بە سەروەتێک لە مەتیریاڵ کە ڕۆژانە پەیامنێرانی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی ڕووداو لە شار و شارۆچکەکانی باشوور، باکوور، ڕۆژئاوای کوردستان و بەشێوەی چاودێریش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بەرهەمیدەهێنن. لەڕێی کۆمەڵێک وەرگێڕی لێهاتوو، ئێدیتۆری بەئەزموونەوە دەکرێنە ئینگلیزی و بەستایلی ڕۆژنامەڤانی نێودەوڵەتی بڵاودەکرێنەوە. لەهەمانکاتدا ڕووداوی ئینگلیزی تۆڕێکی فراوان لە پەیامنێری تایبەت بە خۆی هەیە کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئەورووپا و ئەمریکای باکوورەوە سەبارەت بە دۆزی کورد، سیاسەت و چالاکییەکانی کورد لەهاوکێشە جیهانییەکاندا ڕاپۆرت دەنووسن و بەشێوەیەکی پرۆفێشناڵ و لەکاتی خۆیدا دەیگەیێننە دەست ئێدیتەر و بەرپرسانی پۆرتاڵەکە.

شانبەشانی پۆرتاڵ کە ڕۆژانە لە کاژێرە جیاوازەکاندا نوێدەکرێتەوەو ئەپدەیت دەکرێت، ڕووداوی ئینگلیزی بایەخی تەواوی داوەتە سۆشیال میدیا و لەسەر فەیسبووک و تویتەر پەیج و پلاتفۆرمی خۆی هەیە. زۆربوونی بابەتەکانی سەر پۆرتاڵ لە ژمارەی خوێنەرانی سەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکیشدا ڕەنگیداوەتەوە. لەماوەی تەنیا سێ مانگدا، ژمارەی ئەو کەسانەی شوێنکەوتووی پەیجی فەیسبووکی ڕووداوی ئینگلیزین 70 هەزار زیادی کردووە و ئێستا بووەتە زیاتر لە (139000) فان.

ڕووداوی ئینگلیزی هەر لەسەرەتای دەستبەکاربوونیەوە هەوڵیداوە خوێنەرەکانی خۆی بناسێت کە ئەمەش گرنگترین مەرجە بۆ سەرکەوتنی هەر ڕۆژنامەیەک (کاغەزی یان ئەلیکترۆنی). لەهەموو گۆشەو کەنارێکی دونیا خەڵکانی بیانی، کەسانی ئینگلیزی زمان و ئەو کوردانەی لە تاراوگە دەژین و بەئینگلیزی دەخوێننەوە، یان نەوەکانیان کە شارەزای زمانی کوردی نین، ڕۆژانە ڕوو لە ڕووداوی ئینگلیزی دەکەن. لەنێو ئەم خوێنەرانەدا، ژمارەیەکی بەرچاو دیپلۆماتکاری بیانی کە لەعێراق و کوردستان و وڵاتانی دراوسێ کاردەکەن بەدیدەکرێن. خوێنەرانی ڕووداوی ئینگلیزی لە پایەختە گرنگەکانی جیهان، وەک لەندەن و واشنتن هەن و زۆربەیان سیاسەتمەدار و خاوەن بڕیار و ئەندام پەرلەمانن. لینکی ڕاپۆرتەکانی ڕووداو لەنێوان سیاسەتمەداران و کارمەندانی حکومیی ڕۆژئاوایی و ڕۆژنامەنووساندا ئاڵوگۆڕ و شەیر دەکرێن. بەهەمان شێوە ڕووداوی ئینگلیزی بووەتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ زۆر لە زانکۆ، سەنتەرەکانی توێژینەوە و ڕێکخراوە جیاوازەکان کە بایەخ بە کاروباری کورد دەدەن. کۆمپانیا بازرگانییە بیانییەکانیش بەهەمان شێوە لەخوێنەرە بەردەوامەکانی ڕووداوی ئینگلیزین. ئەم ڕاستییە لەو ژمارە زۆرەی ئیمەیل و پەیوەندی و بەدواداچوونانەدا دەردەکەوێت کە ڕۆژانە دەگەنە دەست ڕووداوی ئینگلیزی. هەروەها ڕووداوی ئینگلیزی بەردەوام و بەشێوەیەکی فەرمی بانگهێشت دەکرێت بۆ زۆر لە کۆنفرانس و کۆبوونەوەو سەمینارە نێودەوڵەتییەکان، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو ڕاستییەی کە کە ڕووداوی ئینگلیزی لەنێو میدیای جیهانیدا جێ پێی خۆی کردووەتەوەو دانپێدانراوە وەک سەرچاوەیەکی پرۆفیشناڵی هەواڵ و زانیاری.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا، ڕووداوی ئینگلیزی بووە سەرچاوەی هەواڵ و زانیاری بۆ گەلێک لە ڕۆژنامە، تەلەڤزیۆن و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە کیشوەری ئاسیا، ئەورووپا و ئەمریکا. کەم ڕۆژ تێدەپەڕێت بێ ئەوەی لەلایەن ڕۆژنامەیەکەوە، یان ماڵپەڕ و تەلەڤزیۆنێکەوە پەیوەندی بە ستافی بەشی ئینگلیزییەوە نەکرێت بەمەبەستی وەرگرتنی مۆڵەت بۆ دووبارە بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی ڕووداو. زۆرجاریش بەبێ مۆڵەت وەرگرتن بابەت و لینکەکانی ڕووداو بڵاودەکەنەوە، بەڵام کرێدیت، واتە ئاماژە بە ناوی پۆرتاڵەکەمان دەدەن کە ئەمەش کارێکی ئاسایی و ڕێپێدراوە. زۆر لە ڕۆژنامەنووسان و توێژەرانی بیانی پێش سەردانی کوردستان، پەیوەندی بە ڕووداوی ئینگلیزییەوە دەکەن بۆ وەرگرتنی زانیاری و گایدەنس، بۆ بەدواداچوونی بابەت و ڕاپۆرتێک کە لە پۆرتاڵەکەمان بەرچاویان کەوتووە.

لە دەزگای BBC، ڕۆژنامەی فاینەنشاڵ تایمز، تایمی بەریتانی، NEW YORK TIMES، ڕۆژنامەی پراڤدا لە مۆسکۆ، ئێل دیاریۆی ئیسپانیا، لە ڕوپەبلیکای ئیتالیا و زۆر لە ڕۆژنامەکانی تورکیا، تەلەڤزیۆنی CNN، ڕادیۆی NPR، تەلەڤزیۆنی ABC، ڕۆژنامەکانی هیندستان، پاکستان، DER SPIEGEL ی ئەڵمانی، دەزگای هەواڵگریی شینوای چین، زۆربەی ڕۆژنامەکانی وڵاتانی عەرەبی و کەنداو، لەگەڵ تەلەڤزیۆنی (العربیە) و ڕۆژنامەی JERUSALEM POST ی ئیسرائیلی، ئاماژە بە ڕاپۆرتەکانی ڕووداوی ئینگلیزی کراوەو سوودیان لە بابەتەکانی وەرگرتووە. ئاژانسی AFP، REUTERS وێنەو زانیارییان لە ڕووداو وەرگرتووە. ئەمە جگە لەوەی کە لە وڵاتانی ئەڵمانیا، سوید، ئیتاڵیا، بەریتانیا پرۆفایلی تایبەت لەسەر ڕووداو نووسراوە. هۆکاری سەرەکی پشتبەستنی ڕۆژنامە جیهانییەکان بە ڕووداو، لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت کە ڕووداو هەمیشە هەوڵیداوە بابەتەکانی ئۆریجناڵ بن و بەرهەمی خۆی بن. ڕووداوی ئینگلیزی باوەڕی بەو بنەما ڕۆژنامەوانییە هەیە کە کوێت و زانیاری ئۆریجناڵ هێز دەبەخشێتە ڕاپۆرتەکە و پێگەی ڕۆژنامەکە لە ئاستێکی بەرزدا ڕادەگرێت.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا، زۆر لە ڕاپۆرت و وێنەکانی ڕووداو وەک سەرچاوە لە زانکۆکانی ئەورووپا خراونەتە بەردەم خوێندکاران. ڕاپۆرتێکی ڕووداو دەربارەی ئێران لە زانکۆی ناوەندیی ویلایەتی فلۆریدا لەلایەن مامۆستاوە سوودی لێوەرگیراوە. لە زانکۆی نەتەوەیی کۆریا سوود لە بابەتێکی ڕووداو وەرگیرا بۆ کۆنفرانسێکی تایبەت بە سووریا. مامۆستایەک لە زانکۆی زاگرێبی پایتەختی کرواتیا پەرتووکێک دەنووسێت دەربارەی کوردی ئێزدی و یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی ڕووداوی ئینگلیزییە. توێژەرێک لە ئەمریکا سەرقاڵی نووسینی پەرتووکێکی چوار بەرگییە دەربارەی جینۆسایدو سوودی لە ڕووداو وەرگرتووە وەک سەرچاوە، هەروەها وێنەیەکی کەرکووک بەکاردێنێت کە لەسەر پۆرتاڵی ڕووداوی ئینگلیزی بڵاوبووەتەوە. لەپاییزی ئەمساڵدا یەکەمین مۆزەخانەی مافی مرۆڤ لە کەنەدا دەکرێتەوە کە بەشێکی تایبەتە بە جینۆساید، لەو بەشەشدا وێنەیەکی هەڵەبجە دادەنرێت کە وێنەی ڕووداوەو بەڕێوەبەرانی مۆزەخانە مۆڵەتیان لە ڕووداو وەرگرتووە بۆ سوودوەرگرتن لێی.

لە چەند مانگی ڕابردووشدا بەڕێوەبەرانی ڕووداوی ئینگلیزی دەستیانکردووە بە جێبەجێکردنی ستراتیژێکی نوێ، ئەویش بریتییە لە ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی تایبەت لەسەر ئەو گەلە جیاوازانەی جیهان کە کورد نین، بەڵام لێکچوونی نزیک هەیە لەنێوان دۆزی نەتەوەیی ئەوان و کورددا. بۆ نموونە لەڕێی پەیامنێرانەوە، کۆمەڵێک ڕاپۆرت نووسراوەو بڵاوکراونەتەوە دەربارەی جینۆسایدی ئەرمەنەکان و بێدەنگبوونی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەئاستیدا. دەربارەی خواستی ئازەرییەکانی ئێران. بەدواداچوونی تایبەت کراوە دەربارەی دۆزی نەتەوەی بەلووچ لە ئێران و پاکستان، هەروەها دەربارەی گەلی تامیل لە سریلانکا. ئامانج لەم ستراتیژە گەیاندنی دەنگی ئەوان و ناساندنیان بووە بە کورد. لەهەمانکاتدا بەنووسین و بایەخدان بەو گەلانە، ڕووداوی ئینگلیزی سنووری جیۆگرافی خۆی فراوان دەکات و بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی و خێرا ژمارەی خوێنەرانی چەند هێندە زیاد دەکات.

***بەڕێوەبەری بەشی ئینگلیزیی ڕووداو**



هێمن عەبدوڵڵا

# جارێ نایگۆڕین

بڕوادەکەن کە ئێمە لەگەڵ گۆڕان نین؟ دەزانم بڕوا ناکەن، بەڵام تێبگەن کە جارێ نامانەوێ بیگۆڕین. ئێمە ئەوەین کە هەین، ناشمانەوێ بگۆڕێین بۆ ئەوەی کە چاوەڕوان دەکەن ببین.

ئەگەر هەر ناچاریش بین بگۆڕێین، بۆ ڕیش دەچین بەڵام لە گەڕانەوەدا سمێڵیشی لەسەر دادەنێین.

خۆشبینە ماستاوچییە دەسەڵاتپەرستەکان منەتی ئەوەمان بەسەردا دەکەن کە هەرچەندە ئێستا کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنە، بەڵام وەکو "وڵاتێکی دۆست و برا" نە تویتەر و نە یوتیووب و نە فەیسبووکمان لێ فیلتەر نەکراون. ئەمە وەکو نیوە ئایەتەکەی قورئان وایە کە دەڵێ "تخوونی نوێژ مەکەون"، بەڵام نیوەی دووەمی کە دەڵێ "کاتێک مەستن" فەرامۆش دەکرێت. چونکە فەیسبووکێک زۆرتر بۆ بڵاوکردنەوەی وێنەی دۆڵمە بەکاربێت و تویتەرێک یەک لەسەدی دانیشتووانی باشوور نەزانێ بەکاریبهێنێت و یوتیووبێک تەنیا گۆرانیی عەزیز وەیسی و قسە خۆشەکانی مەلا مەعاز و نازم عەبدوڵڵای لەسەر بڵاوبکرێتەوە چ پێویست دەکات فیلتەر بکرێت؟! ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن کاتێک فیلتەر دەکرێن کە هاووڵاتییانی باشوور بۆ دامەزراندنی تەختەکلیلی کوردی نەچنە لای "وەستا" و ئینتەرنێتیش بەشی ئەوە خێرا بێت کە دوو ڤیدیۆی پڕوپاگەندەی بەباشی پێ ئەپلۆد بکرێت.

ئێمە ناگۆڕێین تاوەکو وەلی ئەمرەکانمان "دەسەڵاتداران" هیلاک نەکەین بە قایلکردنمان بۆ دەنگپێدانیان. ئەو پیاوە گەورانە ئیشیان زۆرە و نابێ کاتیان بگیرێت بە ڕازیکردنی دڵی ئێمە. دەبێ لێیانگەڕێین کەی بەباشیانزانی بمانگۆڕن. پێویستە ڕێگەیان بدەین بیرمان بۆ بکەنەوە و چاکە و خراپەمان بۆ لەیەکدی جیابکەنەوە.

گۆڕان هێندە وشەیەکی خەیاڵی و جوانە کە لە وڵاتی ئێمەدا پارتی سیاسی هەیە بەوناوەوە. پارتێک کە چوار ساڵ پێش ئێستا هاتبوو بمانگۆڕێت، کەچی خۆی گۆڕا. پارتێک کە هاتبوو ڕزگارمان بکات لەو مۆدیلە بێزارکەرەی حیزبایەتیکردن و وڵات بەڕێوەبردن کە چەند ساڵ بوو لە کوردستان هەبوو، کەچی ئێستا خۆی بەجۆرێک بانگەشەی هەڵبژاردن دەکات ڕۆژانی شەڕی ناوخۆت بیردەهێنێتەوە.

لە وڵاتی ئێمەدا نەگۆڕان نیشانەی باشییە. کەسێک کە چەندین ساڵ ئەزموون پەیدادەکات و ڕەوشی ژیانی باشتر دەبێت یان پۆستێکی باڵای دەستدەکەوێت، ئەگەر وەکو خۆی مایەوە، دۆست و دوژمن پەسنی دەدەن و دەڵێن "خوا ڕاوەستاوی کات، هیچ نەگۆڕاوە!"

ئێمە نەفەسیشمان کورتە بۆ گۆڕان. پلانمان نییە و لە خۆگۆڕین زوو هیلاک دەبین. ئێمە جلەکانمان دەگۆڕین، خواردنی سەرسفرەکانمان، مۆدێلی ئۆتۆمبێل و ژمارەی نهۆمی خانووەکانمان، سەنگەری خەباتمان، تەنانەت هاوسەرەکانیشمان دەگۆڕین، بەڵام ئەوەی کە پێویستە بیگۆڕین نایگۆڕین. چش لەوەی دەوڵەت نین، ئابووریی پشتبەخۆبەستوومان نییە، زانست دەجووینەوە و بەرهەمناهێنین، بەرچاوڕوونیمان تاوەکو سبەی نییە، سیستمی تەندروستی و دادوەری و پەروەردەییمان وێرانە و کەس خاوەنی نییە. گرنگ ئەوەیە تێرین و خەمی نانی ئێوارەمان نییە. تا وابین بۆ بیگۆڕین؟



دەیڤد ڕۆمانۆ *

# دەنگدەری بێ چارە

پارتی داد و گەشەپێدان لە تورکیا، هەرچەندە نوقمی تۆمەتی جددی بووە، هەرچەندە یاسا لە دوای یاسا تێدەپەڕێنێت بۆ ئەوەی مافە مەدەنییەکان کەم بکاتەوە و وڵات بەرەو دەسەڵاتێکی تاکڕەوی ئاراستە دەکات، کەچی هێشتا لە هەڵبژاردنەکانی مانگی ڕابردوودا نزیکەی 43%ی دەنگەکانی بردەوە.

لە هەر دیموکراسیەکی ڕاستەقینەدا، ئەگەر تۆزێک لەو تۆمەتانەی کە درانە پاڵ ئەردۆغان و پارتەکەی بدرێتە پاڵ هەر حکومەتێکی دیموکراسی، ئەو حکومەتە بەرەو ڕووخان دەچێت، کەچی لە تورکیا بە پێچەوانەوە، سەرلەبەیانی دووشەممە ئەردۆغان بەبێ نیشاندانی پەشیمانی لەسەردێڕی هەموو هەواڵەکاندا بوو، بەڵێنی ئەوەی دەدا کە وا لە دوژمنەکانی بکات "باجی کارەکەیان بدەن". هەر هەمان ڕۆژ هەواڵێکی دیکە بڵاوبووەوە، سەرۆک وەزیرانی پێشووتری ئیسرائیل، ئێهود ئۆڵمێرت کە کاتی خۆی بەهۆی تۆمەتی گەندەڵییەوە لە دەسەڵات دوورخرایەوە، دادگایەکی ئیسرائیلی بڕیاری کۆتایی لەسەر کەیسەکەی دا و تۆمەتەکانی بەسەردا ساخ کردەوە.

لە کەیسی ئیسرائیلییەکەدا، ئۆڵمێرت نەیگوت ئەو تۆمەتی گەندەڵیانە پیلانێکن کە لەلایەن دوژمنانی ئیسرائیلەوە بۆ ڕووخاندنی حکومەتەکەی دارێژراون. هەزاران داواکاری گشتی و لێکۆڵەری پۆلیس لە کارەکانیان دەرنەکران و نەگوازرانەوە بۆ شوێن و ئەرکی دیکە. میدیاکانی ئیسرائیلی لەقاو نەدران و ترسیان لەوە نەبوو کە ڕاپۆرت لەسەر کەیسەکە بڵاوبکەنەوە. ئینتەرنێت، یوتیوب، تویتەر و هۆکارەکانی دیکەی پەیوەندیکردن سانسۆر نەکران و دانەخران. ئەو ئیسرائیلیانەی کە خۆپیشاندانیان لە دژی ئۆڵمێرت دەکرد بە بۆمبی فرمێسکڕێژ و ئاوی بیبەراوی و فیشەکی پلاستیکی بڵاوەیان پێ نەکرا. هەرچەندە دیموکراسی لە ئیسرائیل دیموکراسییەکی کامڵ نییە، بەڵام دەنگدەرانی ئیسرائیلی و کارمەندانی ئیسرائیلی هەرگیز بێ مانایەکی لەو جۆرەی ئەوەی تورکیایان قبوڵ نەدەکرد.

هەرچەندە هەندێک خروقاتی دەنگدان لە چەند ناوچەیەکی بەرچاوی وەکو ئەنقەرەدا ڕوویاندا، بەڵام هیچ کەس گومانی لەوە نییە کە AKP متمانەی خەڵکی جارێکی دیکە وەرگرتەوە. هەرچەندە ئەم هەڵبژاردنانە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان بوو، بەڵام زۆر کەس ئەم هەڵبژاردنانە وەکو پێوەرێک دەبینن بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کە بڕیارە لەمساڵدا بکرێت و هەڵبژاردنی پەرلەمان کە بڕیارە ساڵی داهاتوو بکرێت.

سەرەڕای ئەو هەموو سکاندالانە، بۆچی AKP هێشتا هەژموونی خۆی لە دەست نەدا؟ چ لێکدانەوەیەک بۆ ئەمە دەکرێت؟ ڕەنگە زۆر فاکتەر دەستیان لەم سەرکەوتنەی AKP دا هەبێت. لەوانەیە 43%ی دەنگدەران بڕوایان بە ڤیدیۆ بڵاوکراوەکان نەکردبێت کە تێیدا سەرۆک وەزیران بە کوڕەکەی دەڵێت ئەو چەند ملیۆن دۆلارەی لەماڵەوەیە بیباتە دەرەوە. (پۆلیس چەندین کارتۆنی پێڵاوی پڕ لە پارەی لە ماڵی یەکێک لە کوڕەکانی یەک لە وەزیرەکان دۆزییەوە). یان لەوانەیە ئەو دەنگدەرانە بڕوایان بەو فایلە دەنگییە نەکردبێت کە وەزیری دەرەوە، ئەحمەد داودئۆغلۆ و سەرۆکی میت هاکان فیدان و جێگری فەرماندەی سوپا باس لە دروستکردنی سیناریۆیەک دەکەن بۆ هێرشکردنە سەر سووریا. ئەگەر ئەم فایلانە ساختە بوونایە ئەوە بە ئاسانی دەکرا لەڕێگەی تاقیکردنەوەی دەنگی و چەندین ڕێگەی شیکاری دیکە بسەلمێنرابانایە کە ساختەن.

یان لەوانەیە زۆر لە دەنگدەران بڕوایان بە AKP کردبێت، کاتێک کە AKP دەڵێت ئەو فایلانە بەشێکن لە پیلانێکی دەرەکی، نەک جیابوونەوە لە هاوپەیمانە ئیسلامییەکەی، بزووتنەوەی گیولەن.

بەڵام یەکێک لە ئەگەرە ناخۆشەکان ئەوەیە کە 43%ی دەنگدەران ڕەنگە هەر بە شێوەیەکی ئاسایی گوێیان بە گوناهەکانی AKP نەدابێت. بەهۆی بوونی بەربەستی 10% بۆ گەیشتنە پەرلەمان. بۆیە پارتە بچووکە بەدیلەکانی تورکیا ڕووبەڕووی سەختیەکی زۆر دەبنەوە تا بگەنە پەرلەمان. ئەگەر دەنگدەران نەیانەوێت دەنگەکانیان بە هەدەر بچێت، ئەوە ناچارن دەنگ بۆ یەکێک لە سێ پارتەکەی دیکە (جگە لە AKP) بدەن. ئەو پارتانەش پارتی عەلمانی و کەمالیستین وەک پارتی گەلی کۆماری و پارتی نەتەوەپەرست (MHP) و هەروەها پارتی چەپ و عەلمانیی سەر بە کورد، واتە پارتی ئاشتی و دیموکراسی. زۆر لە تورکە دیندارەکان و کوردە دیندارەکان ڕاستەوخۆ جەهەپە و بەدەپە ڕەتدەکەنەوە، ئیدی هەرچەندە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا هەوڵیانداوە تۆنی عەلمانیبوونیان نزم بکەنەوە. زۆر دەنگدەری کوردیش دەنگیان بە AKP دا لەبری بەدەپە، ئەویش لەبەر ئەو ریفۆرمانەی کە AKP لەسەر مەسەلەی کورد و لەماوەی دەسەڵاتدارێتی خۆیدا ئەنجامی داوە.

سەرەڕای ئەمانەش، تورکە هەژارەکان بە بیریان دێتەوە کە زۆر پارتی دیکەش سکاندالی گەندەڵییان هەبووە (هەرچەندە سکاندالەکان ئەوەندە گەورە نەبوون) و ڕەنگە پێیانوابێت کە هیچ نەبێت سەرکردەکانی AKP خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن و هەلی کار دەڕەخسێنن و ئابووریی وڵات باشتر دەکەن، بەڵام لەولاشەوە هەندێک پارەی زیادە بۆخۆیان هەڵدەگرن لە پڕۆژە تایبەتەکانیاندا. بۆ خەڵکی هەژار هەلی کار و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان پێش ئازادییە مەدەنییەکان دێن.

بە کورتی، هاوپەیمانیەکەی AKP لەگەڵ کۆنزێرڤاتیڤە دیندارەکانی تورک و کورد، لەگەڵ ئیسلامیستەکان و ئەو دەنگدەرانەی کە تەرکیزیان لەسەر گەشەسەندنی ئابوورییە بەهێزتر و گەورەترە لە جەهەپەی عەلمانی و نیمچە چەپی کەمالیستی و مەهەپەی ناسیۆنالیستی تورکی توندڕەو و بەدەپەی عەلمانیی چەپی سەر بە کورد.

ئەوەی کە لەم هەڵبژاردنەدا تێداچوو، بەرپرسیارێتی حکومەت بۆ هەڵەکانی، سەروەری یاسا و شتە جوانەکانی دیموکراسی بوو.



عەبدولڕەحمان سدیق *
asidiq1962@yahoo.com

# بانگەشەی ژینگەدۆستانە

لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا کە لە ساڵی (2005)دا، نزیکەی 80%ی خەڵکی عێراق بە (بەڵێ) دەنگیان بۆ دا، ژینگە بۆ یەکەمجار لە دەستوورێکی هەمیشەیی و دەنگ بۆدراو و پەسندکراو لەلایەن زۆرینەی گەلانی عێراقەوە، جێگەی خۆی کردەوە لە ماددەی (33)دا بەم جۆرە:

یەکەم: هەموو کەسێک مافی ژیانی هەیە لەژینگەیەکی سەلامەتدا.

دووەم: دەوڵەت پاراستنی ژینگەو زیندە جۆرەکان و پاراستنیان لەئەستۆ دەگرێت.

کەواتە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان دوو مافی دەستووریدا کە یەکەمیان دەنگدانە بۆ هەڵبژاردنێکی پاک و دووەمیشیان مافی هەموو کەسێکە بۆ ژیان لەژینگەیەکی سەلامەتدا، پێویستە لایەن و قەوارە سیاسییەکان لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا پابەندی ئەم بابەتە ژینگەییانە بن:

## یەکەم: لەبەرنامەی هەڵبژاردندا:

1 – پێویستە بابەتی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە پەیڕەو و پرۆگرامیی هەڵبژاردندا هەبێت.

2– بەڵێن بدەن کە بەشێک لە چالاکییەکانی ساڵیاد و بۆنەکانیان بۆ هۆشیاریی ژینگەیی تەرخان بکەن.

3 – پشتگیریی ئەو یاساو بڕیارانە بکەن کە لە بەرژەوەندی پاراستن و چاککردنی ژینگەدان.

4 – چاودێریی وردی چالاکییەکانی هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت بکەن لەڕووی ژینگەوە.

5– هەوڵ بدەن بۆ تەرخانکردنی بڕێکی باش لەبودجەی ساڵانە بۆ بواری ژینگەپارێزی.

## دووەم: لەشێوازی هەڵمەتی هەڵبژاردندا

1 – لافیتەو نووسینەکانیان لەسەر پەڕۆ و کاغەز بن نەک لەسەر فلێکس نایلۆن کە دواجار بەئاسانی شی نابنەوەو زیان بە زۆر لە گیانەوەران و ڕووەک و خاکمان دەگەیەنن.

2 – بزمار بەکارنەهێنن بۆ داکوتینی لافیتە لەسەر درەختەکان، بەلافیتەش درەختەکان دانەپۆشرێن، چونکە بەم کارە زیان بە درەختەکان دەگات و کرداری ڕۆشنەپێکهاتنیشی کێشەی بۆ دروست دەبێت.

3 – جوانبینی و پاراستنی هەستی بینین ڕەچاو بکەن لە هەڵبژاردنی شوێنی هەڵواسینی لافیتەکانیان، چونکە بەهەڕەمەکی هەڵواسین دەبێتە هۆی تێکدانی هەستی بینین.

4 – زیادەڕەوی نەکەن لە بەهەدەردانی کاغەز و کارتۆن، چونکە هەر (1) تۆن لەکاغەز بەلای کەمەوە بەرهەمی بڕینەوەی نزیکەی (17) درەخت بووە.

5 – ماددەی پلاستیکی و نایلۆنی نەدرێتە دەنگدەر وەک بانگەشە، لەحاڵەتی گردبوونەوەی جەماوەریشدا پێویستە هەڵسوڕاوانی هەمان لیست دەبەی ئاو و پاشماوەی شتەکان کۆبکەنەوە، چونکە خاشاک زیان بەژینگەو مرۆڤ دەگەیەنێت.

**جا بۆ خۆبواردن لەم دیاردانە و هی دیکەش، ئەم پێشنیازانەی لای خوارەوە بەپێویست دەزانرێن:**

1 – دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە، بەهاریکاری لەگەڵ وەزارەتی شارەوانیدا بەردەوام بەدواداچوون بکەن بۆ زانینی ڕادەی کارکردنی لیستەکان بە ڕێنماییەکانی نێو یاسای ژمارە (8)ی ساڵی (2008)ی پاراستن و چاککردنی ژینگە.

2 – بەبەردەوامی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، حیزبە سیاسییەکان ئاگادار بکاتەوە لەو سزا داراییانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لەحاڵەتی سەرپێچیکردنی یاساکانی ژینگە و شارەوانی.

3 – هاندانی لیستەکان بۆ زیاتر بەکارهێنانی سایتە ئەلیکترۆنی و پەیجەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا.

4 – بەکارهێنانی شاشەی گەورەی ئەلیکترۆنی و تەلەفزیۆنی لە شوێنە گونجاوەکاندا.

5 – کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ناوی ئەو لایەن و قەوارە سیاسییانە ئاشکرا بکات کە پابەندی یاساو ڕێنماییە ژینگەییەکان نابن.

6 – گەڕانی لیژنەیەکی چاودێریی هاوبەش لەلایەنە پەیوەندیدارەکان بەسەر ئامرازەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن و لابردن و لێکردنەوەی لافیتەی پاڵێوراوە پابەندنەبووەکان بەڕێنماییەکانەوە.

7 – خۆ دوورگرتن لەبەکارهێنانی قافڵەی ئۆتۆمۆبێل وەک شێوازێکی بانگەشە، چونکە بەکارهێنانی هۆڕن زیان بەهەستی بیستن و باری دەروونیی هاووڵاتیان دەگەیەنێت و دووکەڵی ئەگزۆزیش زیان بەکۆئەندامی هەناسەی مرۆڤەکان دەگەیەنێت.

## سێیەم: ئەرکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی:

1 – تۆڕی ژینگەیی سەرتاسەری ڕێکخراوەکان بەدواداچوون بۆ پێشێلکارییە ژینگەییەکان بکات.

2 – هەوڵدان بۆ بەخۆماڵیکردنی ئەزموونە جیهانییەکان لە بواری هەڵبژاردن و هۆشیاریی ژینگەییدا.

3 – تێکەڵبوونی زیاتر لەگەڵ چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگە.

4 – هاریکاری لەگەڵ مامۆستایانی ئاینی بۆ تێهەڵکێشکردنی بابەتی ژینگەپارێزی لەگەڵ وتارەکانی ڕۆژانی هەینی.

***نووسەرو ڕۆژنامەنووس و یەکەم وەزیری ژینگەی عێراق لەدوای ڕووخانی ڕژێم**

WWW.RUDAW.NET
RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



ئیبرۆ یەشار بۆ (رووداو):

## من کوردم و خەڵکی ئاگریم

10

**خاوەنی ئیمتیاز** : تۆڕی میدیایی رووداو
**سەرنووسەر** : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
**جێگری سەرنووسەر** : سالّح قادر rodan@rudaw.net
**بەڕێوەبەرانی نووسین:** نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
**بەڕێوەبەری هونەری:** بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net
**ئەندامی شانازی ستاف** : عەبدوڵڵا قرگەیی
**دیزاینەران** : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net

REKLAM

